حکومەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

دانانی

جوگرافیا د. جەزا توفیق طالب بەیان حسین
احمد علی احمد

مێژوو رافدە عبدالله عبدالصمد عطا عبدالرحمن
شوان عثمان ئاراس فریق زینل
صلاح کانەبی اسماعیل

هاونیشتمانی بوون سەرکۆ احمد محمود کامل نوری علی

چاپی دوانزەهەم ٢٠١٦زایینی - ٢٧١٦کوردی - ١٤٣٧کۆچی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: عبید خضر فتح اللّه
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز ـ خالد سلیم محمود
جێبەجێکردنی بژاری هونەری: یوسف أحمد اسماعیل

جوگرافيا

بەشی یەکەم

دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیا

لەو کاتەی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی ژیاوە، تاوەکو ئێستاش زەوی کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبووەو هەروەها مرۆڤیش کاریگەری لەسەر رووی زەوی هەبووە. هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ بیری لە گۆڕانکارییە سروشتیەکان کە کاریگەری لەسەر هەموو دیاردە هەمە چەشنەکانی وەکو (لافاو، بومەلەرزە و گڕکانەکان) هەبووە، ئەم بیرکردنەوەیەش سەرەتایی دەرکەوتنی زانستەکان بوو.

جوگرافیاش یەکێکە لەو زانستانە:

پێناسەی جوگرافیا

زانستێکە لەدیاردە سروشتی مرۆییەکانی سەر رووی زەوی دەکۆڵێتەوە و شیان دەکاتەوە ، لە رووی لەیەکچوون و جیاوازی و کاریگەریان لەسەر یەکتری.

لقەکانی جوگرافیا:

جوگرافیا بە گشتی دەکرێت بە دوو لقی سەرەکی یەوە:

یەکەم: جوگرافیای سروشتی

لــە هــەموو دیــاردە سروشتییەکانی ســەر زەوی دەکۆڵێتــەوە، وەك بەرزونزمی، ئاوو هەوا، زیندەوەران.

دووەم: جوگرافیای مرۆیی:

ئەو بەشەی جوگرافیایە کە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی دابەش بوون، نیشتەجێ بـوون، پێکهاتــە کۆمەڵایــەتی و چــالاکییەکانی مرۆڤــ و پەیوەنـدی ئەمانە هەمووی بە لایەنە سروشتییەکانـەوە.

نـــــــەخـــــــشــــــــە

پێناسەی نەخشەو ڕەگەزەکانی نەخشە:

نەخشــە: هۆیەکی بە چاو بینراوی فێرکردنـە کـە بـە هـۆی وێنـەو هێماکـانی ناوییەوە هەموو دیاردە سروشـتییەکان و مرۆڤییـەکانی سـەر ڕووی زەوی بـە ئاسانی دەخوێنینەوەو شارەزایان دەبین، لەبەر ئەوەی چاوی مرۆڤ تەنها مەودایەکی دیاریکراو دەبینێت کەواتە مرۆڤ پێویستی بە نەخشەیە بۆ ئەوەی ڕووبەرێکی گەورەتر شارەزابێت و ببینێت، چونکە نەخشە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی بە بچووککراوەیی نیشان دەدات، گرنگە نەخشە ئەم ڕەگەزانـەی لای خوارەوەی تیادا بێت:

١- ناونیشان:

پێویستە هەموو نەخشەیەك ناونیشانێكی تایبەتی هەبێت كە ئەو ناونیشانەیە ناوەڕۆكی نەخشەكە ڕوون بكاتەوە، باشتر وایە هەر نەخشەیەك تایبەت بێ بەیەك بابەتی دیاری كراوەوە وەك:(نەخشەی ڕامیاری كیشوەری ئاسیا) یان نەخشەی (ڕووەكی خۆڕسك لە ئەوروپا) و جۆرەها بابەتی تر. مەرجە ناونیشانی نەخشە بە خەتێكی ڕوون و گەورە لە شوێنێكی گونجاوی نەخشەكەدا بنووسرێ. دەبێت هەموو نەخشەیەك چوارچێوەیەكی بۆ بكێشرێت.

٢- پێوەری نەخشە:

كاری نەخشە بریتی یە لە نواندنی ڕووبەرێكی فراوانی دیاردەكانی ڕووی زەوی بە بچووككراوەیی لەسەر كاغەز و لەبەر بچووكی ڕووبەری كاغەز لە چاو ڕووبەری دیاردەكان لەسەر زەوی لەبەر ئەوە پێویستە دیاردەكان كە دەخرێنە سەر نەخشە بچووك بكرێنەوە، بەڵام بە ڕێژەیەكی گونجاو كە ئەو ڕێژەیەش پێی دەوترێت پێوەری نەخشە كەواتە پێوەری نەخشە. بریتییە لە پەیوەندی دووری نێوان نەخشەو دوورییە هاو بەرامبەرەكانی لەسەر زەوی.

جۆرەكانی پێوەری نەخشە:

أ- پێوەری نوسراو:

ئەمە ئاسانترین و سادەترین جۆری پێوەرەكانی نەخشە كێشانە كە بەم شێوەیە دەنوسرێت:

(یەك سانتیمەتر بۆ یەك كیلۆمەتر) واتا یەك سانتیمەتر لەسەر نەخشە بەرامبەر بە یەك كیلۆمەترە لەسەر زەوی.

ب- پێوەری ژمارە:

ئەم پێوەرەیان لە شێوەی کەرت یان ڕێژەدا دەنووسرێت، پێوەری کەرتی بە شێوەی کەرت دەنوسرێت بەم شێوەیە ($\frac{١}{١٠٠٠٠٠}$) کە سەرەوەی کەرتەکە دووری دەنوێنێت لەسەر نەخشە، بەڵام ژێرەی نەخشە دووری دەنوێنێت لەسەر زەوی واتا ١ سانتیمەتر لەسەر نەخشە بەرامبەر ١٠٠٠٠٠ سانتیمەترە لەسەر زەوی.

پێوەری ڕێژەیی کە لە شێوەی ڕێژەدا دەنوسرێت بەم شێوەیە ١: ١٠٠٠٠٠ واتا ١ سانتیمەترە لەسەر نەخشە بەرامبەر ١٠٠٠٠٠ سانتیمەتر لەسەر زەوی.

ج- پێوەری هێڵێکرد:

لە شێوەی هێڵێك دا دەکێشرێت وەك لە وێنەی (١) دیارە کە هێڵەکە بەش بەش دەکرێت هەریەکە لەو بەشانە دووری دەنوێنێت لەسەر نەخشە بەرامبەری ژمارە دەنوسرێت بە کیلۆمەتر کە دووری دەنوێنێت لەسەر زەوی. پێوەری هێڵکرد بە پێوەرێکی باش دەزانرێت چونکە بەکارهێنانی ئاسانە بۆ دۆزینەوەی دووری تەنها بە ڕاستەیەك دوورییەکان لەسەر نەخشە دەپێوین پاشان ڕاستەکە دەخەینە سەر پێوەرە هێڵیەکە ڕاستەوخۆ دووریەکەمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر پێوەرەکە چەندە.



شێوەی ژمارە (١) جۆرەکانی پێوەری هێڵکرد

پێوەری ئاراستەکان:

چوار ئاراستەی سەرەکی هەیە (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا) لە نەخشەدا ئاراستەی باکوور بە شێوەی تیرێکی بچووك دەکێشرێت لە بەشی سەرەوەی نەخشەکەدا وە دیاری کردنی ئاراستەی باکوور زۆر گرنگە چونکە بەهۆی ئاڕاستەی باکوورەوە دەتوانین ئاڕاستەکانی تر دیاری بکەین، ئەگەر بەرامبەر نەخشەیەك بوەستین بەهۆی ئاڕاستەی باکوورەوە دەتوانین

باشوور دیاری بکەین کە پێچەوانەکەیەتی و دەستی ڕاستمان خۆرهەڵات دەبێت و دەستی چەپمان دەبێت بە خۆرئاوا. سەیری شێوەی ٢ بکە، هەروەها چوار ئاراستەی ناسەرەکی هەیە وەک (باکووری خۆرهەڵات، باشووری خۆرهەڵات باکووری خۆرئاوا، باشووری خۆرئاوا).

شێوەی ژمارە(٢) ئاڕاستەکان دیاری دەکات

کلیلی نەخشە:

ناتوانرێت نەخشە هەموو شتێکی لەسەر بنووسرێت لەبەر ئەوە ڕەنگ و هێماو هێڵ بەکاردەهێنرێت لە نەخشەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕواڵەتەکان و لەلای چەپی خوارەوەی نەخشە چوار گۆشەیەك یان لاکێشەیەك دەکێشرێت کە پێی دەوترێت (کلیلی نەخشە) هەموو ڕەنگ و هێمای ناو نەخشەکە ڕوون دەکاتەوە، ڕەنگ یەکێکە لەو ڕێگایانەی بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە جوگرافیەکانی سەر زەوی بەکاردەهێنرێت کە شاخەکانی ڕەنگی قاوەیی دەدرێتێ‌و دەشتەکان بە ڕەنگی سەوز نیشان دەدرێن و بانەکان بە ڕەنگی زەرد و ئاوەکانیش بە ڕەنگی شین دەنوێنرێت کە ڕەنگی شینی تۆخ بۆ زەریا قوڵەکان بەکاردەهێنرێت وە شینی کاڵ بۆ ئەو شوێنانەی کە قوڵی ئاوەکانیان کەمترە، سنوری دەریا و زەریاکانیش بە هێڵی شینی تێر

دەكێشرێت كە هێڵێكی پێچاو پێچە كە هێڵی بەیەك گەیشتنی ئاوی دەریا و زەریاكانە لەگەڵ وشكانی و پێی دەوترێت (هێڵی كەناراو).

نەخشەی ژمارە(١)
بەرزی و نزمی
رووی زەوی كیشوەری
ئەمریكای باشوور

جۆرەكانی نەخشە :

نەخشە چەند جۆرێكە، هەریەكەشیان دیاردەیەك یان زیاتر (سروشتی بن یان مرۆڤی) دەنوێنن، وە گرنگترین جۆرەكانی نەخشە ئەمانەن:

نەخشە سروشتییەكان :

ئەو نەخشانەی كە دیاردە سروشتی‌یەكان دەنوێنن وەك:

أ- نەخشەی بەرزو نزمی ڕووی زەوی:

ئەم نەخشانە بەرزو نزمی ڕووی زەوی دەنوێنن وەك چیاكان و بانەكان و دەشت و دۆڵەكان و ڕووبەری ئاوی و وشكانی كە ڕەنگەكان لەم جۆرە نەخشانەدا زۆر بەكار دەهێنرێت.

ب- نەخشەی ئاو و هەوایی:

ئەم نەخشانە دیاردەکانی ئاوو هەوا لەسەر زەوی نیشان دەدەن وەکو پلەکانی گەرمی پەستانی هەواو ئاراستەکانی باوشێ و باران لەم جۆرە نەخشانەدا ڕەنگ کردن و سێبەرو هێڵ بەکاردەهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی دابەش کردن دیاردە ئاوو هەواییەکان لەسەر ڕووی زەوی.



نەخشەی ژمارە (٢) نەخشەی دابەشکردنی تێکڕای باران بارین لە عێراق دا

ج- نەخشەی دەریا و زەریاکان:

ئەم جۆرە نەخشانە دابەش بوونی زەریاکان و دەریاکان نیشان دەدات، وە بایەخیش دەدات بە زانینی قوڵاییەکانیان کە بە هۆی ڕەنگە شینە پلە پلەکانەوە دەنوێنرێت ، کلیلی ڕەنگەکانیان بۆ دروست دەکرێت. هەروەها

ڕێڕەو و ئاڕاستەی تەوژمە دەریاییەکان و دیاردەی تری سروشتی دەریا و زەریاکان ڕوون دەکاتەوە.

د- نەخشە زیندەوانییەکان:

ئەم جۆرە نەخشانە دابەش بوون و جۆراوجۆری ڕووەك و ئاژەڵ دەنوێنێت لەسەر ڕووی زەوی بە شێوەی ڕەنگ یان هێما یان سێبەر وەك لە نەخشەی ژمارە (٣) دیارە.



نەخشەی ژمارە (٣) دابەشکردنی ڕووەکی خۆڕسک لە عێراقدا

نەخشە مرۆڤییەکان:

ئەم جۆرە نەخشانە دیاردە مرۆڤییەکان دەنوێنێت وەك:

أ- نەخشەی دابەش کردنی ئابووری:

ئەم نەخشانە گرنگی دەدەن بە لایەنی ئابووری وەك کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، کانزا، پیشەسازی، بازرگانی، ڕێگای گواستنەوە، وە گرنگی

دەدەن بە دابەش کردنیان بەسەر ڕووی زەویداو ڕەنگ و سێبەرو هێما بەکار دەهێنرێت لەم جۆرە نەخشانەدا، سەیری نەخشەی ژمارە (٤) بکە.



نەخشەی ژمارە (٤)

نەخشەی سامانی کانزا لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا

ب- نەخشەی دانیشتوان:

ئەم نەخشانە دانیشتوان دەنوێنێت لە ڕووی دابەشبوونیان و چڕییان و پێك هاتەیان، هەروەها مەڵبەندە ئاوەدانکراوەکانی شارو لادێ نیشان دەدەن بە شێوەی خاڵ و سێبەرو هێماو بازنە و ڕەنگ.

ج- نەخشەی ڕامیاری:

ئەو جۆرە نەخشانەیە کە یەکە ڕامیاریەکان نیشان دەدەن وەك وڵاتان بە شێوەی ڕەنگی جیاواز کە هەر دەوڵەتە بە ڕەنگێکی تایبەت نیشان دەدرێت.

نەخشە مێژووییەکان:

ئەم جۆرە نەخشانە کە دیاردەیەکی سروشتی یان مرۆڤی لە ڕابردوودا نیشان دەدەن وەك نەخشەی جەنگەکان یان نەخشەی ڕێگای بازرگانی کۆن، وە ئەم نەخشانە ڕەنگ و سێبەرو هێماو هێڵ یان تیر بەکار دەهێنن.

نواندنی هەندێ دیاردەی جوگرافی لەسەر نەخشە :

دیاردە جوگرافییەکان هێمای تایبەتییان هەیە بۆ نواندنیان لەسەر نەخشەو ئەمەش چەند هێمایەکن:

(أ) **رێگاکانی هاتووچۆ**: لەسەر نەخشە هێمای تایبەتییان هەیە وەك رێگای ئاسایی قیرتاوکراوی ئوتومبێل لەسەر نەخشە بە شێوەی هێڵی سوور دەکێشرێت بەڵام ئەگەر رێگاکە قیرتاو نەکراوبێت بە شێوەی هێڵی پچڕ پچڕی رەش دەکێشرێت، وە هێڵی ئاسن لەسەر نەخشە بە هێڵێك دەنوێنرێت کە بە هێڵی ورد بڕاوە یان لە شێوەی دوو هێڵی باریك و رەش کە تەریب ببێت بە یەکتری دەکێشرێت.

(ب) **شارەکان**: لەسەر نەخشە لە شێوەی بازنەی گەورەو بچووك دا دەنوێنرێت بەڵام پایتەختەکان لە شێوەی چوار گۆشەیەکی بچووك کە بازنەیەکی لەناودایە دروست دەکرێن.

(جـ) **سنوورەکان**: بە شێوەی هێڵی سووری پانی پچڕپچڕ دروست دەکرێن. بەڵام ئەگەر سنوری کارگێڕی بن بە شێوەی هێڵی رەشی پچڕپچڕ دروست دەکرێن.

(د) **رووبارەکان**: ڕوبارە وەرزییەکان (کاتیەکان) بە هێڵی پچڕپچڕی شین دروست دەکرێن. بەڵام رووبارە هەمیشەیەکان بە هێڵی شین بە گوێرەی فراوانی رووبارەکان تۆخ و خاڵ دەبێت.

(هـ) **رووبەرە ئاوییەکان**: دەریاچە وەرزییەکان و زۆنگەکان بە شێوەی پەڵەی شینی کاڵ کە بە هێڵی پچڕ پچڕ پڕ کراونەتەوە دەنوێنرێن. هێمای رەنگەکانی، نەخشە زۆر گرنگە چونکە زمانی نەخشەن و بە هۆیانەوە دەتوانین بە ئاسانی نەخشە بخوێنینەوەو تێیان بگەین.



نەخشەی ژمارە

– ٦ –

ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان

زاراوەکـــــان

١– جوگرافیا	Geography
٢– زانست	Scince
٣– زەوی	Earth
٤– جوگرافیایی سروشتی	Natural Geography
٥– جوگرافیایی مرۆیی	Human Geography
٦– نەخشە	Map
٧– ناونیشان	Title
٨– پێوەر	Scale
٩– باکوور	North
١٠– باشوور	South
١١– خۆرهەڵات	East
١٢– خۆرئاوا	West
١٣– هێما	Symbol
١٤– ڕەنگ	Colour
١٥– بازنە	Circle
١٦– خاڵ	Point
١٧– هێڵ	Line

پرسیارەکانی بەشی یەکەم

پ١/ پێناسەی ئەمانە بکە:

١- زانستی جوگرافیا.　　　　٢- جوگرافیای مرۆیی.

٣- نەخشە.　　　　٤- پێوەری نەخشە

٥- نەخشەی ڕامیاری.　　　　٦- نەخشەی مێژووییەکان.

پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

١- بوارەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیا بە گشتی دوو جۆرە:

١- .... ٢- ....

٢- لقەکانی جوگرافیای سروشتی ئەمانەن:

١- .... ٢- ....

٣- ....

٣- لقەکانی جوگرافیای مرۆیی ئەمانەن:

١- .... ٢- ....

٣- .... ٤- ....

٤- ڕەگەزە گرنگەکانی نەخشە بریتین لە:

١- .... ٢- ....

٣- ....

٥- گرنگترین پێوەرەکانی نەخشە ئەمانەن:

١- .... ٢- ....

٣- ....

٦- پێوەری کەرتی لە .... و .... پێك دێت.

٧- ڕەنگی ئاسایی جادەی قیرتاوکراو لەسەر نەخشەکان .... و قیرتاو نەکراوەکانیش بە هێڵی .... ی .... هێما دەکرێت.

٨- لەسەر نەخشە ڕوبارە وەرزیەکان بە شێوەی .... ی .... دەکێشرێت.

٩- بە شێوەیەکی گشتی نەخشە دوو جۆرە:

١- .... ٢- ....

١٠- نەخشە سروشتییەکان ئەمانەن

١- .... ٢- ....

٣- .... ٤- ....

پ٣/ هۆی ئەمانەی خوارەوە لێك بدەرەوە:

١- مرۆڤ لە مێژەوە زانیاری جوگرافی زانیوە؟

٢- نەخشە گرنگترین هۆی بەچاو بینراوی فێرکردنە؟

٣- پێوەری هێڵکرد لە جۆرە پێوەرەکانی تر باشترە؟

چالاکی:

قوتابی ئازیز هەوڵ بدە نەخشەیەك بكێشیت، بەڵام مەرجە گرنگەکانی نەخشەی تێدا بێت بەسەرپەرشتی مامۆستای وانەکەت.

بەشی دووەم

زەوی و پەیوەندی بە کۆمەڵەی خۆرەوە

پێشەکی:

لە پێشدا باوەڕ وابوو کە ئەم گەردوونە دوورییەکی دیاری کراوی هەیە، ژمارەی ئەستێرەکانیشی زۆر نییە ، بەڵام پێشکەوتنی زانیارییەکانی ئەستێرەناسی و بۆشایی ئاسمان ناسی و داهێنان و پەرەپێدانی ئامێری ئەستێرە بین بووە هۆی دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەو هەسارۆکەکان کە زۆر لە زەویمانەوە دوورن.

دانیشتوانی دێرینی وایان دەزانی کە خۆر چەقی گەردوونە وە هەروەها ئەو باوەڕەی کە لە ئەوروپادا تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست باو بووە دەیگوت ئەم زەویەی کە لەسەری دەژین چەقی گەردوون پێك دەهێنێت، بەڵام پاش پەیدابوونی لێکۆڵینەوەکانی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپا لە سەدەکانی (١٥–١٦) زایینی ئەوە چەسپاوە کە زەوی هەسارەیەکی سەر بە خۆرە وەك هەموو ئەو هەسارانەی تر کە بەدوایدا دەسووڕێنەوە و ژمارەی ئەم هەسارانەش (نۆ)یە: (عەتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ، موشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نیپتۆن، بلۆتۆ). سەیری شێوەی ژمارە (٣) بکە.

دووری زەوی لە خۆرەوە بە پلەی سێیەم دێت لە دوای هەردوو هەسارەی عەتارد و زوهرە، ئەم دوورییە وای لە زەوی کردووە کە ڕادەیەکی مام ناوەندی گەرمی خۆر وەربگرێت و ئەو ڕادەیەش بەس بێت بۆ بوونی ژیان لەسەری.



شێوەی ژمارە(٣) وێنەی کۆمەڵەی خۆرە

وە هەسارە گەڕۆکەکان لەم خاڵانەدا هاوبەشن:

١- شێوەی گۆیی یان نیمچە گۆیی.

٢- سووڕانەوەی بەدەوری خۆردا لە چەند خولگەیەکی جێگیردا بە پێچەوانەی خولانەوەی میلی کاتژمێرەوە.

٣- گەرمی و ڕووناکی لە خۆرەوە وەردەگرن، واتە نزیکترین هەسارە لە خۆرەوە گرمترینیانە.

شێوەی زەوی:

لە کۆندا بیروڕا وا بوو زەوی وەکو تۆپە، لە دۆڵی دوو رووباران بە بازنەیەکی خڕیان داناوەو لە دۆڵی نیل بە جەستەیەکی چەماوە وەسف کراوە، هەروەها ئەغریقییەکان هەمان بیروبۆچوونی میسرییە کۆنەکانیان هەیە. بیروڕای راستەقینە لە بارەی شێوەی زەوی لەسەر دەستی زانایانی موسوڵمان سەری هەڵدا بۆ نموونە خەوارزمی و ئیدریسی کە گۆیەکی لە زیو دروست کردبوو.

ئەو بەڵگانەی خڕێتی زەوی ئەسەلمێنن ئەمانەن:

١- بە دوا یەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ.

٢- لاربوونەوەی ئاسۆو لە سەر ڕووی زەویدا لە چاوی بینەر.

٣- دەرکەوتنی بەشە بڵندەکانی کەشتی پێش بەشەکانی تری کاتێك کە لە ڕۆخی دەریا نزیك دەبێتەوە وەك لە وێنەکەدا دیارە.

٤- گەشتی ماجەلان: پاش گەشتێکی دەریایی چەند ساڵە گەڕایەوە هەمان شوێن.

٥- مرۆڤ بەهۆی گەشتە ئاسمانییەکانەوە توانیویەتی وێنەی زەوی لە بەرزییەکی زۆرەوە بگرێت، وەك لە شێوەی ژمارە (٥) دیارە.



شێوەی ژمارە (٤) دەرکەوتنی سەرەوەی کەشتی

دەرکەوتنی کەشتی ونبوو بەهۆی خڕی زەوییەوە

جیاوازی نێوان هەسارە و ئەستێرە:

١- ئەستێرە تەنێکی گازییە، بەڵام هەسارە تەنێکی ڕەقە.

٢- ئەستێرە خۆی گەرمی و ڕووناکی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هەسارە گەرمی و ڕووناکی وەردەگرێت.

شێوەی ژمارە (٥)

(خڕێتی زەوی وەکو لە مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدات)

بەڵام پێشکەوتنی زانیاری ئەوەی چەسپاندووە کە شێوەی زەوی بە تەواوی خڕ نییە، بەڵکو شێوەیەکی وەك تۆپی لاپانی هەیە.

جووڵەی زەوی:

زەوی و هەسارەکانی تر لە جووڵەیەکی هەمیشەییدان لە ئەنجامی سوڕانەوەی زەوی و هەسارەکانی تر بە دەوری خۆردا جێگاکەیان لە ئاسمان دا بە بەردەوامی دەگۆڕێ لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت هەسارە گەڕۆکەکان. زەوی چەند جووڵەیەکی هەیە لەوانە، جووڵەی ڕۆژانە، و جووڵەی ساڵانە.

١- جووڵەی ڕۆژانە:

زەوی بە دەوری تەوەرە لارەکەی خۆیدا هەمیشە بەرامبەر بە خۆر دەسووڕێتەوە کە لارییەتێکەی (٢٣,٥) پلەیە لەسەر ئاستی ئەو ستوونەی هاتۆتە خوارێ و بۆیەك لایەو نەگۆڕە وەمەبەست لە تەوەری زەوی ئەو هێڵە خەیاڵییەیە کە بە ناوجەرگی زەوی دا تێدەپەڕێ و هەردوو جەمسەری باکوور و باشوور بەیەك دەگەیەنێ سووڕێکی تەواوی خولانەوەش بە (٢٤) کاتژمێر تەواو دەکات، بەڵام ئێمە هەست بەم جووڵانەوەیە ناکەین لەبەر ئەوەی زەوی و هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە بۆ یەك لاو بەیەك خێرایی دەجووڵێن لەئەنجامی جووڵەی ڕۆژانەی زەویدا دیاردەی بە دوای یەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ پەیدا دەبێت و ئەم دیاردەیەش لەبەر ئەم هۆیانە ڕوودەدات:

أ- شێوە گۆییەکەی زەوی.

ب- سووڕانەوەی زەوی بە تەوەرەکەدا هەمیشە لاری ئەم تەوەرەیە بۆ لایەکە.

جـ- بەردەوامی سەرچاوەی ڕووناکی (خۆر).

ئەگەر زەوی جێگیر بووایە واتە نەسووڕایەتەوە نیوە ڕووناکەکەی (ڕۆژ) دەبوو وە نیوەکەی تری تاریك (شەو) دەبوو.

لەو بازنـە پانیـە سـەرەكیانەی كـە لـە لێكۆڵینـەوەكانی ئـاوو هـەوادا بـە كەڵكە، بازنەی هێڵی یەكسانی، بازنەی پانی °٢٣,٥ بـاكوور كـە بـە خولگـەی قرژاڵ دەناسرێت، وە بازنەی پـانی °٢٣,٥ باشـوور كـە بـە خولگـەی كارژۆلـە دەناسـرێت، هـەروەها هـەردوو بازنـەی جەمـسەرەكان، (°٩٠) بازنـەی پـانی ٦٦,٥ باكوور كە بە بازنەی جەمسەری بـاكوور دەناسـرێت، وە بازنـەی پـانی ٦٦,٥ باشـوور كـە بـە بازنـەی جەمـسەری باشـوور دەناسـرێت، (بڕوانـە وێنەی ژمارە (٨) .



شێوەی ژمارە (٦)

وێنـەی شەو و ڕۆژ

٢- جووڵەی ساڵانە:

لـە كاتێكـدا زەوی بـە دەوری خـۆردا دەسـووڕێتەوە لـە جێگـای خـۆی ناوەستێت بەڵكو لەسەر خولگەیەكی جێگیر بە دەوری خـۆردا دەسـوڕێتەوە، ئەم خولانەوەیەش بە ساڵێك تەواو دەكات. ئەوەی تێبینـی دەكرێـت ئەوەیـە كە تیشكی خۆر بە ستوونی لەسەر هێڵی یەكسان نامێنێتـەوە بـەڵكو تیـشكە ستوونەكەی لە نێوان هەردوو خولگەی قرژاڵ و كارژۆڵە بە درێژایی ساڵ دێـت و دەچێت ئەویش بە هـۆی لاری تـەوەری زەوییـەوە وەك لـە پێـشتر باسمـان كرد بەم دیاردەیەش دەگوترێت (بزووتنەوەی بە ڕواڵەتی خـۆر) لـە ئـەنجامی جووڵانەوەی ساڵانەی زەویدا دیاردەی چوار وەرزە پەیدا دەبێت.

دەتوانین هۆیەكانی ڕوودانی چوار وەرزی ساڵ لەم خاڵانەدا كورت بكەینەوە:

أ- سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا بە ٣٦٥ ڕۆژو ٦ كات ژمێردا.

ب- هێڵكەیی ئـەو خولگەیـەی كـە زەوی لەسـەری دەسـووڕێتەوە بـە دەوری خۆردا.

جـ- لارێتی تـەوەری زەوی (دۆخـی زەوی) بـە ڕێـژەی (٢٣,٥) پلـە . بڕوانـە وێنەی ژمارە (٩)

بە دوایەكدا هاتنی چوار وەرزی ساڵ لەسەر دوو نیـوە گـۆی زەوی ڕوون دەكاتەوە.



شێوەی ژمارە (٧)

چوار وەرزی ساڵ

بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی:

١- بازنەکانی پانی:

ئەو بازنە خەیاڵییە نەبینراوانەن کە دەوری گۆی زەوییان داوە ژمارەیان ١٨٠ بازنەیە، ٩٠ بازنە لە نیوە گۆی باکوور، ٩٠ بازنەی تریش لە نیوە گۆی باشوور، سوودی ئەم بازنانە بۆ زانینی هەرێمەکانی ئاووهەوایە لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی.

* تایبەتمەندی بازنەکانی پانی:

أ- بازنەکانی پانی بازنەی تەواون دەوری گۆی زەوییان داوە.

ب- وشەی باکوورو باشوور لەگەڵ بازنەکانی پانیدا بەکاردەهێنرێت وەك ئەوەی بڵێین بازنەی پانی ٤٠° باکوور یان ٤٠° باشوور.

جـ- هەتا لە هێڵی یەکسانییەوە بەرەو جەمسەرەکان بڕۆین چێوەی ئەو بازنە بچووك دەبێتەوە، کەواتە گەورەترین بازنە هێڵی یەکسانیەو بچووکترینیشیان بازنەی ٩٠°.

د- بازنەکانی پانی تەریبن بە یەکتری واتە هەتا درێژییان بکەینەوە بەیەکتر ناگەن.

هـ- تەنها هێڵی یەکسانی بە هێڵی سفر یان هێڵی بناغە دادەنرێت هیچ هێڵێکی تر جێگەی ناگرێتەوە، چونکە گەورەترین بازنەیەو گۆی زەوی دەکات بە دوو بەشی یەکسانەوە.



شێوەی ژمارە (٨)

بازنەکانی پانی

- گرنگترین ئەو بازنانەی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کەشوهەوا بریتییە لە هێڵی یەکسانی، بازنەی٢٣,٥ باکوور و کە بەخولگەی قرژاڵ ناسراوە و بازنەی ٢٣,٥ باشوور بە خولگەی کارژۆلە ناسراوە، هەروەها بازنەی ٦٦,٥ باکوور و باشوور بە بازنەکانی جەمسەری ناسراوە.

٢- هێڵەکانی درێژی:

لە ڕاستیدا نیوە بازنەن یان کەوانەن، ئەمانیش هەر خەیاڵین لەسەر گۆی زەوی کێشراوون، هەردوو جەمسەری باکوور و باشوور بەیەکتری دەگەیێنن، ژمارە یان ٣٦٠ هێڵە ١٨٠ لەبەری خۆرهەلات و ١٨٠ تریش لەبەری خۆرئاوا، سوودی ئەم هێڵانە بۆ زانینی (کات)ە لە ناوچە جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی.

سوودی هەردوو کۆمەڵەکەش بەیەکەوە بۆ دۆزینەوەی شوێنە لەسەر گۆی زەوی.



شێوەی ژمارە (٩)
هێڵەکانی درێژی

نیشانەکانی هێڵەکانی درێژی:

أ– نیوە بازنەن لە جەمسەرەکاندا بەیەکدەگەن، واتە تەریب نین بەیەکتری.

ب– وشەی خۆرهەڵات و خۆرئاوایان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت چونکە ئەمانیش وەکو بازنەکانی پانی ژمارەکانیان دووبارە دەبێتەوە، کە دەڵێین هێڵی ٤٠ دەبێت دیاری بکەین ٤٠ی خۆر هەڵاتە یان خۆرئاوا.

جـ– لە هێڵەکانی درێژیدا هەر هێڵێك بگرێت بۆی هەیە بێتە هێڵی سفرو ببێتە بناغە بۆ دابەشکردنی هێڵەکانی تر، ئێستاکە هێڵی سفر – ئەو هێڵەیە کە بە ڕوانگە گەردونیەکەی (گرینویچ) ی نزیك لەندەندا تێدەپەڕێت – کراوەتە بناغە ئەوە بەڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتان بووە.

پەیوەندی نێوان هێڵەکانی درێژی و کات:

وەك دەزانرێت گۆی زەوی کە بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا دەسووڕێتەوە، بە ٢٤ کاتژمێر سووڕێك تەواو دەکات سووڕانەوەکەشی لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵاتە، بیرۆکەی پێوانەکردنی کاتی شارو ناوچەکان لەسەر ئەمەوە دروست بووە زەوی سووڕەکە بە ٢٤ سەعات تەواو دەکات، واتە لەو ماوەیەدا هەموو هێڵەکانی درێژی بە بەردەمی تیشکی خۆردا تێدەپەڕن، کەواتە لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ٣٦٠ هێڵی درێژی بە بەردەمی تیشکی خۆردا تێدەپەڕێت. ئایا بە سەعاتێك چەند هێڵ تێدەپەڕێت؟ وەڵامەکەی ٣٦٠÷٢٤= ١٥ هێڵ مانای وایە بە سەعاتێك ١٥ هێڵ بە بەردەمی تیشکی خۆردا تێدەپەڕێت، گەر بە یەك سەعات ١٥ هێڵ تێپەڕێت ئایا یەك هێڵ بە چەند تێدەپەڕێت ٦٠ ÷ ١٥ = ٤ دەقیقە زەوی لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات دەسووڕێتەوە کەواتە ناوچە خۆرهەڵاتییەکان لەکاتی خۆرهەڵاتندا زووتر خۆریان لێهەڵدێت لەچاو ناوچە خۆر ئاواییەکان، بە مانایەکی تر ناوچە خۆرهەڵاتییەکان کاتیان لە پێشترە لەچاو ناوچە خۆرهەڵاتییەکان بۆ هەر هێڵێکی درێژی ماوەی (٤) دەقیقەیە، بڕوانە وێنەی ژمارە (٦) و ژمارە (٧).

زاراوەکـــــــــان

Moon	١- مانگ
Sun	٢- خۆر
Heat	٣- گەرمی
light	٤- ڕووناکی
Star	٥- ئەستێرە
Planet	٦- هەسارە
Rotation of Earth	٧- سووڕاندنەوەی زەوی
Season	٨- وەرز
Parallet latitude	٩- بازنەکانی پانی
Meridians latitude	١٠- هێڵەکانی درێژی
Equator	١١- هێڵی یەکسانی
Tropic of cancer	١٢- خولگەی قرژال
Tropic of capricorn	١٣- خولگەی کارژوڵە
Arctic Circle	١٤- بازنەی جەمسەریی باکوور
Antarctic Circle	١٥- بازنەی جەمسەریی باشوور
North pole	١٦- جەمسەری باکوور
South pole	١٧- جەمسەری باشوور

پرسیارەکانی بەشی دووەم

پ١/ پێناسەی ئەمانە بکە:

١- بازنەکانی پانی. ٢- هەسارە گەڕۆکەکان. ٣- تەوەرەی زەوی.

پ٢/ ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکەو هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:

١- پێشکەوتنی زانیاری ئەوەی چەسپاندووە کە شێوەی زەوی بە تەواوی خڕە.

٢- سووڕاندنەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا وەك خولاندنەوەی میلی کات ژمێرە.

٣- هەتا بەرەو باکوورو باشووری هێڵی یەکسان بڕۆین چێوەی بازنەکانی پانی بچووك دەبنەوە.

٤- سوودی بازنەکانی پانی بۆ دۆزینەوەی شوێن و کاتە لەسەر گۆی زەوی.

٥- هەسارە گەڕۆکەکان گەرمی و ڕووناکی لە خۆرەوە وەردەگرن.

پ٣/ هۆی ئەمانەی خوارەوە دیاری یکە:

١- تیشکی خۆر بە ستوونی و نیمچە ستوونی لەنێوان هەردوو خولگەی قرژاڵ و کارژۆڵەدا بە درێژایی ساڵ دێت و دەچێت.

٢- هەست نەکردن بە جووڵەی زەوی.

٣- بوونی ژیان لەسەر زەوی.

پ٤/ ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە:

١- دووری زەوی لە خۆرەوە بە پلەی .... دێت لە دوای هەردوو هەسارەی .... و ....

٢- ژمارەی هەسارە گەڕۆکەکان کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە .... کە نزیکترینیان لە خۆرەوە .... وە دوورترینیان ....

٣- لە ئەنجامی جوولەی ساڵانەی زەوی‌دا دیاردەی .... پەیدا دەبێت، لە ئەنجامی جوولەی ڕۆژانەی زەوی دا دیاردەی .... پەیدا دەبێت.

پ٥/ بەدوایەکدا هاتنی چوار وەرزی ساڵ لە هەردوو نیوە گۆی زەوی باس بکەو پاشان بە وێنە ڕوونی بکەرەوە:

پ٦/ جیاوازی نێوان هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی چی‌یە ؟ بە وێنە ڕوونی بکەرەوە:

بەشی سێیەم

سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی

وەك دەزانرێت مادده لە سرووشتدا بە سێ شێوە دەبینرێت ئەوانیش ڕەق و شل و گازە، بەرگەکانی زەویش ئەم (٣) شێوەیەیان وەرگرتووە، کەواتە دەتوانین بڵێین زەوی بەم بەرگانە دەورە دراوە:

١- بەرگی ڕەق (بەرگی بەردین):

ئەمە ڕووبەرە وشکانیەکەی گۆی زەوییە واتە کیشوەرەکانە، پێکهاتووە لە تاشە بەرد کە هەندێکی لە ئەنجامی بە تێپەربوونی کات وردبووەو بۆتە خاك، ئەو خاکەش زۆرینەی بەرگە ڕەقەکەی داپۆشیوە، ڕێژەی ئەم بەرگە دەگاتە نزیکەی ٣٠٪ ڕووبەری گۆی زەوی.

٢- بەرگی ئاوی:

ئەو بەشە نزمەی گۆی زەوییە کە ئاو داپۆشیوە کەواتە مەبەست لەم بەرگە زەریاو دەریاو دەریاچەکانە ڕووبەرێکی گەورەی گۆی زەوی داگیر کردووە دەگاتە نزیکەی لە ٧٠٪ی ڕووبەری گۆی زەوی.

٣- بەرگی گازی:

ئەو بەرگەیە کە دەوری هەموو گۆی زەوی داوە بە وشکانی و ئاوەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری پێکهاتەکەی گازە وەکو گازی نایترۆجین و ئۆکسجین و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو بۆیە بەو ناوە ناو نراوە.

٤- بەرگی زیندەگی:

ئەم بەرگە لە ڕاستیدا بوونی نیە بەڵام لە تێکەڵەی ئەو (٣) بەرگەی سەرەوە دروست بووە، بۆتە مایەی دروست بوونی ژیان لەسەر گۆی زەوی

وەکو ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك، هەر لەبەر ئەمەشە ناونراوە بەرگی زیندەگی.

دابەشبوونی گشتی وشکانی و ئاو:

وشکانی و ئاو ڕووی گۆی زەوییان پێکهێناوە، وشکانی ئەو ڕووبەرانەی گۆی زەویین کە بەرزترن لە ئاستی ڕووی دەریاو ئاو داینەپۆشیون بەو ڕووبەرانەش دەگوترێت کیشوەرەکان (قارات) هەرچی ئاویشە ئەو ناوچە نزمە فراوانانە دەگرێتەوە کە پێیان دەگوترێت زەریا و دەریا و دەریاچەکان.

تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی وشکانی و ئاو:

گەر سەیری نەخشەی ژمارە (٧) و ژمارە (٨) بکەین کە دابەشبوونی وشکانی و ئاوی سەرگۆی زەوی پیشان دەدات ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە:

١- ڕووبەرە وشکانیەکەی گۆی زەوی لە ڕووبەرە ئاوییەکەی کەمترە چونکە ڕووبەرە وشکانیەکە دەوروبەری ٣٠٪ی ڕووی زەوی داپۆشیوە بەڵام ڕووبەرە ئاویەکە لە نزیکەی ٧٠٪ی گۆی زەوی داپۆشیوە.

٢- زۆرینەی وشکانیەکە کەوتۆتە نیوە گۆی باکووری زەوییەوە لە ٥٢٪ی نیوە گۆی باکووری زەوی وشکانیە، تەنها لە ٤٨٪ی ئاو دایپۆشیوە، بەڵام ئەو دابەشبوونە لە نێوە گۆی باشووری زەویدا پێچەوانە بۆتەوە، ڕێژەی ڕووبەرە ئاوییەکەی دەگاتە ٩٤٪ بەڵام ڕێژەی ڕووبەرە وشکانیەکەی تەنها لە ٦٪.

٣- بەشە وشکانییەکان لە نیوە گۆی باکووردا وا دەردەکەون کە پێکەوە بەستراون بەڵام لە نیوە گۆی باشووردا لەیەکتری دوور دەکەونەوە.

نەخشەی ژمارە (٧)

دابەشبوونی ئاوو وشکانی لە جیهاندا

نیوه گۆی وشکانی زەوی　　　　نیوه گۆی ئاویی زەوی



نەخشەی ژمارە (٨)

دابەشبوونی وشکانی و ئاو لە هەردوو نیوه گۆی زەوی

١- بەرگی ڕەق (بەرگی بەردین):

کیشوەرەکان ئەو بەشە (وشکانیە فراوانەیە کە لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزترە، ئەو کیشوەرانەی کە بەشە وشکانیەکەی گۆی زەوی پێکدێنن بریتین لە (٧) کیشوەر کە ئاسیا گەورەترینیانە ئوستралیاش بچووکترینیان، (بڕوانە خشتەی ژمارە (١)).

ناوی کیشوەرەکان و ڕووبەرەکانیان:

ز	ناوی کیشوەر	ڕووبەرەکەی بە کم[٢]
١	ئاسیا	٤٤٤١٣٠٠٠
٢	ئەفەریقیا	٣٠٣١٩٠٠٠
٣	ئەمەریکای باکوور	٢٤٢٤٧٠٠
٤	ئەمەریکای باشوور	١٧٨٣٤٠٠٠
٥	جەمسەری باشوور (ئەنتراکتیکا)	١٣١٨٠٠٠٠
٦	ئەوروپا	١٠٥٢٧٠٠٠
٧	ئوستراليا	٨٥١١٠٠

خشتەی ژمارە (١)

تێبینی: ئەم خشتەیە تەنها بۆ زانیاریە، نەوەک بۆ لەبەرکردن.

بەرزو نزمی ڕووی زەوی (تۆپوگرافیای زەوی):

بەرز نزمی رووی کیشوەرکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، ئەو ڕۆاڵەتانەش بەپێی ئاستی رووی ئاوی دەریا و زەریاکان دەپێورێت. بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت :

أ- دەشتەکان:

ئەو زەوییانەن کە بە زۆری ڕووەکانیان تەختەو لە ئاستی ڕووی دەریاوە هێندە بەرزنین، وردە وردە بەرز دەبنەوە بە جۆرێك لـە دەشـتە فراوانەکانـدا هەسـتی پێناکـەن، وەکـو دەشـتەکانی ڕافیـدەین لـە عێـراق و شـارەزوور لـە هەرێمی کوردستان.

وێنەی ژمارە (١٠)

وێنەی دەشتێک لە هەرێمی کوردستان

ب- دۆڵەکان:

ئەو زەوییە نزمە تەسکە لاکێشانەیە کە لە نێوان بەرزاییەکاندا درێژ دەبنەوە، لەگەڵ دروست بوونی چیاکاندا دروست بوون، یان بەهۆی داکشان و رۆچوون وداچوون. نمونەش بۆ ئەمە دۆڵی (خەرەند) لە رەواندوز.

ج- بانەکان:

ئەو زەوییە بڵندانەن کە ڕووەکەیان تەختە و لاپاڵەکانیان لە زۆرینەی لاکانیانەوە لێژن، هەندێك جار لەسەر ڕووەکانیان دۆڵ و چیاو گرد هەیە، نموونەش بۆ بانەکان، بانی (تبت) لە ئاسیاو کە بەرزترین و فراوانترین بانە لە جیهاندا.

د- گردو چیاکان:

گردەکان ئەو زەوییە بڵندانەن کە لاپاڵەکانیان زۆر لێژنین وەکو گردەکانی (حەمرین) کە سنوری سروشتی باشوری هەرێمی کوردستانە.
چیاکان: زەوییەکی بڵندن کە هەندێك جار بەرزییەکەی لە (١٠٠٠م) لەچاو زەوییەکانی دەوروبەری، لووتکەکانیان تیژن و لاپاڵەکانیان لێژن، هەندێك جار چیاکان بەیەکەوە دەبن وەکو زنجیرە یەك.
زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و پیرەمەگرون لە هەرێمی کوردستانی عێراق و چیاکانی هیمالایا لە ئاسیادا. وە هەندێك چیاش تەنها دەردەکەون جیاوازی لە نێوان چیاو گردا لە بەرزییەکەیان و لێژی لاپاڵەکان و تیژی لووتکەکانیاندایە.

وێنەی ژمارە (١١)

وێنەی گرد (تەپۆڵکە) لە هەرێمی کوردستان

وێنەی ژمارە (١٢)

وێنەی زنجیرەی چیا لە هەرێمی کوردستان

٢- بەرگی ئاوی:

ڕووبـــەرێکی ئـــاوی زۆر فـــراوان و قـــوڵن و دەوری کیشوەرەکانیان داوە، ئاوەکـەیان وەسـتاو نییـە بـە شـێوەی تـەووژم دەجوڵێـت، گـەورەترینیان زەریـای (هـێمن) بچووکترینیـشیان زەریـای بەسـتووی باکوورە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

زەریاکان و ڕووبەرەکانیان:

ز	ناوی زەریا	ڕووبەرەکەی ملیۆن کم٢
١	پاسفیك (هێمن)	١٦٥
٢	ئەتڵەسی	٨٢
٣	هیندی	٧٣
٤	بەستووی باکوور	١٤

خشتەی ژمارە (٢) تێبینی

دەریا هەر وەك زەریـا وایـە، بـەڵام ڕووبەرەکـەی بـچووکترەو دەوڵـەتان و بەشـەکانیان لێکجیـا دەکاتـەوە، ئـەوانیش دەکـرێن بـە چـەند بەشـێکەوە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- **دەریا دەرەکیەکان: (البحار الخارجية):**

ئەو ڕووبەرە ئاوییانەن کە کەوتوونەتە نێوان کەناری کیشوەرەکان و ئەو کۆمەڵە دورگەو نیمچە دورگەیانـەی کـە لـەزەریاکان جیـای دەکاتـەوە وەکـو دەریای چین و دەریای عەرەب.

ب- دەریا ناوەکیەکان: (البحار الداخلية):

ئەو ڕووبەرە ئاویانەن کە کەوتوونەتە ناو کیشوەرەکانەوە، بە گەرووی تەنگ بە زەریاکان دەگەن، وەکو دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور.

ج- دەریا داخراوەکان: (البحار المغلقة):

ئەو ڕووبەرە ئاوییانەن کە لە هەموو لایەکەوە بە وشکانی دەورە دراون و بە زەریاکان ناگەن، وەکو دەریای مردوو، دەریای قزوین.

گرنگی دەریاو زەریاکان:

١- زەریا و دەریاکان ڕێگەی گواستنەوەی هەرزان و ئاسانن بۆ گواستنەوەی شمەك و هاتوچۆ بەکاریان دەهێنێت.

٢- بەسەرچاوەیەکی گەورەی ڕاوەماسی دادەنرێت کە بەشێکی باشی خۆراکی دانیشتوانی جیهانی پێکهێناوە.

٣- زۆردەرامەتی تێدایە وەکو نەوت، خوێ، ئەسفەنج،مرواری

٤- کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئاووهەوای ناوچەکانی دەوروبەری.

٣- بەرگی گازی:

بەرگە گازەکەش بەشێکە لە زەوی وەکو بەرگە ئاوەکە و بەرگە ڕەقەکە، گرنگیەکی زۆری هەیە ناهێڵێت هەموو تیشکە زیان بەخشەکان بگەنە سەر زەوی، زەوی دەپارێزێت لەبەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی زۆری پلە گەرمی، دەنگ و شەپۆلەکانی پێدا دەگوێزرێتەوەو ڕووناکی ڕۆژ پێکدەهێنێت، ئەم بەرگە لە چەند گازێك پێکهاتووە لەوانە نایترۆجین ٧٨٪ و ئۆکسجین ٢١٪ واتە هەر بە تەنها بەو دوو گازە ٩٩٪ی پێکهاتەی ئەو بەرگە پێکدێنن،

گازەکانی ترو کەرەسە ڕەق و شلەکانی ناو ئەو بەرگە تەنها ١٪ بەرگەکە پێکدێنن، لە چەند چینێکی ئەستوورایی جیاواز پێکهاتووە.

لەناو ئەم بەرگەدا گۆڕانەکانی کەش و ئاووهەوا ڕوودەدات لەبەر گرنگی ئەو بابەتەو کاریگەرییەکانی لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ کەمێك بە درێژی تر باس لەو بەرگە دەکەین ئەویش لە ڕێگەی باسکردنی کەش و ئاوو هەواوە.

((ئاووهەوا))

کەش: (الطقس):

باری ئەو بەرگە گازەیە کە دەوری گۆی زەوی داوە لە ڕووی پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، با، شێ و دابارینەوە، بۆ ماوەیەکی کورت لە شوێنێکی دیاریکراودا، وەك ئەوەی بلێین کەشی ئەمڕۆی شاری هەولێر ساردو بارانە.

ئاووهەوا: (المناخ):

تێکڕای باری ئەو بەرگە گازەیە کە دەوری گۆی زەوی داوە لە ڕووی پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، با، شێ و داباریندەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێکی دیاریکراودا، وەك ئەوەی بلێین ئاوو هەوای ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان زستانی ساردو بە باران و هاوینی مام ناوەندی وشکە، لە ئەنجامی ئەو دوو پێناسەیە کورتەی کەش و ئاوو هەواوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە یەکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە، لەوەدا یەکدەچن، کە هەردووکیان لە بەرگە گازەکە دەکۆڵنەوە لە ڕووی ئەو چوار ڕەگەزە هاوبەشەی نێوانیانەوە بەڵام لەوەدا جیاوازن کەش لە بارودۆخە هەنووکەییەکەی بەرگە گازەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئاوو هەوا بۆ ماوەیەکی دورو درێژەو تێکڕاکانی باری کەشە.

ڕەگەزەکانی کەش و ئاوو هەوا:

کەش و ئاو و هەوا لە چوار (٤) ڕەگەز دەکۆڵنەوە گەر بە پێی گرنگی ڕیزیان بکەین ئەمانەن:

١- پلەی گەرمی.　　　　٢- پەستانی هەوا.

٣- بـــــــا.　　　　　٤- شێ و داباارین.

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە کەمێك بە درێژی تر لەسەر هەریەکەیان دەدوێین.

١- پلەی گەرمی:

بە ڕەگەزی یەکەمی کەش و ئاووهەوا دادەنرێت لە هەموویان گرنگترەو کار لەوانی تریش دەکات، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هەموو زیندەوەرەکانی سەر گۆی زەوییەوە هەیە کاردەکاتە سەر تەندروستی و گشت چالاکیەکانی مرۆڤ وەك کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و بازرگانی و پیشەسازی.

أ- سەرچاوەکانی گەرمی:

خۆر بە سەرچاوەی هەرە گەورەی گەرمی هەوای سەر گۆی زەوی دادەنرێت بە شێوەی وزە لە ڕێگەی تیشکەوە دەگاتە سەر زەوی پاش ئەوەی ڕووی زەوی بڕێکی لێدەمژێت ئەوی تری دەداتەوە بەوەش هەوای دەوروبەری گۆی زەوی گەرم دەبێت، جگە لە خۆر ناوجەرگەی زەویش بڕێکی زۆر کەم گەرمی دەدات بە بەرگە گازەکە ئەویش لە ڕێگەی گڕکان و فوارە گەرمەکانەوە، بڕێکی زۆر کەمی ئەو گەرمییەش دەستکردی مرۆڤە، کە سووتەمەنی بەکاردەبات بۆ پیشەسازی خۆ گەرم کردن و پێداویستیەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی.

ب– ئەو هۆیانەی کار لە پلەی گەرمی هەواکە دەکەن:

ئەو بڕە گەرمییەی کە لە تیشکی خۆرەوە بەرهەم دێت لە هەموو ناوچەیەك و لە هەموو کاتێکدا وەك یەك نیە، ناوچە هەیە ساردە، هەیە مام ناوەندییە، هەیە گەرمە، هەروەها بە گوێرەی کاتیش دەگۆڕێت، وەك جیاوازی نێوان پلەی گەرمی زستان و هاوین و شەو ڕۆژ، هۆی ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

١- گۆشەی تیشکی خۆرکەوتن:

مەبەست لەوە پێوانەی ئەو گۆشەیەیە کە تیشکی خۆرەکە لەگەڵ زەویدا دروستی دەکات، هەتا گۆشەکە ستوون و مەیلەو ستوون بێت ناوچەکە زۆرتر گەرم دەبێت بە پێچەوانەوە هەتا گۆشەکە لارو مەیلەو لار بێت ناوچەکە کەمتر گەرم دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ– تیشکی ستوون ماوەیەکی کەمتر دەبڕێت تا دەگاتە سەر زەوی، واتە لە ڕێگا کەمتر گەرمی بزر دەکات بە پێچەوانەی تیشکی لارەوە کە ماوەیەکی زۆرتر دەبڕێت و گەرمی زۆرتر بزر دەکات.

ب– تیشکی ستونی لە ڕووبەرێکی بچووکدا کۆ دەبێتەوەو زۆرتری گەرم دەکات، بەڵام تیشکی لار لە ڕووبەرێکی گەورەتردا کۆ دەبێتەوە و کەمتری گەرم دەکات.(بڕوانە شێوەی ژمارە (١٣).



وێنەی ژمارە (١٣)

تیشکی لارو تیشکی ستوون

٢- کورت و درێژی ڕۆژ:

هەتا ڕۆژ درێژتر بێت بڕێکی زۆرتر گەرمی لە تیشکی خۆرەوە بەرهەم دێت ئەمەش لە ڕۆژ درێژیی هاوینی کوردستاندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، درێژی ڕۆژی هاوین لە وڵاتی ئێمەدا دەگاتە نزیکەی ١٤ سەعات، بە پێچەوانەی ڕۆژی زستانەوە کە کورتەو دەگاتە نزیکەی ١٠ سەعات بەوەش ناوچەکە کەمتر گەرم دەبێت.

٣- پاکژی هەوا:

هەتا هەواکە پوخت و پاکژ بێت بڕێکی زۆرتر تیشکی خۆر دەگاتە سەر زەوی، گەر هەواکە پاکژ نەبوو تەپ و تۆزو گەردیلەی ڕەق و شل و هەڵمی ئاوی زۆرتر تێدابوو ئەوانە بەردەگرن لە تیشکی خۆر و گەرمی بەرهەم هێنانیش کەم دەکەنەوە.

لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی باسکرا دەردەکەوێت کە ناوچەکانی سەر گۆی زەوی گەرمییان وەك یەك نییە بۆیە دەتوانین لە ڕووی گەرمییەوە گۆی زەوی دابەشبکەین بەسەر ئەم ناوچانەی خوارەوەدا:(بڕوانە شێوەی ژمارە (١٤).



شێوەی ژمارە (١٤)
ناوچەکانی گەرمی سەر گۆی زەوی

١- ناوچەی گەرم:

دەکەوێتە نێوان هەردوو خولگەکەوە، خولگەی قرژاڵ لە باکوورو خولگەی کارژۆڵە لە باشوور، واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٢٣,٥° باکوور و باشوور، بە درێژایی ساڵ لەم ناوچانەدا و بە شێوەیەکی گشتی پلەی گەرمی بەرزە چونکە تیشکی خۆر بە شێوەیەکی ستوون یان نیمچە ستوون دەدات لەم ناوچانە.

٢- دوو ناوچەی فێنك:

أ- ناوچەی فێنکی باکوور: بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێوان خولگەی قرژاڵ و بازنەی جەمسەری باکوورەوە، واتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی ٢٣,٥- ٦٦,٥ باکوور.

ب- ناوچەی فێنکی باشوور: بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێوان خولگەی کارژۆڵەوەو بازنەی جەمسەری باشوورەوە، واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٢٣,٥ – ٦٦,٥° باشوور.

هۆی فێنکی ئەم ناوچانەش دەگەڕێتەوە بۆ لارێتی تیشکی خۆر.

٣- دوو ناوچەی سارد:

أ- ناوچەی ساردی باکوور: دەکەوێتە نێوان بازنەی جەمسەریی باکوور و جەمسەری باکوورەوە واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٦٦,٥° – ٩٠° باکوور.

ب- ناوچەی ساردی باشوور: دەکەوێتە نێوان بازنەی جەمسەریی باشوورو جەمسەری باشوورەوە واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٦٦,٥–٩٠ باشوور.

هۆی ساردی ئەم ناوچانەش لارێتی زۆری تیشکی حۆرە.

پێوانی پلەی گەرمی:

گەرمی بە پلە پێوانە دەکرێت، لە وڵاتی ئێمە ڕەچاوی پلەی سەدی دەکرێت سفر پلەی بەستنی ئاوەو ١٠٠ پلەی کوڵانێتی، کە دەگوترێت پلەی گەرمی ناوچەیەك لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ نموونە ٣٠° سەدییە ئەوە پلەی گەرمی ئەو هەوایەیە کە لە سێبەردا تۆمار کراوە، هەوایەکە جووڵەکەی ئازادەو لە بەرزایی ١,٥–٢ مەتردا تۆمار کراوە.

ئەو ئامێرانەی کە پلەی گەرمی تۆمار دەکەن گەڵێ شێوەو جۆری جیاوازیان هەیە (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٥ – ١٦ – ١٧).



أ/ گەرمی پێوی بەرزترین پلە. وێنەی ژمارە (١٥)



ب/ گەرمی پێوی نزمترین پلە وێنەی ژمارە (١٦)



وێنە ژمارە (١٧)

ج/ گەرمی پێوی تۆمارکەر = ثیرمۆگراف

٢- پەستانی هەوا:

ئەو بەرگە گازەی کە دەوری گۆی زەوی داوە ماددەیە و بۆشایی داگیر کردووە بارستایی و کێشی هەیە، بەو کێشە دەگوترێت هەوا، کەواتە پەستانی هەوا بریتیە لە کێشی ستوونێك هەوا لە کۆتایی بەرگە گازەکەوە هەتا ئاستی ڕووی دەریا، ئەوەش یەکسانە بە کێشی ستوونێك لە جیوە کە بەرزاییەکەی ٧٦سم لەسەر یەك سانتیمەتر دووجا.

أ- ئەو هۆیانەی کار لە پەستانی هەوا دەکەن:

پەستانی هەوا دەگۆڕێت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر هۆی ئەو گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- پلەی گەرمی: پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و پەستانی هەوا پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، هەتا پلەی گەرمی ناوچەیەك بەرزبێتەوە پەستانەکەی نزم دەبێتەوە، چونکە هەواکە زیاتر دەکشێت و

لێکدووردەکەوێتــەوەو کێـشەکەی کــەم دەکــات، هــەتا نــزمیش ببێتــەوە پەستانەکەی بەرز دەبێتەوەو کێشەکەی زۆرتر دەبێت.

٢- **هــەڵمی ئــاو:** پەیوەنـدی نێـوان هــەڵمی ئــاوو پەســتانی هــەوا دیـسان پێچەوانەیە واتە هەتا هەڵمی ئاو لە هەوادا زۆرتر بێت، پەستانی هەواکـە نـزم دەبێتەوە، چونکە هەڵمی ئاو سووکترە لە هەوا.

٣- **بەرزو نزمی لە ئاستی ڕووی دەریاوە:**

هەتا لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرز ببینەوە پەستانی هەوا نزم دەبێتەوە، چونکە لەلایەك درێژی ستوونە هەواکـە کـورت دەبێتـەوە لەلایـەکی تریـشەوە چینەکانی سەرەوەی هەوا کێشیان کەمترە بەڵام بە نزم بوونـەوە لـە ئاسـتی ڕووی دەریا، پەستانی هەواکە بەرز دەبێتەوە، چونکە سـتوونە هەواکـە درێـژ تر دەبێت و گازو پێکهاتە قورسەکانیش لەوێدا زۆرتر دەبن.

٤- **تەوژمی هەوا:** واتە بزوتنەوەی هەوایە، گەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە بوو، پێی دەگوترێت (تەوژمی سەرکەوتوو) گەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بـوو پێـی دەگوترێت (تــەوژمی داکــەوتوو) هــەر ناوچــەیەك تــەوژمی هــەوای داکــەوتووی هــەبێت پەســتانی هەواکــەی بەرزدەبێتــەوە، چــونکە وەك وایــە هــەوا لــەو ناوچەیەدا کۆ ببێتەوەو کەڵەکە بێت، بەڵام بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوو دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی پەستانی هەواکە.

ب- ناوچەکانی پەستانی هەوای سەر گۆی زەوی:

لەبــەر ئــەو هۆیانــەی کــە پێـشتر باسمــان کـرد دەتــوانین گــۆی زەوی دابەشبکەین بە چەند ناوچەیەکی پەستانەوە کە ئەمانەن:

(بڕوانە وێنەی ژمارە (١٨).



وێنەی ژمارە (١٨)

ناوچەکانی پەستانی هەوای سەرگۆی زەوی وە ئاراستەی جوڵەی بایەکان

١- ناوچەیەکی پەستان نزم لە دەروبەری هێڵی یەکسانی:

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان (هێڵی یەکسانی — ٥ پلە)ی باکوورو باشووری هێڵی یەکسانیەوە، هۆی نزمی پەستان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە: بەرزیی پلەی گەرمی، بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوو، زۆری ڕێژەی هەڵمی ئاو لە هەوای ناوچەکەدا.

٢- دوو ناوچەی پەستان بەرز لە دەوروبەری خولگەکان:

ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە دەوروبەری هەردوو بازنەی پانی °٣٠ باکوور و باشووری هێڵی یەکسانی، هۆی سەرەکی بەرزی پەستان لەم دوو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ، بوونی تەوژمی هەوای داکەوتوو کە لە بنەڕەتدا لە ناوچەکانی هێڵی یەکسانیەوە سەرکەوتووە.

٣- دوو ناوچەی پەستانی نیمچە نزم لە بازنە پانیە دوورەکان:

ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە دەوروبەری بازنەی پانی ٦٠° باکوورو باشووری هێڵی یەکسانی، هۆی سەرەکی نزمی پەستان لەم دوو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوو.

٤- دوو ناوچەی پەستان بەرز لە دەوروبەری جەمسەرەکان:

ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە هەردوو جەمسەری باکوور و باشوورەوە هۆی بەرزی پەستان لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزمی پلەی گەرمی، کەمی ڕێژەی شێ، بوونی تەوژمی هەوای داکەوتوو.

جـ- پێوانەکردنی پەستانی هەوا:

پەستانی هەوا بە (میلیبار) دەپێورێت، ژمارەیەکی زۆر دەزگا هەیە کە پەستانی پێدەپێورێت لەوانە بارۆمەتری کانزایی و بارۆمەتری جیوەیی و باروگراف.(بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١٩ ، ٢٠ ، ٢١)



وێنەی ژمارە (١٩)

پەستان پێو (بارۆمەتر)ی کانزایی



وێنەی ژمارە (٢٠)

پەستان پێوی تۆمارکەر (بارۆگراف)



وێنەی ژمارە (٢١)

پەستان پێوی جیوەیی (بارۆمەتر)

ب- باروگراف و بەشەکانی

جـ- بارومەتری جیوەیی

١- قوتویەکی کانزایی. **٢- بەرزکەرەوەکان.**

٣- قۆڵ. **٤- لوولەك.**

٣- بـــــا:

بریتیە لە بزووتنەوەی سروشتی هەوا بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە ئاڕاستەی جیاوازو بە خێرایی جیاواز لە شوێنی پەستان بەرزەوە بەرەو شوێنی پەستان نزم کە، خێرایی بایەکـە دەگۆڕێت لـە ناوچـەیەکەوە بـۆ ناوچـەیەکی تـرو لـە کاتێکـەوە بـۆ کـاتێکی تـر، لەبـەر دوو هۆکـار، یـەکێکیان جیـاوازی پلـەی پەستانەکە لە نێوان شوێنی پەستانە بەرزەکەو شوێنی پەستانە نزمەکە هەتا جیاوازییەکـە زۆرتـر بێـت خێراییەکـەش زۆرتـر دەبێـت، ئـەویتریان هێـزی لێکخشانی بایەکەیە لەگەڵ بەرزو نزمییەکانی ڕووی زەویدا، هـەتا لێکخـشانی بایەکی زۆرتربێت خێراییەکەی کەمتر بێت.

جا بۆیە ناوی بایەکە بە پێی خێراییەکەی دەگۆڕێت، گەر لەسەر خۆبوو پێی دەگوترێت (سروە) یان (شنە) گەر مام ناوەندی بوو پێی دەگوترێت (با) گەر زۆر خێراو تێکدەر بوو دەبێتە (گەردەلوول).

أ- خەسڵەتەکانی با:

١- با بە ناوی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێت کە لێوەی هەڵدەکات، بۆ نمونە گەر لە باکوورەوە بەرەو باشوور هەڵبکات بە بای باکوور ناو دەبرێت گەر لە باکووری خۆرهەڵاتەوە هەڵبکات بەرەو باشووری خۆرئاوا بە بای باکووری خۆرهەڵات ناو دەبرێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٣).

٢- با سیفەت و نیشانەکانی ئەو شوێنەی کە لێوەی هەڵکردووە دەیگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی هەڵدەکات و بەسەریدا تێدەپەڕێت، گەر با لە شوێنێکی گەرمەوە هەڵبکات، ئەوا گەرمی دەگوێزێتەوەو دەشێ ببێتە هۆی داباریین (ئەگەر لە دەریاوە هاتبێ).

٣- با بە شێوەیەکی ئاسۆیی هەڵناکات, بەڵکو لادانێك دەکەوێتە ئاڕاستەکەیەوە، بەو جۆرە ئەو بایەی کە لە نیوە گۆی باکووری زەویدا هەڵدەکات کەمێك بەلای ڕاستی خۆیدا لادەدات ئەو بایەی لە نیوە گۆی باشووری زەویدا هەڵدەکات کەمێك بەلای چەپی خۆیدا لا دەدات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٢).



شێوەی ژمارە (٢٢)

لادانی با

ب- جۆرەکانی با:

دەتوانرێت (با) بە پێی کاتی هەڵکردنەکەی دابەش بکرێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١- بایە هەمیشەییەکان: (بایە گشتیەکان):

بەردەوام هەڵدەکاتە سەر زۆربەی ناوچەکانی گۆی زەوی وە هەڵکردنی پشت دەبەستێ بە دابەشبوونی گشتی پاڵەپەستۆی هەوا بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

١- بای بازرگانی:

ئەم بایە لە هەردوو ناوچەی (پەستانی بەرز) دەوروبەری خولگەکانەوە (دەوروبەری بازنەی پانی ٣٠°باکوورو باشووری هێڵی یەکسانی) هەڵدەکاتە سەر ناوچەی (پەستانی نزم) دەوروبەری هێڵی یەکسانی ئاراستەکەی لە نێوە گۆی باکوور، باکووری خۆرهەڵاتەو لە نیوە گۆی باشوور، باشووری خۆرهەڵاتتە، خێراییەکەی مام ناوەندییەو (ڕێرەوی نەگۆڕە) لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا هەیە.

٢- بای پێچەوانە:

لە هەردوو ناوچەی (پەستانی بەرز) دەوروبەری خولگەکانەوە هەڵدەکاتە سەر هەردوو ناوچەی (پەستانی نزم) بازنەی پانی (٦٠°) باکوورو باشوور (هێلی یەکسانی) بۆیە ناونراوە بای پێچەوانە چونکە ئاراستەکەی پێچەوانەی بای بازرگانییە، واتە لە نیوە گۆی باکوور باشووری خۆرئاوایە وە لە نیوە گۆی باکووری خۆرئاوایە، ئەم بایە شێ و گەرمی لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە هەڵدەکاتە سەری و دەبێتە هۆی دابارین بە تایبەتی لە زستاندا.

٣- بای جەمسەریی:

لـە هـەردوو نـاوچـەی (پەسـتـانی بەرز) دەوروبـەری جـەمسـەرەکانـەوە هەڵدەکاتە سەر هەردوو ناوچـەی (پەستـانی نزم) دەوروبەری بازنەی پـانی (٦٠°) بـاکـوور و باشووری هێلی یەکسانی ئاڕاستەکەی وەک بای بازرگـانـی وایە، واتە لە نیوە گۆی باکوور، باکووری خۆرهەڵاتەو لە نیوە گۆی باشوور، باشووری خۆرهەڵاتە، بایەکی زۆر ساردو وشکە.

(بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٣)).



وێنەی ژمارە (٢٣)

بایە گشتیەکان

٢- بایە خۆجێیەکان:

أ- وەرزە با:

لەئەنجامی جیاوازی پلەی گەرمی ئاووشکانیدا ئەم جۆرە بایە هەڵدەکات(بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕووبەرێکی وشکانی فراوان دراوسێی ڕووبەرێکی ئاوی فراوان دەبێت) ئەم بایە لە باشوورو باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، لە وەرزی هاویندا ڕووبەرە وشکانیە فراوانەکان، بە هۆی ستوونی و نیمچە ستوونی تیشکی خۆرەوە، پلەی گەرمییان بەرز دەبێتەوە، دەبنە ناوچەیەکی گەرم، بەلام ڕووبەرە ئاوییەکانی درەنگ گەرم دەبن لە چاو ڕووبەرە وشکانیەکان بۆیە دەبنە ناوچەیەکی گەرمی مام ناوەند (ئاو درەنگ گەرم دەبێت و درەنگیش سارد دەبێتەوە، بەلام وشکانی بە پێچەوانەوەیە) بەوەش جیاوازی دروست دەبێت لە پلەی پەستانی وشکانی و ئاوەکەدا، ڕووبەرە وشکانیەکان دەبنە ناوچەیەکی پەستان نزم بە پێچەوانەوە ڕووبەرە ئاوییەکان دەبنە ناوچەیەکی پەستان بەرز بۆیە لە هاویندا وەرزە با لە ئاوەوە هەڵدەکاتە سەر وشکانی لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆری شێ لەگەڵدایە دەبێتە هۆی باران بارین لە هەموو ئەو ناوچانەی ئەم بایە بەسەریاندا تێدەپەڕێت. بەلام لە زستاندا کە تیشکی خۆر لاردەبێت لەسەر ئەم ناوچانە گەرمی دانەوە زۆرتر دەبێت لە گەرمی وەرگرتن، لەبەرئەوەی ووشکانیەکان زیاتر سارد دەبنەوە لە چاو ڕووبەرە ئاوییەکاندا دەبنە ناوچەیەکی پەستان بەرز، ڕووبەرە ئاوییەکان دەبنە ناوچەیەکی پەستان نزم، بۆیە لە زستاندا وەرزە با لە وشکانییەوە هەڵدەکاتە سەر ڕووبەرە ئاوییەکان، بایەکی ساردو وشکە بە گشتی بارانی پێوە نییە مەگەر بەسەر ڕووبەری ئاویدا تێپەڕبێت و شێدار ببێت.

(بڕوانە نەخشەی ژمارە (٩)).



نەخشەی ژمارە (٩)
وەرزە با لە هاوین و زستاندا

ب- شنەی دەریا و شنەی زەوی:

جیاوازی پەستان لە شەو و ڕۆژدا لە نێوان ئاو و وشکانیدا دەبێتە هۆی هەڵکردنی بای ناوچەی ڕۆژانە، کاریش دەکاتە سەر کەشی ئەو ناوچانەی لە دەریاوە نزیکن، ئەمە لە دیاردەی وەرزەبا لە ڕووی هۆکاری دروست بونی دەچێت، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەودا ئەوەیە، کە ئەم ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوەو، تەنها ناوچە کەنار دەریاکانیش دەگرێتەوە. جیاوازی نێوان پەستانی وشکانی و ئاوەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەسروشتی ئەو دووانەدا ـ وەک پێشتر باسی لێوەکرا ـ لە ئەنجامی ئەمەدا بە ڕۆژ هەوا گەرمەکەی سەر وشکانیەکە وە دەکشێ و بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە بەوەش زۆرتر پەستانەکەی نزم دەبێتەوە، بۆیە با لە شوێنی پەستان بەرزەکەوە کە ڕووبەرە ئاوییەکە کە هەڵدەکاتە سەر وشکانییەکان، واتە شنەی دەریا بە ڕۆژ لە ئاوەوە هەڵدەکاتە سەر وشکانی. دەبێتە هۆی فێنککردنەوەی وشکانییەکانی نزیک دەریا.

بەڵام لە شەودا ئـەم کـردارە پێـچەوانە دەبێتـەوە، وشـکانییەکان خێراتـر سارد دەبنەوەو دەبنە ناوچەیەکی پەستان بەرزو ڕووبـەرە ئاوییـەکان دەبنـە ناوچەیەکی پەسـتان نـزم، بۆیـە شـنەی زەوی لـە ڕووبـەرە وشـکانییەکانەوە هەڵدەکەنە سەر ڕووبەرە ئاوییەکان، دانیشتوان شارەکانی سەر دەریـا وەکـو (بەیروت، ئەسکەندەرییە) هەست بەم دیاردەیە دەکەن.

(بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٤).



شێوەی ژمارە (٢٤)

شنەی زەمین و شنەی دەریا

ج- شنەی چیاو دۆڵ:

ئەمەش هەر باییەکی ناوچەییە وەکو شنەی دەریاو شنەی زەمین وایە، بەڵان لە نێوان بەرزاییەکان و نزماییەکاندایە. واتە لە نێوان چیاو دۆڵەکاندا.

لە شەودا ئەو هەوایەی بەسەر ناوچە بەرزاییەکانەوە خێراتر سارد دەبێتەوە لە چاو ئەو هەوایەی لە دۆڵەکاندایە، واتە پەستانەکەی بەرزترە لە چاو ئەوەی ناو دۆڵەکان، بۆ هەواکە بەرەو دۆڵەکان دێت بەوە دەگوترێت شنەی چیا، کەواتە شنەی چیا بە شەو لە ناوچە بەرزاییەکانەوە دێت بەرەو دۆڵەکان، بەڵام لە ڕۆژدا کە پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە لەسەر چیاکان, ئەو کات هەوا لە دۆڵەکانەوە بەرەو ناوچە بەرزاییەکان دەڕوات بەوەش دەگوترێت شنەی دۆڵ، کەواتە شنەی دۆڵ بە ڕۆژ لە دۆڵەکانەوە دەڕوات بۆ ناوچە بەرزاییەکان.

پێوانەکردنی با:

١- **پێوانەکردنی ئاڕاستەی با:** بەهۆی دەزگایەکەوە دەپێورێت کە پێی دەگوترێت (باگێڕ). سەرنجی وێنەی ژمارە (٢٥) بدە.

٢- پێوانە کردنی خێرایی با: بە هۆی دەزگایەکەوە دەپێورێت کە پێی دەگوترێت (خێرایی پێو) (ئەنیمومەتر) سەرنجی وێنەی ژمارە (٢٦)بدە.



وێنەی ژمارە (٢٥)



وێنەی ژمارە (٢٦)

خێرایی پێوی با (ئەنیمومەتر)

٤- شێ و داباران:

مەبەست لە شێی ناو بەرگە گازەکە، ئەو برە ئاوەیە کە لە ناو بەرگە گازەکەدا هەیە جا بەهەر شێوەیەك بێت، هەڵمی ئاو، شل، ڕەق. مەبەستیش لە داباران هاتنە خوارەوەی ئەو برە هەڵمە ئاوەیە کە خەستبۆتەوە جا بە شێوەی باران بێت یان تەزرە یان بەفر.

بەڵام باران ئەو دڵۆپە ئاوەیە کە کێشەکەی هێندە قورس بووە چیتر هەواکە ناتوانێت هەڵیبگرێت و دەکەوێتە سەر زەوی:

أ- مەرجەکانی خەست بوونەوەو داباران:

کە هەڵمی ئاو خەست دەبێتەوە واتە لە دۆخی گازییەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی شلی یان ڕەقی، ئەم شێوەیانەی لای خوارەوە وەردەگرێت، هەور، تەم، زوقم، شەونم.

بۆ ئەوەی کرداری خەست بوونەوە ڕووبدات دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە بێتەدی:

١- بوونی بڕێکی باش لە هەڵمی ئاو لە هەوادا.

٢- نزم بوونەوەی پلەی گەرمی هەواکە تا ڕادەی چڕبوونەوە.

٣- بوونی بڕێك ناووکی ڕەق تا هەڵمە ئاوەکەی لە دەوری خەست بێتەوە.

کە ئەم مەرجانە دەستەبەر بوو ئەوا خەست بوونەوە ڕوو دەدات و هەور دروست دەبێت بەڵام دڵۆپێك لە ئاوەکەی ناو هەورەکە، یان کوڵووە بەفرەکەی ناوی هێشتا ئەوەندە سووکە هەواکە دەتوانێت هەڵیبگرێت کەواتە لە دوای کرداری خەست بوونەوە، دەبێت کرداری تریش ڕووبدات هەتا ئەو دڵۆپە ئاوە یان ئەو دەنکۆڵە ڕەقانە بکەونە سەر زەوی، کردارەکەش

گەورەبوونە جا بەهەر ڕێگایەك بێت كە گەورەبوو ئیتر هەواكە ناتوانێت هەڵیبگرێت و دەكەوێتە سەر زەوی.

ب- جۆرەكانی باران:

بە گوێرەی ئەو ڕێگایەی پلەی گەرمی هەوا شێدارەكەی پێ نزم دەبێتەوە، باران دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانە:

١- بارانی بەرزەڕۆ: (التصاعدیە):

ئەو بارانەیە كە ناوچە گەرمەكاندا دەبارێت، بە تایبەتی ناوچە كەمەریەكان، هۆی بارینی ئەم جۆرە بارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەوژمە هەواییانەی بەرز دەبنەوە بۆ سەرەوە، بە بەرزبوونەوەی هەوا شێدارەكە پلەی گەرمییەكەی دادەبەزێت هەتا پلەی خەست بوونەوە، دوواتر هەوری لێدروست دەبێت و بارانی بە خوڕو لێزمەی لێدەبارێت (بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٧).



وێنەی ژمارە (٢٧)

بارانی بەرزە ڕۆ

٢- بارانی بەرزە هەرێم: (التضاريسية):

ئەو بایەی لە دەریاو زەریاکانەوە دێت بڕێکی زۆر هەڵمی ئاو هەڵدەگرێت، کاتێك دەگاتە بەرزایی ناوچە شاخاوییەکان ناچار دەبێت بەرز دەبێتەوە، بەوە پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت و دوواتر هەڵمە ئاوەکە خەست دەبێتەوە، پاشان دەبێتە دابارین بەسەر لوتکە و قەد پاڵەکاندا دەبارێت، لە دیوی ڕووبەڕووی بایەکەدا بارین زۆرتر دەبێت لە چاو ئەو دیوەی کە پێی دەگوترێت دیوی سێبەری باران، چونکە لە دیوی سێبەری بارانەکەدا هەوا شێدارەکە دێتە خوارەوەو دادەبەزێت بەوەش پلەی گەرمیەکەی بەرزدەبێتەوەو کەمتر کرداری خەست بوونەوە ڕوو دەدات، ئەم جۆرە بارانە لە ناوچە شاخاویەکاندا زۆرە وەك وڵاتی خۆمان.

(بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٨)).



وێنەی (٢٨)

بارانی بەرزە هەرێم

٣- گەردەلوولە باران: (الأعصارية):

ئەو بارانەیە کە لە گەردەلوولەوە پەیدا دەبێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە بای خۆرئاوا دەیانهێنێت (وەك بەشێکی بارانی هەرێمی کوردستان)، ئەم جۆرە لە بەیەکگەیشتنی ئەو بارستە هەوایانەوە پەیدا دەبێت کە لە خەسڵەتدا جیاوازن لە یەکتری بارستەیەکیان گەرم و شێدارە و ئەوی تریان ساردو وشکە، لە ئەنجامدا گەرم و شێدارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە چونکە سووکترە، بەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمییەکەی نزم دەبێتەوە دوواتر خەست بوونەوە دابارین بە لێژنە ڕوودەدات.

(بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٩).



وێنەی ژمارە (٢٩)

گەردەلوولە باران

جـ- پێوانەکردنی داباربن:

داباربن بە هەر شێوەیەك بێت (باران، بەفر، تەرزە) هەر بە شێوازی شلی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەگوترێت ئەوەندە ملليمەتريان ئەوەندە سانتیمەتر باریوە، ئەوەش بە گەلێ ڕێگاو دەزگای جیاواز پێوانە دەکرێ کە ساکارترینیان باران پێوە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٣٠).



وێنەی ژمارە (٣٠)

(باران پێو) نیشان دەدات

زارەوەکـــــان

١- بەرگە ڕەقەکە (بەرگی بەردین):	Lithosphere
٢- بەرگە ئاوەکە:	drosphere
٣- بەرگە گازەکە:	Atmosphere
٤- بەرگە زیندەگیەکە:	Biosphere
٥- دۆڵ:	Valley
٦- بان:	Paltean
٧- گرد:	Hill
٨- چیا	Mountain
٩- دەشت:	Plain
١٠- بەرزو نزمی ڕووی زەوی:	Relief
١١- کەش:	Weather
١٢- ئاووهەوا	Climate
١٣- پلەی گەرمی	Temperature
١٤- پەستانی هەوا:	Pressure
١٥- شێ:	Humidity
١٦- داباریین:	Precipitation
١٧- هەڵمی ئاو	Water Vapour
١٨- هەور:	Cloud
١٩- تەم:	Fog
٢٠- شەونم:	Dew
٢١- زوقم:	Frost
٢٢- بارستە هەوا:	Airmass
٢٣- گەردەلوول	Cyclone
٢٤- باران:	Rain
٢٥- تەرزە:	Hail
٢٦- بـــــا:	Wind

پرسیارەکانی بەشی سێیەم

پ١/ ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکەو هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:

١- بە تەنها بەرگە ئاوەکە، بەرگی زیندەگی پێك دێت.

٢- دەریا دەرەکییەکان کەوتوونەتە ناو کیشوەرەکان بە گەرووی تەنگ بە زەریاکان دەگەن.

٣- هەتا پلەی گەرمی بەرز بێتەوە پەستانی هەواش بەرزدەبێتەوە.

٤- با بە ناوی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێت کە لێوەی هەڵدەکات.

٥- زۆرینەی بارانی کوردستان لە جۆری بارانی بەرزە ڕۆیە.

٦- دیوی سێبەری باران زۆرتری لێدەبارێ نەك دیوی ڕووبەڕووی بایەکە.

٧- هەتا هەوا پاکژو خاوێن بێت تیشکی خۆرمان زۆرتر دەگاتێ.

پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی گونجاو پڕ بکەرەوە:

١- زەوی لە ٣ بەرگ پێکهاتووە کە ئەمانەن : أ- ....

ب- .... جـ- ....

لە تێکەڵاوبوونی ئەم سێ بەرگەشدا بەرگێکی تر دروست دەبێت ئەویش .... یە .

٢- گەورەترین زەریا .... وە بچووکترینیش ....

٣- وەرزە بــا لــە زســتاندا لــە .... هەڵــدەکات بــۆ ....

٤- مەرجــەکانی خەســت بوونــەوەی هــەڵمی ئــاو بــریتین لــە أ- .... ب- ....

جـ- ....

٥- له جیاوازییه گەورەکانی نێوان وەرزەبا و شنەی دەریـا و شـنـەی زەمـین

أ- ....

ب- ....

پ٣/ وەڵامی ڕاست بۆ ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە هەڵبژێرە:

١- بانی (دکن، تبت، نەجد) فراوانترین بانە لە جیهاندا.

٢- دەریـای (چـین، قـەزوین، ناوەڕاسـت) لـە هـەموو لایەکـەوە بـە وشـکانی دەورە دراوە بە دەریاکان ناگات.

٣- خێرایی با بە ئامێرێك دەپێورێت پێی دەگوترێت (ئەنیمۆمەتر، باگیر).

٤- (پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، داباربن) بە گرنگترین ڕەگـەزی ئـاوو هـەوا دادەنرێ.

٥- هەر ناوچەیەك تەوژمی هەوای داکەوتووی هـەبێت پەسـتانەکەی (بـەرزە، نزمە، مام ناوەندییە).

پ٤/ هۆی ئەم دیاردانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

١- تیشکی ستوون ناوچەکە زۆرتر گەرم دەکات وەك لە تیشکی لار.

٢- نزمی پەستانی هەوا لە ناوچەکانی دەوروبەری هێڵی یەکسانی.

٣- هـەرچەند لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە بەرزبینـەوە بۆسـەرەوە پلـەی گـەرمی دادەبەزێت.

٤- هـەرچەندە هەڵمی ئاو لـە هـەوادا زۆرتر بێت، پەستان کەمتر دەبێت.

پ٥/ جیاوازی چییە لە نێوان:

١- کەش و ئاوو هەوا.

٢- دەریا و زەریا.

٣- بایە گشتییەکان و بایە خۆجییەکان.

پ٦/ ناوچەکانی پەستانی هەوای سەر گۆی زەوی باس بکە پاشان وێنەیەکی ڕوونکردنەوەی بۆ بکێشە:

چالاکی:

گەر لە تواناتاندا هەیە سەردانی نزیکترین وێستگەی کەشناسی بکەن لە ناوچەکەتاندا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای دەزگاکانی پێوانە کردن ببن.

بەشی چوارەم
دانیشتوان

دانیشتوان:

لێکۆڵینەوەی دانیشتوان بایەخێکی گرنگی هەیە چونکە سەرچاوەی گشت ڕواڵەتە کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی[1]، ئابووری، ڕامیارییەکانن، لەبەرئەوە لە دێرزەمانەوە زانایان و شارەزایان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی و دەوڵەتانیش توێژینەوەو بڵاوکراوەی بەردەوامیان ئەنجام داوە.

دانیشتوان دوای جەنگی جیهانی دووەم بە شێوەیەکی ئاشکرا ژمارەیان ڕووەو زیادبوون ڕۆیشتووە، ئەم ڕاستییەش لەسەر ژمێرەکانی دانیشتوان و ئاماردا کە لە وڵاتانی جیهاندا کراوە بەدەردەکەوێ.

گرنگی سەرژمێرییەکان و ئاماریش لەوەدایە، بارودۆخی دانیشتوان لە پێکهاتە و گەشەکردن و گۆڕانکارییە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دیاری دەکەن، لەبەر ئەوە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان هەوڵیان داوە پلانی زانستی و ڕامیاری گونجاو دابنێن بۆ دانیشتوان بۆ ئەوەی هاوسەنگی بکەن و ڕادە دابنێن بۆ زۆربوونی دانیشتوان لەگەڵ ئەو دەرامەتە سروشتی و مرۆییانەش کە بە دەست دەهێنرێت زیاتر بکرێ و شێوازی بەرهەم هێنان لە ڕووی جۆرو قەبارەوە بگۆڕێ بۆ ئەوەی گوزەران و بژێوی دانیشتوان باشترو گونجاو تربێ هەوڵی چارەسەرکردنی گیرگرفتەکانی

---

(١) دیمۆگرافیا: زانستی لێکۆڵینەوەی دانیشتوانە لە ڕووی چەندایەتیەوە، ئەمەش بەهۆی ئامارە زیندەگیەکانی وەك (لەدایك بوون و مردن، کۆچ کردن) هۆیەکانی کەم و زۆرکردنی دانیشتوان ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دەردەخات.

دانیشتوان لە ڕووی ڕامیاری دەوڵەتان و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیشتەجێی و کەم دەرامەتی و هەژاری لەجیهاندا بە پلانی زانستی هەنگاوی بۆ بنرێت.

سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان:

أ- سەرژمێری کردنی دانیشتوان (التعداد العام للسكان):

سەرژمێری کردنی گشتی: بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەو ئامادەکردن و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بڵاوکردنەوەی زانیارییە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەربارەی خەڵکانی وڵاتێك یان ناوچەیەکی دیاریکراوە لە کاتێکی دیاریکراودا.

تایبەتمەندییەکانی سەرژمێری کردنی دانیشتوان:

١- تۆمارکردنی زانیاری ئامارەکانی ناونووس کردن بۆ هەموو کەس بێت، بەبێ جیاوازی تەنانەت بیانییەکانیش لە ناوخۆی وڵاتێك بگرێتەوە.

٢- سەرژمێرەکە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە.

٣- کاتی دیاریکراو بۆسەرژمێریکردن دادەنرێت بە شێوەی خولی کە (٥-١٠) ساڵ جارێك دەبێت.

گرنگی سەرژمێرییەکانی دانیشتوان:

١- زانینی زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوان و دابەش بوونیان لە ناوچەی دیاریکراودا.

٢- زانینی زانیاری سەبارەت بە پەرەسەندن و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی دانیشتوان وەك (لە دایکبوون، مردن، کۆچکردن، ژنومێردایەتی، جیابوونەوە..........هتد).

ب– ئاماری دانیشتوان (الأحصاء السكاني):

بریتییه له توێژینهوهی زانستیانه سهبارهت به ژمارهی دانیشتوان له ڕووی تایبهتمهندی و چالاکی گۆڕانکاری کۆمهڵگه وهك لهدایك بوون، مردن، کۆچکردن، ژنهێنان، جیابوونهوه.......هتد.

((جیاوازی له نێوان سهرژمێری کردن و ئاماری دانیشتوان)):

١–سهرژمێری دانیشتوان تایبهتمهندییهکانی تاکهکهس دهگرێتهوه به گشتی له وڵاتدا، بهڵام ئامارهکانی دانیشتوان گۆڕانکارییه دیمۆگرافییهکان دهردهخات.

٢– سهرژمێرییهکان به شێوهی خوولیه، بهڵام ئاماری دانیشتوان ساڵانهیه.

گهشه سهندن و زۆربوونی دانیشتوان:

گهشهسهندن: بریتییه له زۆربوونی دانیشتوان که له نێوان دوو سهرژمێری زانراودا دهردهکهوێت و ئهمهش له ئهنجامی جیاوازی نێوان ژمارهی له دایکبوون و ژمارهی مردوان و کۆچ کهرانهوه پهیدا دهبێت... گهشه سهندنیش دوو جۆره.

أ- زۆربوونی سروشتی:

بریتییه له جیاوازی نێوان ژمارهی له دایکبوون و لهگهڵ ژمارهی مردوان له ماوهیهکی دیاری کراو و له ناوچهیهکی دیاریکراودا.

واته کاتێك ڕوودهدات که ژمارهی له دایك بوون زیاتر بێت له ژمارهی مردن له ناوچهیهکدا یان له وڵاتێکدا.

زۆربوونی سروشتی بریتییه له (ژمارهی له دایکبوون – ژمارهی مردن) زۆربوونی سروشتی ساڵانه له وڵاتانی جیهاندا ڕوو له زۆربوونه به تایبهتی له

وڵاتە گەشندەکان لە کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکای لاتین)، وەك وڵاتانی (هندستان و بەنگلادیش) بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی وەك خۆرئاوای ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرینە بەهۆی دیاری کردنی وەچە واتە رادە دانان بۆ زۆربوون.

ب- زۆربوونی ناسروشتی:

ئەم جۆرە زۆربوونە لە ئەنجامی جیاوازی لە نێوان لە دایکبوون و مردن پەیدا نابێت، بەڵکو بەهۆی کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات

دابەش بوونی دانیشتوان:

دانیشتوانی جیهان بەسەر رووبەری زەویدا بە جۆرێکی یەکسان دابەش نین ، چونکە وا دادەنرێت کە نزیکەی (٥٠٪) دانیشتوانی جیهان لەسەر رووبەرێك دەژین کە لە (٥٪) کۆی رووبەری وشکانی تێ ناپەڕێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشکانی گۆی زەوی لە چەند بەشێکدا ئاوەدانەو لە بەشەکانی تریدا چۆڵە یان نیمچە چۆڵە.

شێوازی دابەشبوونیان جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ناوچە چوڵەوانەکان یا کەم دانیشتوانەکان ئەو ناوچانەن کە بە هۆی زۆرنزم بوونەوەی پلەی گەرمییە تیایاندا وەك ناوچەکانی هەردوو جەمسەری باکوور

و باشوور، یان بە هۆی بەرزی پلەی گەرمی و وشکی ئاووهەوای وەك بیابانە گەرمەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاو باکوری ئەفەریقاو هەرێمەکانی دارستانی هێلّی یەکسانی لە ئاوزێلّی ئەمەزۆن و کۆنگۆ. کیشوەرەکانی جیهانی کۆن (ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقیا) زۆرترین ژمارەی دانیشتوانیان تیا نیشتەجێ بووە کە دەکاتە (٨٥٪) دانیشتوانی جیهان و(١٥٪) ئەو دانیشتوانەی کە ماوە دەکەونە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ (ئەمەریکای باکوور، ئەمەریکای باشوور، ئوسترالیا) واتە زۆربەی دانیشتوان دەکەونە نیوە گۆی باکووری زەوی، چونکە زۆربەی وشکانی لە نیوەی باکووردایە و نیوەی باشووری زەوی وشکانی کەمترە.

چڕی دانیشتوان:

بریتیە لە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەکدا بەسەر ڕووبەری ئەو زەویەدا کەلەسەری دەژین.

چڕی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر جیاوازە، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی سروشتی و جوگرافی و چالاکییە مرۆڤیەکانی وەك (ئابووری، شارستانی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری).

بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) چڕی دانیشتوان بە گوێرەی کیشوەرەکانی جیهان دەردەخات.

کیشوەر	چڕی کەس/کم^2	کیشوەر یان ناوچە	چڕەی کەس/کم^2
ئەفریقیا	١٦	ئوستراليا	٣
ئەمەریکای باکوور	١٢	جیهان بە گشتی	٣٥
ئەمەریکای باشوور	١٩		
ئاسیا	٩٧	عێراق	٣٨
ئەوروپا	٩٩	هەرێمی کوردستانی عێراق	٢٦

خشتەی ژمارە (٤)

چڕی دانیشتوان لە جیهاندا

جۆرەکانی چڕی:

چڕی دانیشتوان بۆ ئەم بەشانە دابەش دەکرێ:

١- چڕی گشتی: بریتیە لە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتێك یان ناوچەیەك بە گشتی بەسەر ڕووبەری گشتی وڵات یان ناوچەکەدا.

٢- چڕی کشتوکاڵی: بریتیە لە دابەش کردنی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك یا وولاتێك بەسەر رووبەری کشتوکالی.

٣- چڕی ئابووری، ئەم جۆرانەی تری چڕی گونجاوترن بۆ زانینی باری ئابووری و پیشەکانی تری مرۆڤ و بە شێوەیەکی ڕوونتر زۆر و کەمی چڕی دیاری دەکات.

دانیشتوانی جیهان بە پێی چڕی بەسەر سێ ناوچەدا دابەش دەکرێ کە ئەمانەن:

١- ناوچە زۆر چڕەکان:

چڕی دانیشتوان لەم ناوچەیەدا زیاترە لە (١٠٠کەس/کم٢) وەکو باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا، ناوەڕاست و خۆرئاوای ئەوروپا ئەمەش بەهۆی زۆری چالاکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و چالاکی تر .

٢- ناوچە ناوەندە چڕەکان:

ئەو ناوچانەی جیهان دەگرێتەوە کە چڕیان لە (١-١٠٠کەس/کم٢) وەك (ئوسترالیا، کوردستان).

٣- ناوچە کەم چڕەکان:

ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە چڕی دانیشتوان تیایدا زۆر دەگمەنە وە کەمتر لەیەك کەس لەسەر کیلومەترێکی چوار گۆشە، لەبەر سەختی بارودۆخی نیشتەجێ بوون لەو ناوچانەدا لەبەر ئەم هۆیانە:

أ- ناوچەی بیابانی وشك و بێ ئاو و گەرم وەك بیابانی نیمچە دورگەی عەرەب و بیابانی گەورەی ئەفریقا.

ب- ناوچە زۆر ساردەکانی هەردوو جەمسەری باکوورو باشووری زەوی.

جـ- ناوچەی بەرزایی چیاکان وەك هیمالایا لە ئاسیاو ئەندێز لە ئەمەریکای باشوور.

د- ناوچە زۆر گەرم و شێدارەکان وەك لە دارستانەکانی ئاوزێڵی ئەمەزۆن و کۆنگۆ.

ئەو هۆیانەی کار لە دابەش بوونی دانیشتوان دەکەن:

لەوەو پێش باسمان کرد کە لە دابەش بوونی دانیشتوان لە جیهاندا جیاوازی هەیە ئەم جیاوازی‌یەش لە ئەنجامی کارتێکردنی هۆیە سروشتی ومرۆڤییەکانەوە پەیدا بووە، دەتوانین ئەو هۆکارانەش بەم شێوەی لای خوارەوە دەستنیشان بکەین:

یەکەم: هۆکارە سروشتییەکان:

١- ئاوو هەوا:

ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان. بەرزی پلەکانی گەرمی کار دەکاتە سەر زۆر کەمی دانیشتوان، بۆ نموونە لە بیابانی گەورەی

ئەفریقا پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین دەگاتە نزیکەی ٥٠° سەدی یان بە پێچەوانەوە نزمی پلەکانی گەرمی کار لە کەمبوونەوەی دانیشتوان دەکات وەك ناوچەی سیبریا لە ئاسیا و باکوری کەنەدا لە زستاندا پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە تا چەند پلەیەك لە ژێر سفری سەدی.

هەروەها باران بارین لە ڕووی زۆر و کەمی کار لە دابەشبوونی دانیشتوان دەکات، وەك زۆری باران بارین لە ناوچەکانی هێڵی یەکسانی لە ئاو زێڵی ئەمەزۆن و کۆنگۆ پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و باران زۆرە چالاکی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، ناوچە کەم بارانەکانیش وەك بیابانە گەرم و وشکەکان لە ئەفریقیا و ناوەڕاستی ئوسترالیا دانیشتوانیان کەمە.

٢- بەرزو نزمی ڕووی زەوی:

جیاوازی بەرزو نزمی ڕووی زەوی بووەتە هۆی جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان، بۆ نموونە لە دەشتەکاندا لەبەر ئاسانی هاتووچۆو چالاکیەکانی مرۆڤ بوونەتە مەڵبەندی کۆبوونەوەی دانیشتوان وەك دەشتی لیتەیی عێراق و دەشتی هەولێر و شارەزوورو بیتوێن.

بەرزایی چیاکان هۆیەکی ترن لە کەمکردنەوەی دانیشتوان لەبەر سەختی زەوییەکانیان وەك چیاکانی هیمالایا لە ئاسیا و چیای ئەندێز لە ئەمەریکای باشوور و چیاکانی حەسارۆست لە هەرێمی کوردستانی عێراق. کە هاتوچۆ لەو ناوچانەدا ئاسان نیە.

٣- جۆری خاك:

جۆری خـاك کاردەکاتـە سـەر دابەشـبوونی دانیـشتوان لـە ڕووی گرنگـی ئابووری و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وە بـەم پێیـە دانیـشتوان لـەو ناوچـانەی خاکەکانیان بە پیتە چڕی دانیشتوان زۆرە، وەك خاکی دەشتی سەندو کـەنج و دەشتی شارەزوور و پشدەر یان خاکی ناوچە گڕکانییەکان لـە دوورگـەکانی جاوەو ژاپۆن بەڵام خاکی بێ پیت دانیشتوانیان کەمە.

٤- سەرچاوەکانی ئاو:

کۆبوونەوەی دانیشتوان و زۆریان بەندە بە بـوونی سەرچـاوە ئاوییـەکانی وەك، ڕووبـار، دەریاچـە، بیروکانیـاو یـان ئـاوی ژێـر زەوی، چـونکە ئـەم سەرچاوانە سودیان بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازی و چـالاکی تر لێ وەردەگرن واتە ئـەو ناوچـانەی سەرچـاوەی ئاویـان زۆرە دانیـشتوانیان زۆرە و بە پێچەوانەوە، ناوچەی بیابانەکان دانیشتوانیان کەمە.

٥- سامانی کانزا:

سـامانە کانزاییـەکان ڕۆڵیـان هەیـە لەسـەر دابەشـبوون و کۆکردنـەوەی دانیشتوان ئەمـەش بـۆ دەرهێنـان و کـانزاکردن و ئیـشکردن لـە کارگەکانـدا، کانزاکانیش وەك ئاسن و مس، یان نا کـانزایی وەك فۆسـفات و گـۆگرد و یـان سەرچاوەکانی وزە وەك نەوت کـە دەبنـە هـۆی کۆکردنـەوەی دانیـشتوان لـە وڵاتانی عەرەبدا لە زۆر شوێنی بیابانەکانیدا دەردەهێنرێت و دەپاڵێورێت یان خـەڵووزی بـەردین لـە چـیاکانی ئـۆراڵ یـان ئـەورووپا یـان ئاسـن لـە ناوچـە ساردەکانی سوید و نەرویج یان مس لـە شـیلی و پـیرۆ لـە چـیاکانی ئەنـدیز، بوونی ئەم سامانە دەبنە هۆی کۆکردنەوەی دانیشتوان لە شـوێنی ئیـشکردن و بەرهەم هێناندا.

دووەم: هۆکارە مرۆییەکان:

١- تێکڕای لە دایك بوون و مردن:

تێکڕای گەشەسەندنی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەمەش لە تێکڕاییەکانی لە دایك بوون و مردندا بە دەردەکەوێت بە جیاوازی کاردەکەنە سەر زۆرو کەمی دانیشتوان لە ئاستی ولاتان یان ناوچەکانی جیهان، تا ڕادەیەك باری ڕۆشنبیری و شارستانی سنوور بۆ زۆربوونی دانیشتوان دادەنێت، هەروەها زوو یان درەنگ پێکەوەنانی خێزان و هۆکارە ئایینییەکانیش کاریگەریان لەسەر تێکڕای زیادبوون هەیە.

بۆ نموونە بەرزی ڕێژەی لە دایك بوون لە باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا کاریان لە زۆربوونی دانیشتوان کردووە، بەلام بەرزی ڕێژەی مردن لە ناوچەکانی هندستان و و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین تا ڕادەیەك بەرزترە لە چاو ناوچەکانی تری جیهاندا.

٢- کۆچ کردن:

بریتیە لە جوولانی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە مەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کۆچ کردنیش دوو جۆرە:

أ- کۆچ کردنی دەرەکی:

ئەم جۆرە کۆچ کردنە جوولانی دانیشتوان تیایدا سنووری ولات دەبڕێت و دەچێتە ولاتێکی ترەوەو کۆچی دەرەکی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر یان لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر جیاوازە بە(هۆی باری ڕامیاری و ئابووری و جیاوازی گەلانەوە ئەم کۆچ کردنە دەگۆڕێ)، ژمارەی زۆرو کەمیان وەك

عێراقییەکان بۆ دەرەوە یان ئەفریقیەکان بۆ ئـەورووپا و ئەمـەریکای بـاکوورو کۆچی کورد بۆ کیشوەرەکانی ئەورووپا و ئەمەریکای باکوورو ئوسترالیا.

ب- کۆچ کردنی ناوخۆ:

جـووڵانی دانیـشتوانی نـاوخۆی وڵاتـان لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر ڕوودەدات یان لە لادێوە بۆ شار.

ئەم کۆچ کردنە بە هـۆی چـالاکی ئـابووری، کۆمەڵایەتییـەوە ڕوودەدات، وەك کۆچی دانیشتوانی وڵاتە گەشەندەکان لە گوندەکانیانـەوە بـۆ شـارەکان، بـە تایبـەت لـە بـواری گەشـەکردنی پیـشەسازی لـە شـارەکاندا وەکـو کۆچـی گوندەکانی باشووری عێراق بۆ شاری بەغدادی پایتەخت.

٣- پیشە باوەکان:

پەیوەندی لە نێوان چڕی دانیـشتوان و پیـشە باوەکانـدا هەیـە، بـە پێـی پیشەکان لە ڕاوکردنەوە بۆ پیشەی لەوەڕاندن و کشتوکاڵ و پیشەسازی، لـە پیشەی پیشەسازیدا دەگاتە ئەوپـەڕی بەهۆی جۆری پیـشەکەو ژمـارەی ئـەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن بـۆ نموونـە پیـشەی ڕاوەشـکار تـەنها دەتوانێـت ژمارەیەکی دیاری کـراو لـە دانیـشتوان بـژێنێت واتـە چـڕی زۆر کەمـە، بـەڵام پیشەسازی دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان بگرێتەخۆ. هەنـدێك جـار دەگاتـە (٤٠٠) کـەس لـە هـەر کیلۆمـەترێکی چـوار گۆشـە وەك لـە ژاپـۆن و بەریتانیادا دەردەکەوێت.

٤- ڕێگاکانی گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە بە پێی جۆرو گرنگی و مەبەستی هاتوچۆ تیایاندا و ڕادەی پێشکەوتنی دەوڵەتانیش لە ڕووی شارستانێتی و ئابوورییەوە کاریان لە زۆرو کەمی و کۆکردنەوەی دانیشتوان هەیە، بۆ بنیاتنانی شارەکان لەسەر ڕێگاکانی وشکانی یان لەسەر کەناری دەریاکان (بەندەرەکان) گرنگییان هەیە لە ڕووی ئاڵوگۆڕی شمەك لە شوێنی بەرهەم هێنان بۆ ناوچەکانی بەکاربردن یان هێنانی کەرەستە خاوەکان بۆ کارگەکان.

ئەو مەڵبەندانەی دەبنە بازاڕی ساغ کردنەوەی کەل و پەل و کاڵاکان دانیشتوان تیایاندا چڕ دەبێت وەك شارەکانی لەندەن و هامبۆرگ لە خۆرئاوای ئەوروپاوە ڕاکێشانی هێڵی ئاسنین لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوەتە هۆی زۆری دانیشتوان تیایاندا شاری نیویۆرك و سان فرانسیسکۆ دروست بوون.

چەند هۆکارێکی تریش هەیە کە کار دەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان، وەك هۆکاری ئایینی وەك لە شاری بنارس لە هندستان و کەربەلاو نەجەف لە عێراق، هۆکاری کارگێڕی وەك شاری بەغداد یان هۆکاری گەشت و گوزار لە کوردستاندا و کاریگەریان لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوان وەك شەقڵاوە، سەرچنار، وە هۆی مێژووش لە شارەکانی وەك هەولێر و بابل دا بەدەردەکەوێت.

چالاکی ئابووریی دانیشتوان:

ئـــەو چـــالاکییەیە کـــە مـــرۆڤ بـــە هۆیـــەوە پێویـــستییەکانی ژیـــانی دەســـتدەکەوێت. ئـــەو ڕێگایانـــەی کـــە مـــرۆڤ بـــە هۆیانـــەوە پێویـــستی و داواکارییـــەکانی ژیـانی جێبـەجێ دەکـات جیـاوازن لـە چـاخە جیاوازەکانـدا هەتاوەکو ئێستا پەرەیان سەندووە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی مـرۆڤ دا گەشـــەیان کـــردووە، هـــەر لـــە پیـــشە ســـەرەتاییەکانی وەك کۆکردنـــەوەو هەڵگرتنەوەو ڕاوشکارو شوانکارە. پاشان پەرەیان سەندووە بۆ بـەکارهێنانی دارستان و کشتوکاڵ و کانزاکردن و پیشەسازی.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، دابەشکردنی کار کەرانمان بۆ ڕوون دەکاتـەوە لەسـەر بنـچینەی پیـشەکان. کـە تـا ئێـستا پیـشەی سـەرەکی زیـاتر (١/٢) کارکەرانی جیهان پێوەی خەریکن (بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)).

بواری کارکەران	ڕێژەی سەدی لە کۆی کارکەران
کشتوکاڵ	٪٥٢
پیشەسازی	٪١٨
شوانکارەیی	٪١,٣
کانزاکردن	٪١,١
ڕاوشکاری	٪٠,٥
بەکارهێنانی دارستانەکان	٪٠,٥
چەند بوارێکی تر	٪٢٦,٦
	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٥)

دابەش کردنی ڕێژەی کارکەران بە پێی پیشەکان ڕوون دەکاتەوە

گرنگترین پیشەکانی مرۆڤ بە پێی قۆناغە مێژووییەکان تـا ئێستا پـەیڕەو دەکرێت ئەمانەن:

١– پیشەی کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوە.

٢– پیشەی ڕاوشکار.

٣– پیشەی شوانکارەیی (لەوەڕاندن).

٤– پیشەی کشتوکاڵ.

٥– پیشەی کانزاکردن.

٦– پیشەی پیشەسازی.

٧– پیشەی گواستنەوەو بازرگانی.

٨– پیشەی کارگوزاری.

١– پیشەی کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوە:

ئاسانترین و کۆنترین جۆرەکـانی پیـشەیە کـە مرۆڤـی سـەرەتایی پێـوەی خەریك بووە بریتی بووە لە کۆکردنەوەی بـەروبوومی سروشـتی ڕووەکـەکان، ئـەم پیـشەیە تایبەتـە بـە کۆمەڵـە سـەرەتاییەکانی وەك کورتـە باڵاکـان لـە دارستانەکانی کۆنگۆ لە ناوەڕاستی ئەفریقیا کە تا ئێستا بەردەوامن.

٢- پیشەی ڕاوشکار:

ئەم پیشەیە دوو جۆرە:

أ– ڕاوی سەر وشکانی:

بریتییە لە ڕاوکردنی گیانەوەرەکانی سەر وشکانی لە نێـو کیـشوەرەکاندا بە هۆی ئامراز و چەکی جۆراو جۆرەوە ڕاوچییەکان ئەنجامی دەدن.

ئـــەم جـــۆرە پیـــشەیە بـــەرەو کەمبوونـــەوەو نـــەمان دەڕوات و ژمـــارەی کارکـــەران لـــەم جـــۆرە کـــارەدا کـــەم دەبێتـــەوە، تـــەنها ڕاوچـــیەکانی وەك

ئەسکیمۆکان لە ئالاسکایا لە باکووری ئەمریکای باکور و گرینلاند ڕاوی گیانەوەری وەك کاریبۆ و ئاسکی ڕەنەو ڕێوی زیوی و کەروێشك و هەندێك باڵندەی وەك قازو مراوی، ئەم شێوازە ڕاوکردنە هەندێك جار شێوازی ڕاوی بازرگانی وەردەگرێت وەك ڕاوی گیانەوەری فەرودار.

ب- ڕاوی دەریایی:

زەریا و دەریا و ڕووبارو دەریاچەکان بواری ڕاوی دەرییایان بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە لێیەوە داهات و سەرچاوەی خۆراکی لێ دەستدەکەوێت، وەك ڕاوی ماسی و نەهەنگ و گوێرەکەی دەریا، بەهۆی کۆمپانیا جیهانییەکانەوەو ئامێری نوێی ڕاوکردن داهێنراوە بۆ ڕاوی دەریایی وەك لە وڵاتانی ژاپۆن و ئایسلەندەدا دەکرێت.

٣- پیشەی شوانکارەیی (لەوەڕاندن):

ئەم پیشەیە لەو شوێنانەدا باوە کە هەلومەرجی ژینگەی سروشتی لە ڕووی ئاوو هەواوە لەبارە و گژوگیای کورت و درێژی تیا گەشەدەکات کە وەکو لەوەڕگایەکی ئالف سوودی لێ وەردەگیرێت، مرۆڤ لەم پیشەیەدا پێداویستی خۆی لە بەرهەمەکانی ئاژەڵ وەك گۆشت و سپیایی و پۆشاك لە خوری و پێستە وەردەگرێت هەندێکیان لەم پیشەیەدا گەڕۆکن و نیشانەی شوانکارەیان پێوە دیارە لەو ناوچانەدا کە باران بارین بەشی کشتوکاڵ ناکات لە هەندێك وڵاتدا ئێستا بە شێوەیەکی پێشکەوتوو و شارستانی بەکاردێت وەك لە ئەوروپا، ناوچەکانی شوانکارەیی لە جیهاندا ئەمانەن.

١- بیابانە گەرم و وشکەکان ئاژەڵی وەك حوشتری تیا بەخێو دەکرێت.

٢- لە ناوچەی وەك (ستیپس) کورتە گیا مەڕو بزن بەخێو دەکرێت.

٣- لە ناوچەی (سڤانا) گژوگیای درێژ ڕەشە وڵاغ و گامێش بەخێو دەکرێت.

٤- له ناوچەی ئوراسیا ئاسکی ڕەنە بەخێو دەکرێت لەسەر کورتە گیای (تەندرا) جووڵانەوەی شوانکارە دوو شێواز وەردەگرێت:

١- جووڵەی ستوونی.

٢- جووڵەی ئاسۆیی.

١- جووڵەی ستوونی:

شوانکاران بە مەڕو ماڵاتیانەوە لە وەرزی هاوین لە دەشت و دۆڵەکانەوە بەرەو ناوچە شاخاویەکان دەڕۆن بەڵام لە وەرزی زستاندا لە قەراغ شاخەکانەوە بەرەو ناوچە نزمەکان شۆڕ دەبنەوە.

ئەم شێوازە جووڵانەوەیە لە کوردستاندا بە (گەرمیان و کوێستان) ناسراوە کە لە هاوین دا دەچن بۆ کوێستان (ناوچەی شاخە بەرزەکان) و لە زستانیشدا دەگەڕێنەوە بۆ گەرمیان بۆ پێدەشت و دۆڵەکان لەو شوێنانەی کە گەرمترن لەم وەرزەدا.

٢- جووڵەی ئاسۆیی:

ئەم جووڵەیە کە شوانکارەکان لە بیابانەکاندا بە حوشترو مەڕو مالاتیانەوە ئەنجامی دەدەن وەك لە بیابانی خۆرئاوای عێراق و نیمچە دوورگەی عەرەب دەکرێت. بۆ گەڕان بۆ شوێنی حەوانەوە.

شوانکارە دوو جۆرە (سەرەتایی و بازرگانی)

ئەوەی تێبینی دەکرێت دانیشتوان لەم پیشەیەدا کەمترین چڕی هەیە، لەبەر ئەوەی پیشەکە سەرەتاییە و دەرامەتێکی کەمیش بە دەست دێنێت و زۆربەی شوانکارەکان وازیان لەم پیشەیە هێناوەو خەریکی پیشەی کشتوکاڵ و پیشەسازین و لە گوندو شارەکاندا نیشتەجێ بوون.

٤- پیشەی کشتوکاڵ:

کشتوکاڵ ئەو ڕەنجەیە کە مرۆڤ توانای خۆی تێدا تەرخان دەکات ولە بەرکاهێنانی زەوی تاکو لە ڕێی زۆرکردنی بەرهەمی ڕووەك و ئاژەڵەوە سامانی دەست بکەوێت و پێداویستیەکانی لە خۆراك و پۆشاك پێ دابین بکات.

کشتوکاڵ بە بەردی بناغەی ژیانی ئابووری و شارستانێتی دانیشتوان دادەنرێت، وە هەرێمی کوردستانی عێراق بە یەکەم مەڵبەندی دۆزینەوەی کشتوکاڵ دادەنرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وگوندی (چەرمۆ) لە پارێزگای (کەرکوك) نزیك چەمچەماڵ بە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی دادەنرێت.

دوو جۆر شێوازی کشتوکاڵ کردن هەیە:

(شێوازی سەرەتایی و شێوازی بازرگانی) لەم پێشەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لەخۆ دەگرێت، ئەو کارانەش لە کشتوکاڵ کردندا ئەنجام دەدرێ ئەمانەن:

١- جووت کردن.

٢- پەین پێدان (میزاودن).

٣- ئاودێری.

٤- بژارو شیکردنەوە.

٥- دروێنە.

٦- بۆ بازار بردن.

ئـەو هۆيانـەش كـە كـار لـە كـشتوكالْ دەكـەن بـريتين لـە هـۆى (سروشـتـى و مرۆيى).

١- هۆ سروشتييەكان:

وەك ئاوو هەواو سەرچاوەكانى ئاو و جۆرى خاك و بەرزو نزمى زەوى.

٢- هۆ مرۆييەكان:

وەك دەستى كاركەرو بازاڕو نەريتە كۆمەلاّيەتيەكان و هۆكارى ميّـژوويى و سيستمە ڕامياريەكان.

كـشتوكالْ تـەنها بەرهـەمهيّنانى بـەروبوومى ڕووەكـى نييـە بـەلّكو بەخيّوكردنى سامانى ئاژەلّيش دەگريّتەوە، بۆ بەرهەم هيّنانى گۆشت و شيرو پيّستەو خورى و هەروەها پەلەوەريش بۆ مەبەستى گۆشت و هيّلكە، گرنگـى كشتوكالْ لە زيادكردن و بەدەست هيّنانى خۆراك و كەرەسـتەى سـەرەتايى و هەنديّكيش لەو كەرەستانە دەچنە بوارى پيشەسازييەوە وەك لۆكەو كەتان و لاستيك و ڕۆن.

٥- كانزاكارى:

مەبەست لە كانزاكارى دەرهيّنـانى دەرامەتـە سروشـتييەكانى سـەر زەوى يان ژيّر زەوىيە بە هەموو شيّوازەكانيەوە (شل، ڕەق، گاز) ئەم پيـشەيە بـە زۆرى پيّويستى بە شارەزايى هونەرى و سەرمايە هەيە لە دەرهيّناندا.

كانزاكردن دوو جۆرن:

١- كانزا فلزييەكان (ميتالّەكان) وەكو ئاسن، مس.

٢- كانزا نافلزييەكان (ناميتالّەكان) وەكو فۆسفات، گۆگرد، خويّيەكان.

پيشەى كانزاكارى لە گشت ناوچەكانى سەر ڕووى زەوى ئـەنجام دەدريّـت لە ناوچەى جۆراوجۆرى ساردو فيّنك و گەرم و چڕ يان كەم دانيشتوان.

لەم پیشەیەدا زۆرو کەمی دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی نابینێت بە ڕادەی پێشکەوتنی دەوڵەتان لە بواری ئامێرو تەکنەلۆژیای نوێدا کە لە پیشەکەدا بەکار دەهێنرێت.

وڵاتانی پێشکەوتوو لەم پیشەیەدا وەك وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن.

٦- پیشەسازی:

پیشەسازی بریتییە لە گۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکان (ئاژەڵی، کشتوکاڵێ، کانزایی) لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر کە سوودی زۆرتربێت بۆ مرۆڤ.

بۆ نموونە وەك گۆڕینی لۆکە بۆ قوماشی چنراو یان ئاسنی خاو بۆ ماشین (مەکینە) و ئامێر وەیان شیر بۆ کەرەو پەنیر و قەیماغ، پیشەسازیش دوو جۆرە:

أ- پیشەسازی کۆن کە بە پیشەسازی دەستی ناسراوە.

ب- پیشەسازی نوێ کە بە هۆی ئامێرو تەکنەلۆجیا ئەنجام دەدرێت.

پیشەسازی ڕۆڵی زۆر گرنگی بینیوە لە گۆڕینی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنی باری ئابووری و شارستانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە گۆڕانی ژیانی مرۆڤ لەم ڕووانەوە:

١- بەرزبوونەوەی داهاتی دانیشتوان (تاکە کەس یان داهاتی نەتەوەیی).

٢- گەشەکردنی ژمارەی شارەکان لە ڕووی فراوانی و قەبارەیانەوە.

٣- گەشەکردنی ئاستی خوێندن و قۆناغە جیاوازەکانی لە جیهاندا.

٤- بەرزبوونەوەی ڕێژەی کارکەران لە بواری پیشەسازیدا لە جیهاندا.

٥- سنووردارکردنی ڕێژەی لە دایکبوون و کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی باشبوونی باری تەندروستی و باری بژێوی دانیشتوان و دۆزینەوەی دەرمانی نوێ.

نموونەی ولاّتانی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازیدا وەك ولاّتانی خۆرئاوای ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن.

٧- گواستنەوەو بازرگانی:

مەبەست لە گواستنەوە, گواستنەوەی کەل و پەل و خەڵکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بە هۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە بواری تەکنەلۆجیا و داهێنە نوێیەکاندا ڕووی داوە کاریان کردۆتە سەر گەشەکردن و فراوانی جۆری ڕێگاکان و خێرایی گواستنەوە لە ڕێگای وشکانی و ئاوی و ئاسمانییەوە، بۆیە ژمارەی کارکەران لەم پیشەیەدا بەرەو زۆربوون دەڕوات و لە ئەنجامی گواستنەوەی خێراو پێشکەوتووە وە بازرگانیش گەشەی کرد.

بازرگانی.. بریتیە لە گواستنەوەی شمەك و کەرەستەی خاو و دروستکراو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ڕوو دەدات، بازرگانیش دوو جۆرە (بازرگانی ناوخۆ و بازرگانی دەرەوە).

بازرگانی ناوخۆ لە ناو سنووری جوگرافی ولاّتێك ڕوودەدات، بەلاّم بازرگانی دەرەوە لە ئەنجامی گواستنەوەی شتومەك لە ولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر ڕودەدات.

بە هۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە بواری بازرگانی و گواستنەوەدا ڕووی داوە چەندین مەڵبەندی بازرگانی لە جیهاندا پەیدا بوون و ژمارەیەکی

زۆر دانیشتوانیان تێدا کۆبوونەتەوە وەك شارەکانی نیویۆرك و لەندەن و هامبۆرگ و بۆمبای و شەنگەهای.

٨- کارگوزاری:

کارگوزاری زۆر بواری ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك کارگوزاریەکانی تەندروستی و فێرکردن و ئاوو کارەباو... ئەم کارگوزاریانە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لە ڕووی شارستانییەوە گەشەیان کردووە تا بوون بە پیشەیەکی تایبەت و ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کارکەران لەم بوارە کارگوزاریانەدا کاردەکەن.

پرسیارەکانی بەشی چوارەم

پ١/ ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاری بکەو هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:

١- زۆربوونی ناسروشتی لە ئەنجامی لەدایك بوون و مردن پەیدا دەبێت.

٢- جووڵـەی ئاسـۆیی ئـەو جووڵەیـە کـە شـوانکارن بەمـەڕو ماڵاتیانـەوە لـە وەرزی هاوین لە دەشت و دۆڵەکانەوە بەرەو ناوچە شاخاوییەکان دەڕۆن و لە وەرزی زستاندا لە قەراغ شاخەکانەوە بەرەو ناوچە نزمەکان شۆڕدەبنەوە.

٣- کیـشوەرەکانی جیهـانی کـۆن (ئاسـیا، ئـەوروپا، ئـەفریقیا) لـە ١٥٪ی دانیشتوانی جیهان دەگرێتەوە.

٤- دانیشتوان لە ناوچەکانی جیهاندا چڕیان وەك یەکە.

٥- لە ناوچەی ستێپس ڕەشە وڵاغ و گامێش بەخێو دەکرێت.

پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

پیشەی ڕاوشکار دوو جۆرە أ- .... ب- ....

٢- زۆربوونی سروشتی بریتییە لە جیاوازی نێـوان .... لەگـەڵ .... لە ماوەیەکی دیاری کراو لە ناوچەیەکی دیاری کراودا.

٣- کۆچکردن دوو جۆرە أ- .... ب- ....

٤- لە هۆکارە سروشـتییەکان کـە کـار لـە دابەشـبوونی دانیـشتوان دەکـەن أ- .... ب- ....

٥- بازرگانی دوو جۆری هەیە أ- .... ب- ....

پ٣/ پێناسەی ئەمانە بکە:

١- کۆچ کردن. ٢- چڕی دانیشتوان. ٣- گەشەندنی دانیشتوان.

٤- کشتوکاڵ. ٥- کانزاکاری.

پ٤/ هۆی ئەمانە ڕوون بکەرەوە:

سەرچاوەکانی ئاو کار لە زۆروکەمی دانیشتوان دەکات؟

٢- بوونی دیاردەی گەرمیان و کوێستان لە ناوچەکانی کوردستاندا.

٣- دابەشنەبوونی دانیشتوان لە ناوچەکانی جیهاندا بە شێوەیەکی یەکسان.

٤- لە پیشەی کانزاکاریدا زۆروکەمی دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی نابینێت.

٥- بەرزونزمی پلەی گەرمی کار لە کەم بوونەوەی دانیشتوان دەکات.

زاراوەکـــــــان

١- دانیشتوان	Population
٢- ئامار	Statrstic
٣- گەشەسەندن	Grouth
٤- لە دایکبوون	Birth
٥- مردن	Mortality
٦- دابەشبوون	Distribution
٧- چـــــڕی	Density
٨- کۆچکردن	Migration
٩- گواستنەوە	Trans portation
١٠- ڕاوشکار	Hunting
١١- کشتوکاڵ	Agriculture
١٢- پیشەسازی	Industry
١٣- کانزاکاری	Mining
١٤- کارگوزاری	Services
١٥- سامانی کانزا	Minral resouces
١٦- خـــــاك	Soil
١٧- مـــــێ	Female
١٨- نێر	male

جوگرافیا

بەشی یەکەم:

دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیا

١- پێناسەی جوگرافیا.

٢- لقەکانی جوگرافیا – سروشتی و مرۆیی.

أ- نەخشەو ڕەگەزەکانی

نەخشە، پێوەرەکانی نەخشە کێشان

کلیلی ڕەنگەکانی نەخشە، جۆرەکانی نەخشە

گرنگترین دیاردە جوگرافیاییەکان نواندنیان لەسەر نەخشە

زاراوەکان ئینگلیزی – کوردی

پرسیارەکانی بەشی یەکەم

بەشی دووەم:

زەوی و پەیوەندی بە کۆمەڵەی خۆرەوە

پێشەکی: لەسەر گەردوون و کۆمەڵەی خۆر.

١- هەسارەی زەوی.

٢- جووڵەی زەوی.

٣- شێوەی زەوی. ڕۆژانە: دیاردەی شەوڕۆژ: چوار وەرزە.

٤- مانگ گیران و خۆر گیران.

٥- بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی.

زاراوەکان

پرسیارەکانی بەش دووەم

بەشی سێیەم:

پێشەکی: لەسەر بەرگەکان و دابەشبوونی ئاو – وشکایی

١– بەرگی ڕەق: پێناسەکەی

بەرزو نزمی ڕووی زەوی

أ– دەشتەکان. ب– دۆڵەکان. جـ– بانەکان. د– گردەکان. هـ– چیاکان.

٢– بەرگی ئاوی:

أ– دەریاکان و جۆرەکانی

ب– زەریاکان.

جـ– گرنگی دەریا و زەریاکان.

٣– بەرگە گازەکان – پێشەکییەك لە سەربەرگە گازەکە

کەش و ئاووهەوا .

ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا .

٤– بەرگی زیندەگی:

زاراوەکان.

پرسیارەکانی بەشی سێیەم

بەشی چوارەم:

جوگرافیای دانیشتوان

أ– پێشەکییەك لەسەر جوگرافیای دانیشتوان

١– سەرژمێری و گرنگیەکەی.

٢- دابەشبوونی دانیشتوان.

٣- چڕی دانیشتوان.

٤- پێکهاتەی دانیشتوان.

زاراوەکان

پرسیارەکانی بەشی چوارەم

(مێژوو)

مێـــــژووی کـــۆن

بەندی یەکەم

بەشی یەکەم

پێناسەی مێژوو: مێژوو بریتیە لە تۆماری ڕابردووی ئادەمیزاد و هەموو ئەو گۆرانکارییانەی سروشت و مرۆڤ بەیەک دەبەستێتەوە.

سەرچاوەکانی مێژووی کۆن: بریتین لە هەموو شوێنەوارو پاشماوە دێرینەکانی مرۆڤ کە یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینی ڕابردوو لە پێناوی تێگەیشتن لە ئایندەی مرۆڤ.پێش داهێنانی نووسین لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە عێراق و میسردا، سەرچاوەکانمان لەمێژووی کۆن بریتین تەنیا لە پاشماوە بەجێماوەکانی مرۆڤ وەکو ئامێرە بەردینەکان و نەخش و نیگاری سەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئێسقانەکان و پاشماوەی ڕووەك و زانیارییە جیۆلۆجیەکان کە پەیوەستە بە گۆڕانکاریەکانی ژینگەو کەش و هەوا.

دوای داهێنانی نووسین لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، نووسراوەکانی سەر(قوڕ و بەرد وگەلاّی بەردی * و چەرم و کانزا).
سەرچاوەیەکی ترن بۆ خوێندنەوەی مێژووی کۆن، وە هەروەها پاشماوە دێرینەکانی وەك و تەلار و خانوی پەرستگاکان، شارە دێرینەکان.

---

* گەلاّی بەردی: گیایەکە لەزۆنگاوەکانی دەڕوێت بە کوردی پێی دەوترێت قەڕەم.میسریە کۆنەکان وەکو کاغەز بۆ نووسین بەکاریان هێناوە.

﴿ چاخە کۆنەکان ﴾

چاخەکانی پێش مێژوو: بەو چاخانە دەوترێت کە هێشتا مێژووی تیا دا نەنووسراوەتەوە. واتە بە چاخەکانی پێش داهێنانی نووسین دەوترێت (چاخەکانی پێش مێژوو).

ئەم قۆناغە زۆر قووڵە و سەرەتاکانی نەزانراوە ، بەلآم هەموو چاخە بەردینەکان دەگرێتەوە.

چاخە بەردینەکان: بەو چاخانە دەوترێت کە مرۆڤ تیایدا بەردی بەکارهێناوە بۆ دروست کردنی ئامێر و دەستە بەرەی (قاپ و قازان) ڕۆژانەی خۆی پێش داهێنانی گڵێنە و کانزا.

زانایانی شوێنەوار و مێژووی کۆن ، چاخە بەردینەکانیان بۆ سێ قۆناغی سەرەکی، دابەش کردووە:

١- چاخی بەردینی کۆن. **٢- چاخی بەردینی ناوەڕاست.**

٣- چاخی بەردینی نوێ.

یەکەم: چاخی بەردینی کۆن: پاشماوەی چاخە بەردینەکان لە کوردستاندا لە شوێنەوارەکانی(بەردەبەلکە)لەنزیك چەمچەماڵ و ئەشکەوتی هەزارمێرد لە نزیك سلێمانی و شانەدەر لە هەولێر و ئەشکەوتی زەرزی لە نزیك سورداش دۆزراوەتەوە.

وێنەی مرۆڤی جاوە



وێنەی مرۆڤی نیاندرتاڵ

وێنەی ژمارە (١) مرۆڤ لە چاخی بەردین

لـه قۆنـاغی چـاخی بـەردینی کۆن دا جۆرەکانی مرۆڤی سەرەتایی ژیاون و زۆربەشیان لە ناوچوون، وەکو مرۆڤی (جاوە و نیاندرتاڵ) لە کوردستاندا، پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر لە هەولێر دۆزراوەتەوە، هەروەها دەرکەوت کە ئەشکەوتی هەزارمێردیش لە سلێمانی لە لایەن هەمان جۆرە مرۆڤەوە بەکارهاتووە.

مرۆڤی کرۆمانیون مرۆڤێکـی ژیـرە و بـە باپیرە گـەورەی مرۆڤـی ئێـستا دادەنرێت.

وێنەی ژمارە (٢)مرۆڤی کرۆمانیۆن

مرۆڤی چاخەبەردینی کۆن لە ئەشکەوت و کولانکە بەردینەکان دەژیان، ئاگری دۆزیتەوە لە دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەی خۆی پشتی پێ بەستووە، بە کۆکردنەوەی دانەوێڵەو بەروبوومی ڕووەکی خۆڕسک و ڕاوکردنی ئاژەڵ. لە هەزارەی دەیەمی پێش زایین کۆتایی بەم قۆناغە هاتووە.

وێنەی ژمارە (٣) دۆزینەوەی ئاگر

دووەم: چـاخی بـەردینی ناوەڕاسـت: لەهـەزارەی دەیـەمی پـێش زایـین گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر کەش و هەوای زەویدا هـات. پلـەی گـەرما ١,٥ پلە بەرز بۆوە و کۆتایی بەدوا چاخی بەستەڵەك هات. مرۆڤ ئەشکەوت و ناوچە سەختە بەردینەکانی بەجێ هێشت و ڕووی کردە دەشت و دۆڵە بە پیتەکان و دەستی کردە کۆکردنەوەی خۆراك و ڕاوکردنی ئاژەڵ و بەشێوەیەکی کاتی لە کوخە بازنەییەکاندا نیشتەجێ بوون و پەرەی دا بەئامێرە بەردینەکانی وەکو(بەردی ئاگردان و پارچەی دۆڵ و دەستار و پاچـەکۆڵە)و چـاڵی تایبـەتی دروست کرد بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی دانەوێڵە، هەروەها داسـی دروسـتکرد. لەکوردستاندا پاشماوەی ئـەم قۆناغـە لـە(زاوی چـەمی)ی نزیـك ئەشـکەوتی شانەدەر و (کەریم شار) نزیك چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە.

وێنەی ژمارە (٤) وێنەی چەند ئامێرێکی چاخی بەردینی ناوەڕاست

<u>سێیەم: چاخی بەردینی نوێ:</u> ئەم قۆناغە لەکوردستاندا بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوەو بەردەوام دەبێت تا دۆزینەوەی نووسین.

<u>لە دیاردە گرنگەکانی چاخی بەردینی نوێ:</u>

١- لەم قۆناغەدا مرۆڤ توانی دەست بە کشتوکاڵ بکات هەروەها توانی ئاژەڵ ماڵی بکات.

٢- خانووی دروست کردو نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی دەستی پێ کردو دێهاتەکان دەرکەوتن و گۆڕانکاری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هات.

٣- گلێنەی دروست کرد. (قاپ و ئامانی) دروست کرد.

٤- دەرکەوتنی سیمای پەرستش (پەرستن) بە بەڵگەی دۆزینەوەی بوو کەڵەی قوڕینی لەسەر شێوازی پێکەری خواوەندی دایك کە هێمای هێزەکانی پیتی و منداڵ بوونە.

وێنەی ژمارە (٥) خواوەندی دایك لە کوردستانی کۆن

٥– دەرکـەوتنی چـنینی کوتـاڵ و دروسـت کردنـی سەرەتەشـی و دەرزی و قۆپچە لە ئێسقانی ئاژەڵ.

٦– بەردەوام بوون لەبەکارهێنانی بەرد لە دروستکردنی پاچە کۆڵەو دەستاڕ و بازن و ملوانکە و قاپ و قاچاخی ناو ماڵ.

لە نمونەکانی ژیاری ئـەم قۆناغـە شـوێنەوارەکانی چـەرمۆ لـە پارێزگـای کەرکوك، و گوندی شمشارە لە دەشتی ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی.

لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دا، مرۆڤ کانزای دۆزییەوەو توانی بـە کـاری بهێنێت و یەکەم کانزاکە مرۆڤ بەکاری هێنـاوە کـانزای (مـس)بـوو، بۆیـە بـەم قۆناغە دەوترێت (قۆناغی چاخی بـەردینی کـانزایی). نموونـەی ئـەم قۆناغـە شـوێنەواری حەلـەف لەسـەر ڕۆخـی خـاپوور، وتەپـە گـەورە لـە پارێزگـای نەینەوا.

بەشی دووەم

چاخە مێژووییەکان ٣٢٠٠ پ.ز:

بە داهێنانی نووسین کۆتایی بەچاخەکانی پێش مێژوو هات، وەچاخە مێژووییەکان دەستی پێکرد، ئەمەش لەسەنتەرە ژیارییەکانی دۆڵی رافیدەین (میسۆپۆتامیا) لەدەوروبەری٣٢٠٠پ.ز، و دۆڵی نیل لەدەوروبەری ٣١٠٠ پ.ز ڕووی دا بە داهێنانی نووسین مرۆڤ دەستی کرد بە تۆمارکردنی مێژوو.

لە دۆڵی رافیدەین نووسینی بزماری (مێخی) لە نووسین دابەکارهات لەسەر تاتە قوڕینەکان و قەڵەمی نوك سێ گۆشەیان بەکارهێنا، لە دۆڵی نیل نووسینی(هیرۆگلیفی) لەنووسیندا بەکارهات لەسەر گەڵای بەردی بە مەرەکەب و قەڵەم و فڵچە و پەڕ.

نووسینی مێخی (نووسینی بزماری):

نووسینی مێخی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە لەسەرەتای پەیدابوونیدا بەنووسینی وێنەیی یان دیمەنی ناو دەبرێت، چونکە مرۆڤ ئەو کاتە ئەگەر بیویستایە ناوی (ماسی) بنووسێت وێنەی ماسییەکەی دەکرد، ئەگەر بیویستایە وشەی (ژن) بنووسێ ئەوا وێنەکەی دەکرد، بەڵام بێ ئەوەی بتوانێ دەستنیشانی ژنێکی دیاریکراو بکات و بەو جۆرە شتی تری دەکێشا، بەرەبەرە مرۆڤ کەوتە ئەوەی نیشانە وێنەییەکان سادەتر بکات تا گەیشتە ئەوەی دیمەنی شتەکانی بەهێڵی ئاسۆیی و ستوونی دەربڕێ، وبۆ ئەم مەبەستەش قەڵەمی لە قامیش دروستکردو نووکی شێگۆشەی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا نیشانە وێنەییەکان شێوەی مێخیان لە خۆ گرت بۆیە بە (نووسینی مێخی) ناوبرا.



وێنەی ژمارە (٦) نووسینی مێخی (بزماری)



وێنەی ژمارە (٧) نووسینی مێخی (بزماری)

مۆری لوولەیی:

دەرکەوتنی مۆری لوولەیی هاوچەرخ بوو لەگەڵ دەرکەوتنی نووسیندا لەسەر تاتەقورینەکان .مۆر بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی کەل و پەلە کەموڵکی مرۆڤێکی دیاری کراو بەکاردەهات. بیرۆکەی مۆری لوولەیی لەبەرد یان لەبەردە بەنرخەکان دروست دەکران و کونیان تێدەکرد تالەمەچەکی خۆیانی توند بکەن یان بیکەنە ملیان و لەون بوون بیپارێزن.ئەو وێنەو

هێمایانەی لەسەری هەڵدەکەندران بە پێچەوانەوە،دروست دەکران بۆ ئـەوەی لەکاتی لەچاپ کردنی بەڕاستی بێتە بەرچاو.



وێنەی ژمارەی (٨) چەند مۆرێکی لوولەیی

پرسیارەکانی بەشی یەکەم و دووەم

پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

(میژوو، چاخەکانی پێش مێژوو، چاخە بەردینەکان ،چاخە مێژووییەکان).

پ٢/ نیشانەی (✓) بۆ رستە راستەکان، و نیشانەی (×) بۆ هەڵەکان دابنێ و هەڵەکان راست بکەرەوە:

١- ئەشکەوتی هەزارمێرد دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی.

٢- چاخی بەردینی ناوەڕاست لە کوردستاندا لە شوێنەواری زاوی چەمی لەنزیك شانەدەر لە پارێزگای هەولێر دەست نیشان کراوە.

٣- بوو کەڵەی قوڕین لەگوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە ، هێمایە بۆ پەرستنی خواوەندی دایك.

٤- لە دۆڵی رافیدەین نووسینی هیرۆگلیفی بەکارهاتووە و لەدۆڵی نیل نووسینی بزماری(مێخی).

٥- لەهەزارەی پێنجەمی پێش زاییندا مرۆڤ کانزای دۆزییەوە بۆیە بەم قۆناغە دەوترێت قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی.

پ٣/ باسی دیاردە گرنگەکانی چاخی بەردینی نوێ بکە؟.

پ٤/ لەچ قۆناغێکدا مرۆڤ فێری کشتوکاڵ بوو؟ لە چ شوێنەوارێکدا ئاسەواری ئەم قۆناغە دۆزراوەتەوە؟

پ٥/ ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە پڕبکەرەوە:

١- زانایانی شوێنەوار و مێژووی کۆنی چاخە بەردینەکانیان دابەش کردووە بۆ: أ.............. ب............. ج..........

٢- مۆری تەخت لە هەزارەی................. پ.ز دەرکەوت.

٣- مرۆڤی کرۆمانیۆن بە .... مرۆڤی ئێستا دادەنرێت.

بەشی سێیەم

میللەتە دێرینەکانی عێراق:

لە هەزارەی پێنجەمی پێش زاییندائەو کۆمەڵە مرۆڤانەی لەکوردستاندا دەژیان و لانەی شارستانیان دامەزراند کاتێك ژمارەی دانیشتوان زۆربووە لەگەڵ داهاتی ئەو ناوچەیەدا نەگونجا کۆچ بەرەو ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەستی پێکرد و لەناوچە دەشتاییەکاندا و لەنزیك ڕووبارەکاندا نیشتەجێ بوون وردە وردە هەر کۆمەڵێك لەناوچەیەکدا جێگیر دەبوو لەئەنجامدا کۆمەڵگای سەربەخۆ لەوانی تر درووست بوو پاشان بوون بەشارە دەوڵەت هەریەکەیان سەرۆکی خۆی هەبوو.

بەهۆی پیتیەکەی و گونجاوی کەش و هەواکەی و بوونی سەرچاوەی ئاوی باش تیایدا خاکی دۆڵی ڕافیدەین دێر زەمانەوە دەرفەتی دروست بوونی ژیاری پێشکەوتوو تیایدا رەخسابوو, بەڵگە بزماریەکان (مێخیەکان) ئەم گەلانەی لای خوارەوەیان باس کردووە:

١- سۆمەرییەکان:

یەکێك لە گەلە کۆنەکانی دۆڵی رافیدەین کە لەچاخەکانی پێش مێژووە وەنیشتەجێ بووی عێراق بوون.

ناوی سۆمەرییەکان لەناوی هەرێمەکەیانەوە هاتوە کە دەکەوێتە باشووری عێراقەوە سۆمەرییەکان داهێنەری نووسین و ڕژێمی شارە دەوڵەت بوون و خاوەن ئەزموونی ژیاری پێشکەوتووبوون لەبواری هونەری و بیناسازی و پەیکەر تاشی و زانست و ئەدەب و ئایین.

له شاره دەوڵەته بەناوبانگەکانیان:

وەرکا، ئور، ئوما، لەگەش، ئەریدۆ، شرِوپاك، کیش.

١- **بنەماڵـەی وەرکـا**: کـۆنترین بنەماڵـەی فـەرمانڕەوایی سـەردەمی بنەماڵەکانه بەناوبانگترین پادشایان (گلگامش)ه کە خـاوەنی ئـەو داسـتانەیه کە بەناوی خۆیەوه ناسراوه چیرۆکەکەی باس لەهەوڵی بەدەستهێنانی نەمری دەکات، و گەیشتن بە پلەی خواوەندەکان، بەڵام لەکۆتایدا شکست دەهێنێت وتیَ دەگات کەنەمری بەکردەوەیه نەك بە جەستە.

٢- **بنەماڵەی ئور**: ژمارەیەك پادشا لەم بنەماڵەیەدا فەرمانڕەواییان کردووه و پاشماوەکانیان لەگۆڕستانی پادشاکانیاندا دۆزراوەتەوە، لەوانه دۆزراوه بە نرخەکانی شاژن (پوئابی) و شازادە (مس، کلام، دك) ە.

دۆزراوەکانی شاری ئور دەری خست کە(سامیەکان) وردە وردە لەنیمچە دورگەی عەرەبەوە، دەستیان کردووه بە کۆچکردن بۆ ناوچەکانی نێـوان دوو روبار.

وێنەی ژمارە(٩)

شاژن پوئابی

٣- **بنەماڵـەی ئوما**: بـە ناوبـانگترین پاشـان، دوا پاشـایانە کـە هــەوڵی یەکخستنی هەموو بنەماڵەکانی داوە و توانیویەتی بۆ ماوەیـەك فـەرمانڕەوایی یەکگرتوو پێکبهێنێت وە هەموو بنەماڵەکانی تـر بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە ئەویش (لۆگال زاگیزی) بوو پادشای ئۆما.

٤- **بنەماڵـەی لەگـەش**: بــە ناوبــانگترین پادشــاکانی ئــەم بنەماڵەیەیــە (ئۆروکاجینا) یەکە یەکەم کەسە ژمارەیەك یاسای داناوە بۆ ڕێکخستنی بـاری ڕامیاری و ئابووری.

شەڕ لە نێوان شارە دەوڵەتی ئۆما و لەگەش لەسـەر موڵکایـەتی زەوی و زار و کەناڵە ئاودیریەکان بەردەوام بوو، لەکۆتایدا لوگالّ زاگیزی پادشای ئۆما سەرکەوت و شارە دەوڵەتی لەگەشی خستە ژێر دەسەڵاتی ئۆمـا. لەکۆتاییـدا سۆمەریەکان نـەیان تـوانی خۆیـان بگـرن لەبـەر لێشاوی کۆچـی بـەردەوامی نەتـەوە سـامیەکاندا، بۆیـە ئەکەدیـەکان توانیـان جێیـان بگرنـەوە و کۆتـایی بەدەسەڵاتی سۆمەریەکان بهێنن.

٢- ئەکەدییەکان: ٢٣١٧ - ٢٢٣١ پ.ز:

یەکەم شەپۆلی سـامییەکانن لـە نیمـچە دورگـەی عەرەبـەوە هـاتن و لـە ناوەڕاستی عێراقدا لەپالّ سۆمەرییەکاندا نیـشتەجێ بـوون و شـاری (ئەکـەد) یان کردە پایتەختی خۆیان و ناوەکەشیان لەناوی ئەو شارە هاتووە.

ئەکەدیەکان توانیان دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن کە زۆربەی خـاکی عێراقی گرتـەوەو پـەلی هاویـشت بـۆ ناوچـەکانی دەرەوە بـۆ وڵاتـی عـیلام و ئەنادۆڵ و دەسەڵاتیان گەیشتە دورگەی قوبرص.

سەرجۆنی ئەکەدی بەدامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی دادەنرێت.



وێنەی(١٠) سەرجۆنی ئەکەدی

بەڵام (نەرام سین)ی کوڕەزای بەناوبانگترین پاشای ئەکەدییە، و لەگەڵ لۆلۆییەکان و گۆتیەکان کە دانیشتوانی کۆنی کوردستانن جەنگاوە. ئەکەدییەکان گۆڕانکارییان بەسەر هونەری پەیکەر سازیدا هێنا و لەڕووی زمان و بیروباوەڕەوەجیاواز بوون لەگەڵ سۆمەرییەکان. دەوڵەتی ئەکەدی لەئەنجامی هێرشی گۆتیەکان بۆ سەرپایتەختەکەیان ڕووخا ساڵی٢٢٣١پ.ز.

وێنەی ژمارە (١١) نەخشەی بڵاوبونەوەی نەتەوەکانی نیمچە دورگەی عەرەب (نەتەوە سامیەکان)

ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم ٢١١١ - ٢٠٠٤پ.ز:

لەکۆتاییەکانی دەسەلاّتی گوتی شازادەیەکی سۆمەری بەناوی (ئۆتۆ حیکال) لەشاری وەرکا ڕاپەڕی دژی گوتیەکان ئەم ڕاپەڕینە هەموو شارە سۆمەرییەکانی گرتەوە، سەردەمی سەرهەڵدانی سۆمەری نوێ دەستی پێکرد.

ئۆتۆحیکال ماوەی حەوت ساڵ ونیو فەرمان ڕەوابوو پاشان ئورنەمۆ پاشای شاری ئور توانی هەموو ولاّت یەك بخات ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم دامەزرێنێت کەماوەی پتر لەسەدەیەك بەردەوام بوو ناوی پاشاکانیان ئەمانە بوون:

١- ئورنەمۆ
٢- ئەمارسین
٣- ئەبی سین

پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە بایەخی زۆریان دەدا بەخوێندن و کاری بیناسازی و هونەری ئابووری و سەربازی. یەکێ لەکارەگرنگەکانی ئورنەمۆ یاساکەیەتی کە بەناوی یاسای(ئورنەمۆ) ناسراوە.

لەکۆتایی سەردەمی دوا پاشایان ئەبی سین شالاّوی دووەمی کۆچ کردنی ئامورییەکان ڕووی کردە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، باری ولاّتی شێواند و دەسەلاّتی سست بوو بەلاّم ئەم ئیمپراتۆریەتە لەئەنجامی هێرشی هاوپەیمانی عیلامی ـــ سوئی* ڕووخا، کاتێك عیلامییەکان لەباشووری ئێرانەوەو

سوئیەکان لەکوردستانەوە پێکەوە هێرشیان کردە سەر ئوری پایتەخت ساڵی ٢٠٠٤پ.ز.

پاش ڕووخاندنی ئەم ئیمپراتۆرییەتە ماوەیەکی نادیار لەمێژووی عێراقی کۆن دەست پێ دەکات پێ دەوترێت سەردەمی (ئیسن ـــ لارسا) تاهاتنی حامورابی بۆ سەر حوکم ساڵی ١٧٩٤پ.ز.

وێنەی ژمارە (١٢) شا ئورنەمۆ ئامێرەکانی کێشان و پێوانە لە خواوەندی مانگ وەردەگرێت

٣- سەردەمی بابلی کۆن و هاتنی ئامورییەکان ١٨٩٤ - ١٥٩٥پ.ز:

لەئەنجامی شەڕو ئاژاوەی نێوان بنەماڵەی ئیسن و لارسا کۆمەڵێك لەئامورییەکان لەسوریاوە بەرەو ناوەڕاستی عێراق هاتن و لەشاری بابل نیشتەجێ بوون توانیان دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن کە ناسراوە بە دەوڵەتی بابلی یەکەم، یان سەردەمی بابلی کۆن , ئامورییەکانیش هەر لە نەتەوە سامییەکان بوون کە سەرەتا ڕوویان لە شام (سوریا) کردبوو.

(حامورابی) ١٧٩٤ - ١٧٥٢پ.ز:

دوای ئـــەوەی بنەماڵـــەی لارســـا تـــوانی بنەماڵـــەی ئیـــسن لەناوبـــەرێت و بنەماڵەی لارسا خۆشی بێ هێزو لاوازبوو، حامورابی، شەشەم پاشای بابل توانی دەست بگرێت بەسەریدا و دەسەلآتیان نەهێڵێ (حـــامورابی) ســـەرەڕای یەکخستنی وڵات گەلێك کاری شارستانی کردووە، بەڵام گـرنگترین کـاری ئـەم پاشایە ئەو کۆمەڵە یاسایانەیە کە بەناوی خۆیەوە ناسراون.

یاساکانی حامورابی:

لەسەر میلێکـی ڕەش تۆمـارکراون لەبەشـی سـەرەوە وێنـەی حـامورابی پیـــشان دەدات لەبـــەردەم خواوەنـــد (شەمەش) خواوەنـدی ڕاسـتی و داد یاسـاکانی لێـوەردەگرێ. وە بەشـی خوارەوەی ٢٨٢برگە یاسای تیادایـە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

وێنەی ژمارە(١٣) حامورابی

حامورابی توانی سوود لە یاسا کۆنەکانی عێراق وەربگرێت و کۆیان بکاتەوەو نوێکاری تیایدا بکات. ماوەی٤٢ساڵ فەرمانڕەوای عیراقی کردووە.

وێنەی ژمارە(١٤) میلی حامورابی

٤- ئاشـوریـیـەکـان:

لقێکن لە نەتەوە سامیەکان لەنیمچە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کرد لەباکووری خۆرئاوای عێراق لەسەر ڕۆخی ڕوباری دیجلە نیشتەجێ بوون. ناوەکەیان لەناوی خواوەندە سەرەکییەکانەوە(ئاشوور) هاتووە ویەکەم پایتەختیان هەر بەو ناوە ناسراوە.

لەسەرەتای دەرکەوتیان لەمێژوودا لەهەزارەی سێیەمی پێش زایینی نەیان توانی فەرمانڕەوایی خۆیان بچەسپێنن بەهۆی بەهێزی بنەماڵەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، وسوبارییەکان و خورییەکان لە کوردستان و حیثیەکان لەئەنادۆڵ. بەڵام لەهەزارەی دووەمی پێش زایینەوە دەرکەوتن وەکو گەلێکی خاوەن دەسەڵات لەڕووی جەنگ و داگیرکردنەوەو ئەزموونێکی پێشکەوتوویان هەبوو لەڕووی داهێنان و شارستانیەت دا، سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی ئاشوورییەکان دابەش دەکرێت بۆ سێ سەردەم:

١– سەردەمی ئاشووری کۆن ٣٠٠٠ ــ ١٥٠٠پ.ز

٢– سەردەمی ئاشووری ناوەند ١٥٣٠ ــ تا سەرەتای سەدەی نۆیەمی پـێش زایین.

٣– سەردەمی ئاشووری نویٚ لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی پێش زاینیـەوە – تا ڕووخاندنی دەوڵـەتی ئاشـووری لەسـەر دەسـتی هاوپـەیمانێتی میـدی کلدانی ساڵی٦١٢پ.ز .

لەپاشا بەهێزەکانی ئاشوورییەکان:

شەمشی ئەدەدی یەکەم	١٨١٤ــ ١٧٨٢ پ.ز
شەلمانسەری سیٚ یەم	٨٥٨ ــ ٨٥٤ پ.ز
شەلمانسەری پێنجەم	٧٦٢ــ٧٢٢ پ.ز
سەرجوونی دووەمی ئاشووری	٧٢١ــ ٧٠٥ پ.ز
سەنحاریب	٧٠٤ــ٦٨١ پ.ز
ئەسەرحەدوون	٦٨١ــ٦٦٩ پ.ز
ئاشوور بانیبالٚ	٦٦٨ــ٦٢٧ پ.ز



وێنەی (١٥) سەرجۆنی دووەمی ئاشوری ئاشوربانیبالٚ



وێنەی ژمارە (١٦) گای باڵدار نموونەی بەهێزی و ئازایەتی ئاشورییەکان

ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشووری:

بەهۆی بەرفراوانی دەوڵەتەکەیان، بڵاوبوونەوەی سوپاکەیان بەهەموو هەرێمەکاندا، ئاشوورییەکان وردە وردە مەرکەزییەتیان لەدەست دا بەتایبەتی پاش مردنی ئاشوور بانیباڵ چەند پادشایەکی لاواز و بێ هێز هاتنە سەر حوکم.

لەم کاتەدا، لە چیاکانی زاگرۆس لە کوردستان، دەوڵەتی میدیا لە لووتکەی هێزو توانای دابوو بە تایبەتی لەسەردەمی (کەیخەسرەو)ی میدی کە توانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ پاشای کلدانی لەبابل ((نەبوبلاسەر)) ببەستێت و پێکەوە هێرشیان کردە سەر (نەینەوا) پایتەختی ئاشووریەکان و ڕووخاندیان لەساڵی٦١٢پ.ز.

سەردەمی بابلی نوێ (کلدانیەکان) ٦٢٦ ـــ ٥٣٩پ.ز:

لــە کۆتاییــەکانی ســەردەمی فــەرمانڕەوایی پاشــای ئاشــووری (ئاشــور بانیبــاڵ) و لەشــاری بابـل دەوڵـەتێکی ســەربەخۆ دەرکــەوت کەپێـشتر ســەر بەئاشوورییەکان بـوون، و ســەربەخۆیی ڕاگەیانـد لەسـەردەمی نەبوبلاسـەری کلدانی ساڵی ٦٢٦پ.ز .

شاری (بابل) پایتەختی ئـەم ئیمپراتۆرییەتـە بـووە و بـوو بەگـەورەترین بنکەی شارستانی لەجیهانی کۆندا، هاوپەیمانی کلدانیەکان لەگەڵ میدییەکان کەلەسەردەمی (نەبوبلاسەر) بەسترا تا سەردەمی کوڕەکەی (نەبوخەدنەسـر) بەردەوام بوو، ئەویش لەڕێگەی ژن و ژن خوازیەوە کە لەنێوانیاندا بوو، بەڵام لەدوایـدا هەڵوەشــایەوەو کــاری پێنــەکرا. لەســەردەمی(نەبوخەدنەســر)دا سنووری دەوڵەتی بابلی گەیشتە کـەنارەکانی دەریـای ناوەڕاسـت (سـوریا و لوبنان و فەلەستینی گرتەوە)، لەئـەنجامی شۆڕشـی جوولەکـەکانی دەوڵـەتی (یــە هــوذا) دووجــار هێرشــی کــردە ســەریان. بــۆ جــاری دووەم شـاری(ئورشـەلیم)ی گـرت و چـل هـەزار جوولەکـەی بەبەنـدی هێنـا بۆ بابـل ئەمــەش بــە(تــاڵانی بابـل) ناســراوە بــەواتای تــاڵانی بابلیــەکان بـۆ شــاری ئورشەلیم. (نەبوخەدنەسـر) بایـەخی زۆری دەدا بـەکاری بیناسـازی و پـێش کــەوتنی دەوڵەتەکــەی. لــەپاشماوە بەناوبانگــەکانی ئــەم پاشــایە: باخـچە هەڵواســراوەکانی بابـل وشــەقامی کــەژاوەکان(شــارع الموکـب) و کۆشــك و شوراکانی شـاری بابـل و دەروازە کانیـەتی بـە تایبـەتی دەروازەی عەشـتار. پاش نەبوخەدنەسر چەند پاشایەکی لاواز هاتنە سـەر حـوکم کەنـەیان تـوانی پارێزگــاری دەوڵەتەکــەیان بکــەن، لەئەنجامــدا لەســاڵی ٥٣٩پ.ز کۆرشــی ئەخمینی(هەخامەنشی) هێرشی کردە سەر بابل و داگیری کردو کۆتایی هێنـا بە دەسەڵاتی کلدانی.

پـــرسيـــارەكـــان

پ١/ ئەم ڕستانەی لای خوارەوە پڕ بكەرەوە:

١- ناوی سـۆمەريەكان لـە ....

هاتووە كە دەكەوێتە ....

٢- لەشارە دەوڵەتە بەناوبانگەكانی سۆمەرييەكان شارەكانی:

١. ....   ٢. ....

٣. ....

٣- سۆمەرييەكان نەيان توانی خۆيان بگرن لەبەرلێشاوی كۆچـی بـەردەوامی

....

٤- .... بـــە دامەزرێنـــەری دەولّـــەتی

ئەكەدی دادەنرێت.

٥- دەوڵەتی ئەكەدی لەئـەنجامی هێرشـی .... بـۆ

سەر پايتەختەكەيان ڕووخا ساڵی ٢٢٣١پ.ز.

پ٢/ پێناسەی ئەمانەی لای خوارەوە بكە:

١- سۆمەرييەكان.

٢- ئەكەدييەكان.

٣- ئاشوورييەكان.

٤- كلدانييەكان.

پ٣/ نیشانەی (✓) بۆ ڕستە ڕاستەکان دابنێ و (✗) بۆ رستە هەڵەکان:

١- گلگامێش یەکێکە لەپاشا بەناوبانگەکانی بنەماڵەی لەگەش.

٢- ئورنەمۆ دامەزرێنەری بنەماڵەی ئوری سێیەمە.

٣- پاشا حامورابی یەکەم دانەری یاسایە لە عێراقی کۆندا.

٤- شاری نەینەوا لەساڵی٧١٥پ.ز لەسەر دەستی مادەکان و کلدانییەکان ڕووخا.

٥- سۆمەرییەکان داهێنەری نوسینن.

بـــەنـــــدی دووەم

میللەتە دێرینەکانی کوردستان

بەشی یەکەم:

١- لولوبییەکان:

لولوبییەکان کۆمەڵێکی چیا نشینی نیشتەجێی بەشـی بـاکووری زنجـیرە چیای زاگرۆس بوون، کە لەنێوان هەزارەی دووەمی پ.ز تا سـەدەی نۆیـەمی پ.ز توانیـان دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ناوچـەکانی زەهـاو و شـارەزوور و (ناوچەی سلێمانی ئێستا) بسەپێنن وڵاتەکـەیان لای ئاشـوریەکان بـە (زامـوا) ناسراوە لەڕووی نەژادەوە دەچنەوە سەر نەتـەوە هینـدۆ ـ ئەورووپیـەکان کـە ناسراون بە(ئاری) نەژاد.

دەنگوباســی ئــەم ڕەگــەزە کۆنــەی کــورد لەچــەند سەرچــاوەیەکی ئەکەدییەوە پێمان گەیشتووە، لەو سەرچاوانە نامەیەکی سەرجۆنی ئەکـەدی (٢٥٣٠پ.ز) هەروەها لەسەر مۆرێکی لوولەیی کە لەم دواییانەدا دۆزراوەتـەوە ئاماژە بۆ بەگژداچوونی لولوبییەکان دەکات بەرامبـەر داگیرکـەرانی ئەکـەدی. هــەروەها بــە تونـدی بەرپەرچـی شـاڵاوە سـەربازییەکەی(نـەرام سـین) یـان دایــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەکەدییــەکان ســەرکەوتنیان بەدەســت هێنــا و ناوچــەکەیان داگیرکردو ئـەم ڕووداوەشــیان لەســەر میلێــك بــەناوی میلــی سەرکەوتن تۆمار کرد لەناوچەی قەرەداغ لە دەربەندی گاور.

لولوبییـەکان توانیـان خۆیـان لـەژێر دەسـتی ئەکەدیـەکان ڕزگـار بکـەن دوای مردنــی نــەرام ســین، ئــەوەبوو پاشــای لولوبیــەکان (ئانویــانینی) تــوانی شکستێکی گەورە بەسەر ئەکەدیەکان دا بهێنی ، ئەویش ئەم سـەرکەوتنەی

لە چیای (بادیر) لە ناوچەی (سەرپیل زەهاو) لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گاشە بەردێك تۆمارکرد.

لولوییەکان چەند پاشماوە و کارێکی هونەری ڕەنگینیان لە وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە کە گەواهی ئاستی بەرزی شارستانێتی ئەوان پیشان دەدەن، ئەمانە لە هونەری بیناسازی دا ناوبانگیان دەرکرد لەسەردەمی ئاشوریەکان، هەربۆیە پاشاکانی ئاشوری ژمارەیەکی زۆریان بردن بۆ شارەکانی خۆیان و لەوێش وەك وەستاو پەیکەرتاش ناسران، لەم شارانە ژمارەیەك بیناو پەیکەریان دروست کرد.

وێنەی ژمارە(١٧) میلی سەرکەوتنی ئانوبانینی

٢- گوتییەکان:

کوردستان دادەنرێت بەنیشتمانی یەکەمی ڕەچەڵەکی مرۆڤی دووەم. ئەمەش دوای ئەوەی کە کۆمەڵانی مرۆڤ لەنیشتمانە ڕەسەنەکەیانەوە کۆچیان کرد بۆ نیشتمانە نوێیەکەیان کە لەوەوپێش کۆمەڵی گەلانی زاگرۆسی تیا دەژیا کە پێك هاتبوون لە سوباری ولولو وگوتییەکان و هۆرییەکان (میتانیەکان) وکالدیەکان (خلدییەکان) کە هەموویان بەڕەچەڵەك لەگەڵ یەکدا هاوبەش بوون، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵی گەلانی هیند و ئەوروپی، ئەم تیرانە هەموویان پێکەوە ڕەسەنی یەکەم و کۆنی گەلی کوردن. لەکوردستاندا کەژینگەیەکی شاخاوییە ئەم نەتەوانە لەپاڵ یەکدا ژیاون و زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە، داب و نەریتی کۆمەلآیەتیان پەرەی سەندووە و شارستانی خۆیان دامەزراندووە، گوتییەکان کە کۆنترین ئەم تیرانە بوون لە کۆتاییدا توانیان لەپێش٢٠٠٠پ.ز مەملەکەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. گوتییەکان هێزەکانیان یەك خست و دەستیان گرت بەسەر ئەو زەویانەی نزیك دەسەلآتیان بوون. و لەژێر ڕکێفی یەك سەرکردەدا خۆیان سازدا بەو جۆرە، یەکەم دەوڵەتی کوردی لەمێژوو دا دروست بوو کە بەناوی ولآتی(گوتیام) وە ناسراوە، گوتیام لەزمانی ئاشووریدا بەناوی (زەوی جەنگاوەرەکان) دێت. ئارابخا (کەرکوکی ئێستا) پایتەختیان بووە، سنورەکەیان لە نێوان زێی گەورەو سیرواندا بووە.

گۆتییەکان ساڵی ٢٦٤٩پ.ز ولآتی (سۆمەر و ئەکەد)یان داگیر کرد، لەسەردەمی پاشای گوتییەکان(ئیلولومیش)، بەو جۆرە سنوری دەوڵەتەکەیان فراوان بوو، پادشاکەیان بە(فەرمانڕەوای چوارلای جیهان) و (پاشای بەهێزی ئەکەد) ناوبانگیان دەرکرد، دەسەلآتی گوتییەکان بەسەر

وڵاتی سۆمەر و ئەکەدەوە نزیکەی سەدەو چارەگە سـەدەیەکی خایانـد لـەم ماوەیەدا (٢١) پاشای گۆتی حوکمی کردووە کە (تریگان) دوا پاشا بوو پـاش سـاڵی ٢٥٢٤پ.ز دەسـەڵاتی گۆتییـەکان وردە وردە بـەرەو لاوازی هـات و لە ئەنجامـدا دەسـەڵاتیان لە دەوڵەتی سۆمەر و ئەکەد لە دەسـت دا و گـرنگترین هۆکـانی کـەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دووری ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو لە مەڵبەنـدی دەسـەڵاتی خۆیانەوە.

٢- لاوازی ناردنی یارمەتی سەربازی و درەنگـی گەیـشتنیان بـۆ ئـەو شـوێنە دوورانە.

لە گرنگترین ئەو کارە هونەریانەی کە ئاستی بەرزی شارسـتانێتی گۆتیـەکان پیشان دەدات:

١- تابلۆی لیشیر – پیرانی لە هۆرین شێخان (باکوری خانەقین).

٢- سەری یەکێ لە پاشاکانی گۆتی کە لە برۆنز دروستکراوە لـە دەورپـشتی شاری هەمەدان لە ئێران دۆزرایـەوەو ئێـستاش لـە مۆزەخانـەی (بریمـەر کالیری) لە شاری نیویۆرک ئەمریکا پارێزراوە.

٣- هەروەها سەری یەکێ لە پاشاکانیان لە سەلماس (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دۆزرایەوە لەگەڵ دۆزینەوەی چەند مۆرێکی لولەیی لـە باشـوری ئێـستای عێراق.

حوکمرانی گۆتییەکان لە وڵاتی سۆمەر و ئەکەد لەسەر دەستی (ئۆتۆحیکال) پاشای سۆمەری کۆتایی هات.

٣- میتانیەكان:

ئـەم نەتەوەیـە لـە هۆریـەكان (خۆریـەكان) بـوون كـە لەكوردسـتانی خۆرئاوادا سەرەتای نیشتەجێ بوونیـان دەوروبـەری ڕوبـاری بلـێخ و خـاپوور بوو، سەرەتای دەركـەوتنیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی چـواردەیەمینی پ.ز میتانیەكان بەرەگەز ئاری نەژادن شاری واشوكانی (رأس العین لـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان) پایتـەختیان بـوو میتانیـەكان لەگـەڵ میـسریەكاندا پەیوەنـدیان هەبووە و نامە گۆركێیان لەگەڵ میسریەكاندا هەبووە بەتایبـەت لەسـەردەمی پاشـای میتانیـەكان (توشـراتا) و فرعەونـەكانی میـسر، وڵاتـی میتـانی بـە ناوی(خانیگلبات لە لایەن ئاشوریەكان) بەناوبانگ بـوو، لەناوچـەی كـەركووك ژمارەیـەك بەڵگەنامـەی دەوڵـەتی میتـانی دۆزراونەتـەوە، ڕۆژهـەڵات نـاس (جۆنس) دەڵێت وشەی میتانی بە واتای (خانەدان) دێت.

میتانیەكان لەگەڵ ئاشوریەكاندا بەردەوام لەجەنگدا بـوون لەسـەردەمی شا شەلمانەسری یەكەم ١٢٧٣ ــ ١٢٤١پ.ز دەسـەڵاتیان هەرەسـی هێنـاوە. میـسریەكان بەمیتانیـەكانیان وتـووە (نـەهارین) و لـە تەوراتـدا بـە (ئـارام - نەهارام) ناوبراوە.

٤- كاشیەكان:

چەند خێڵێكی نیشتەجێی چیاكانی زاگرۆس بوون بەتایبەت لـە ناوچـەی (كرماشـان و لوڕسـتان)دا ژیـاون و پـەلیان بـەرەو وڵاتـی دوو ڕووبـار (نـاوەراست و باشـووری عـێراق) هـاویـشتـووە و بـەسـەركـردایـەتـی شا (ئاگومی دووەم) دەسەڵاتیـان بەسەر وڵاتی بابل دا گرتووە بۆ مـاوەی چوار سەدە لە نێوان ١٥٩٥ ــ ١١٦٢ پ.ز بە هۆی هێرشی پاشاكانی بابل بۆ سەر نـاوچەكەیان. كاشیـەكان بۆ یەكەم جار ئەسپیان هێنـایە دۆڵی رافـیدەین و

هەنگاوێکی گەورە بوو لە پێشخستنی شارستانیدا. دەوڵەتەکەیان بەناوی کاردونیاش بەناوبانگە پێ دەچێت ناوی کاشیەکان لەناوی خواوەندەکەیانەوە هاتبێت کە ناسراوە بە(کاشو) لە عێراقدا کاشیەکان پایتەختی نوێی خۆیان دروست کرد و بە ناوی پادشا بەناوبانگەکەیانەوە ناویان نا (دورکوریکالزۆ) واتە شاری کوریکالزۆ، کە ئیستا لە نزیك شاری بەغداد پاشماوەکانی ناسراوە بە(عەقەرقوف) و زەقورە بەناوبانگەکەی تا ئیستا ماوە و لە سێ نهۆم دروست کراوە بە بەرزی دووسەد پێ و بەنەخش و شێوازی جوان و وێنەی کوریکالزۆی تیادا بەدی دەکرێت. هەر لەم شارەدا سێ پەرستگای گەورە دۆزراونەتەوە. کاشیەکان زۆر بایەخیان بەئەسپ سواری داوە بەخێوکردنیان بەشتێکی پیرۆز زانیوە. هەروەها کاشیەکان دەستێکی باڵایان هەبووە لە هونەری بیناسازی و نەخشەسازی و ڕێگا ـ کێشان دا.لەدەوروبەری ساڵانی ١١٦٢پ.ز عیلامیەکان توانیان هێرش بهێننە سەر کاشیەکان و پایتەختەکەیان کاول بکەن سامانێکی زۆر و کارە هونەریە گرنگەکان بگوێزنەوە بۆو پایتەختەکەی خۆیان(سوسە).

بەشی دووەم

میدییەکان:

پاش تەواو بوونی حوکمڕانی گۆتیەکان، لەدەوروبەری سالأنی ٢٠٠٠پ.ز شەپۆلێکی گەورەی هیندۆ ئەوروپییەکان لەناوچەی زاگرۆس گیرسانەوە و تێکەلأو بەگۆتییەکان بوون ولەگەڵیاندا توانەوە،ئەمانە بە میدییەکان ناسران، و یەکەمین ئیمپراتۆریەتی مەزن لەمێژووی کۆنی کوردا دابمەزرێنن کە سنووری لەخۆرهەلأتەوە تێپەڕی کرد بۆ ڕووباری (سەرداریا) لەئاسیای ناوەڕاست، لە باکوریشەوە تا دەریاچەی قەزوین و دەریای ڕەش، لە ڕۆژئاواشەوە تا ڕوباری هالیس (قزل ئیرماق) درێژ بۆوە.

لە خواروشیدا چیای حەمرین سنووری بوو سالّی ٦٥٠ پ.ز بەتەواوی دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، بەمەش توانیان کەبنچینەیەکی بەهێز بۆ حکومەتێکی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنن، میدیەکان کە ئەم کارەیان بۆ چووە سەر کەوتنە پەل هاویشتن و داگیرکردن.



وێنەی ژمارە (١٨)

چەند پیاوێکی (مادەکان) یان (ماننا)، سەدەی هەشتەمی پ.ز

نێوانی هەردوو دەوڵەتی میدیا و ئاشووری هەمیشە جەنگی بێ پسانەوە بووە، ساڵی ٧١٥پ.ز پادشای ئاشووری سەرجۆن توانی میدیەکان بشکێنێت و باجیان لێ بستێنێ،پاش ئەوە پاشای میدیەکان (دیاکۆ) شاری (ئەکباتانا) (هەمەدانی ئێستا) ی کردە پایتەختی میدیا ساڵی ٧٠٠پ.ز. پاش مردنی دیاکۆ، (فراورتس)ی کوڕی حوکمی گرتە دەست، فراورتس لەگەڵ ئاشووریەکان پەیمانی ئاشتی بەست، ئەم کارە ڕێی بۆ خۆش کرد دەست بەسەر فارسەکاندا بگرێت.

کیاکسار(کەی خەسرەو) ٦٥٣ - ٥٨٥پ.ز:

بەناوبانگترین پادشاکانی میدیایە، لەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی میدیا گەیشتە ئەو پەڕی دەسەڵات و لوتکەی گەشەکردن.

وێنەی ژمارە (١٩)

لە کۆتایی ساڵی ٦١٥پ.ز میدیەکان هۆز و تیرەکانیان کۆکردەوە و دەستیان کرد بەهێرش بەرەو سنووری خۆرهەڵاتی ئاشوریەکان هەر لەو

ساڵەدا توانیان شاری (ئارابخا ـــ کەرکوکی ئێستا)وئەربائیلۆ(هەولێری ئێستا) رزگار بکەن.

ساڵی ٦١٤پ.ز بەتەواوی هێزەکانیان بەرەو شارو مەڵبەندەکانی ئاشوریەکان بەڕێ کەوتن، لەم کاتەدا پادشای میدیا (کیاکسار) و (نەبو بلاسەر) ی و پادشای کلدانی پەیمانبەستنێکیان کەوتە نێوان بۆ لێدان و لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری.

هەردوو سەرکردە یەك ئامانجیان هەبوو ئەویش ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشوری بوو، لە کۆتایی ساڵی٦١٢پ.ز پاش گەمارۆدانی شاری (نەینەوا)ی پایەتەخت توانیان داگیری بکەن و پاشان شاری (ئاشور) و (نەمرود) یان داگیرکرد، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیەکاندا (زەردەشت) پێغەمبەری میدیەکان دەرکەوت و ئایینی زەردەشتی بڵاوکردەوە.

زەردەشت:

زەردەشت بەڕەگەز میدییە و ساڵی٦٦٠پ.ز لە ناوچەی (ئەترۆپاتین) لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە لەدایك بووە، ئایینی زەردەشتی بووە بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی میدیا.

کۆتایی دەوڵەتی میدیا:

ساڵانی ٥٥٣ ـــ ٥٥٠پ.ز لەسەردەمی ئاستیاك دوا پادشای میدیەکان، فارسە (هەخامنشیەکان) بەسەرکردایەتی (کۆرش) سەریان هەڵداو وەکو هێزێکی نوێ لەناوچەکە دابەیدا بوون، کۆرش کەوتە ململانێ لەگەڵ میدیەکاندا و توانی بەیارمەتی سەرکردەیەکی میدییەکان بە ناوی (هارپاك) دژی ئاستیاك بکەوێتە جەنگەوە و شاری (ئەکباتانا) داگیربکات وکۆتایی بە دەولەتی میدیا بهێنێت.

پرسیارەکانی بەندی دووەم

پ١ / پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

(لۆلۆییەکان، زاموا، نەرام سین، ئارابخا، نەهارین، عەقەرقوف، گاندیش، دیاکۆ، هارپاک، ئاستیاك).

پ٢ / بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- لەسەر کاشیەکان ئەمانەی خوارەوە روون بکەرەوە:

أ- شوێنی نیشتەجێ بوونیان.

ب- ناوی کاشیەکان لەچی یەوە هاتووە.

ج- چی دەزانی لەسەر عەقەرقوف باسی بکە.

د- چۆن دەسەڵاتیان لەناوچوو.

٢- لەسەر میتانیەکان:

أ- باس لەپەیوەندی نێوان میتانیەکان و ئاشوریەکان بکە.

ب- باس لەپەیوەندی نێوان میتانیەکان و میسریەکان بکە.

٣- لەسەر دەوڵەتی ماد ئەم بڕگانە ڕوون بکەرەوە:

أ- شوێن و سنوری ئەم دەوڵەتە دیاری بکە.

ب- چۆن ئەم دەوڵەتە کۆتایی پێ هات.

ج- ئایینی میدیەکان چی بووە.

پ٣ / ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە:-

١- لۆلۆیەکان نیشتەجێ بوون لەبەشی .... چیای زاگروس لەنێوان هەزارەی .... پێش زایین و دەسەڵاتیان گەیشتبووە ناوچەکانی ....و........ .

٢- گۆتیەکان دەسەلاتیان گەیشتە شارەکانی باشوور لەسەردەمی پاشا .... وەماوەی .... خایاند دەسەلاتەکەیان.

٣- میتانیەکان نیشتەجێ بوون لەبەشی .... کوردستان دوای جێ هێشتنی چیاکانی زاگرۆس.

٤- ڕۆژهەلاتناس جۆنس دەلێت وشەی میتانی بە مانای .... دێت بۆ .... بەکارهاتووە.

٥- کاشیەکان چەند ناوێکی تریان هەبووە و پێوەی ناسراون وەك .... و .... و ....

٦- دەولەتی میدیای مەزن لە دەوروبەری سالی............ پێش زایین دامەزرا لە بەشی .... کوردستان وە شاری............ کرایە پایتەختی ئەم دەولەتە.

بەنـدی سـێـیـەم

شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان

کوردستان:

بۆ یەکەم جار ناوی کورد هاتبێت لەسەر چاوە بزماریەکان(مێخیەکان)دا، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایینی کاتێك بـاس لـە شوێنێك دەکات بەناوی وڵاتی کوردا.

بەڵام وشەی کوردستان بـۆ یەکـەم جـار لەسـەدەی دوانزەیـەمی زایـینی بەکارهاتووە. ئەویش لە دوو بڕگەپێك دێت: (کورد) کـە ئامـاژە بـە نەتـەوەی کورد دەکات و (ستان) بە واتـای وڵات یـان هـەرێم یـان شـوێن دێـت. کەواتـە کوردستان مانای (وڵاتی کوردان) دەگەیەنێت. خاکی کوردسـتان هـەموو ئـەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باکوری چیاکانی زاگرۆس، بـاکورو بـاکوری ڕۆژهەڵاتی دۆڵی ڕافیدەین(میسۆپۆتامیا) تـا کـەناری دەریـای ناوەڕاسـت، و ڕۆژهەڵاتی بانی ئەنادۆڵ تا دامێنی چیای حەمرین.

وێنەی ژمارە(٢٠)

نەخشەی کۆنی کوردستان

گرنگترین شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان:

١- **ئەشـــکەوتی شـــانەدەر:** گـــەورەترین و بـــەناوبانگترین ئەشـــکەوتەکانی کوردستانە دەکەوێتە چیای برادۆسـت لـە پارێزگـای هـەولێر، لـە سـاڵانی نیـوان ١٩٥١ ـــ ١٩٦١لـە لایـەن تیمێکـی ئـەمریکی پـشکنینی لێ کـراوە، مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نێـوان(٦٠ ـــ ٤٥)هـەزار ساڵ، مرۆڤی نیاندرتاڵ تیایدا ژیاوە بۆ قۆناغی چاخی بەردینی کۆن دا.



وێنەی ژمارە (٢١) ئەشکەوتی شانەدەر

٢- **ئەشـکەوتی هـەزارمێرد:** ئەکەوێتـە دووری ١٣کـم لـە باشـووری ڕۆژئـاوای سلێمانی لە شاخی بەرانان، لەلایەن شوێنەوار ناسێکی ئەمریکی پشکنینی لـێ کـراوە سـاڵی١٩٢٨ز، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ٥٠,٠٠٠ سـاڵ بـۆ قۆناغی چاخی بەردینی کۆن.

٣- **ئەشکەوتی زەرزی:** ئەکەوێتە زنجیرە چیای سەرسەرد نزیـك گونـدی زەرزی لە چەمی ڕەزان لە پارێزگای سلێمانی، مێژووەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ ١٢٠٠٠ دوانـزە هـەزار سـاڵ واتە بۆ چاخی بەردینی کۆن.

٤- **چەرمـــۆ:** ئەکەوێتــە دووری١١کـم لەڕۆژهــەڵاتی شـاری چەمـچەماڵ لەسـەر چەمی گەورە یەکێکە لە لقەکانی روباری رۆخانە و تاووغ چای لە پارێزگای کـەرکوك شـوێنەواری چــەرمۆ کـۆنترین گونــد ی کشتوکاڵییە لـە جیهانــدا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ (هەزارەی حەوتەمی پێش زایین).

خەڵکی گوندی چەرمۆ ئاژەڵیان ماڵی کرد، و گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و پاقلـە یـان چـاند گلێنــەیان (قاپ) دروسـت کـرد و خانوویـان دروسـتکرد. هــەروەها پەیکەری خواوەندیان درووست کرد بەشێوەی بوو کەڵـەی قـوڕین ئامـاژە بـە خواوەندی دایك دەکات.

٥- **میلەکەی دەربەندی گاور:** ئەکەوێتە یەکێك لە دەربەندەکانی چیای قەرەداغ لە سلێمانی نزیك گوندی تەکیە و بەلەکجاڕ.

ئەم میلە هەڵکـەنرداوە لەبـەردی دەربەندەکـە وێنـەی پاشـایەك پیـشان دەدات لەوانەیـە (نـەرام سـین) بێـت، یـان (ئانوبـانینی) پاشـای لۆلۆییـەکان لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانی دا. جێگەی باسە ئەم میلە نووسـینی پێوە نییە.



وێنەی ژمارە (٢٢) نەخشەی هەندێ لە گرنگترین شوێنەوارەکانی کوردستان

٦- میلەکەی ئانو بانینی:

ئەکەوێتە سەر شاخی بادیر لەناوچەی سەرپیل زەهاو لە رۆژهەلاتی کوردستان. وێنەی پاشای لۆلۆیی ئانوبانینی پیشان دەدات لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانی دا، هەروەها هەندێ نووسینی بزماری(مێخی) پێوەیە بەزمانی ئەکەدی باس لەم رووداوە دەکات.

٧- ئەشکەوتی قزقا پان:

ئەکەوێتە نزیك ئەشکەوتی زەرزی لە زنجیرە چیای سەرسەرد نزیك



وێنەی ژمارە(٢٣) کیاکسار

لە داتاشراوەکەی قزقاپان

گوندی زەرزی لەچەمی ڕەزان، بریتییە لە گۆڕێکی سێ ژووری لە بەردی شاخەکە هەڵکەندرا وە، پێشەکەی نەخشێکی لێ هەڵکەندراوە دیمەنی

دووپاشای لەسەرە لەرێ و ڕەسمی ناشتندان، مێژووی ئەم نەخشە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتورییەتی میدیا (٧٠٠ ــ ٥٥٠پ.ز).

پرسیارەکانی بەندی سێیەم

١-چەرمۆ چییە؟ دەکەوێتە کوێوە؟ گرنگی لە چییدایە؟

٢- ئەشکەوتی هەزارمێرد دەکەوێتە کوێوە وە گرنگی لە چییدایە؟

٣- دەربەندی گاور گرنگی چییە؟

٤- ئەشکەوتی قزقاپان بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە؟

چالاکی:

گروپێك لە قوتابیان بە یارمەتی مامۆستای وانە.... نەخشەیەکی مێژوویی بۆ دەست نیشانکردنی (شوێنەوارەکان) ئامادە دەکات..

بەندی چوارەم

بەشی یەکەم

ئێران لە سەردەمی ئەخمینیەکان (هەخامەنشیەکان)

لە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠پ.ز فارسەکان لە دەوروبەری دەریای قەزوین هاتن بۆ ناوچەی (پارس) لە باشوری ئێران نیشتەجێ بوون و ماوەیەکی زۆر ملکەچی میدیەکان بوون.

لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پ.ز لە ئەنجامی یەکگرتنی هۆزە فارسەکاندا یەکەم دەوڵەتی فارسی دامەزرا لەسەر دەستی (ئەخمینس).

کۆرشی دووەم ٥٥٨ - ٥٣٠پ.ز:

پاش پاشا قەمبیز کۆرشی دووەم دەسەلاتی دەوڵەتی هەخامەنشیەکانی گرتە دەست لەژێر نازناوی کۆرشی گەورە، و لەو ساڵانەدا

ملکەچی کیاکساری پادشای میدییەکان بووە. بەلام لەساڵی٥٥٠پ.ز توانی دژی دەسەلاتی میدییەکان بوەستێت و دەوڵەتی میدیا بڕوخێنێت و ئەکباتانا داگیر بکات و هەموو گەنجینەکانی بە تالان ببات. کۆرش لەو ساتانەدا بەناوی پادشای میدیا خۆی ناساند بۆیە میسریەکان و یۆنانیەکان بەو نازناوە مامەڵەیان لەگەڵدا گرتووە.

کردەوە جەنگیەکانی کۆرشی گەورە زۆر و گرنگن وەك ڕووخاندنی دەوڵەتی میدیا ساڵی ٥٥٠پ.ز ، و ڕووخاندنی دەوڵەتی لیدیا لە ئەنادۆڵ ساڵی٥٤٦پ.ز، و داگیر کردنی ئەفغانستان و هەردوو هەرێمی (سەیحوون وجەیحون) و قەندەهار و تا باکووری خۆرئاوای هیندستان، پاش ئەم جەنگانە کۆرش ڕووی کردە وڵاتی بابل و توانی پادشای بابلیەکان بشکێنێ و بابل داگیر بکات، ساڵی ٥٣٩پ.ز نازناوی پاشای بابلی لەخۆنا.

قەمبیز (کەمبوجیە) ٥٣٠ - ٥٢٢پ.ز:

قەمبیزی دووەم سەرکردەیەکی گەورەی هەخامەنشیەکان بوو سەرەڕای چەسپاندنی دەسەلأتی بەسەر ئەو زەوی و زارانەی لە سەردەمی کورشی باوکی داگیر کرابوو، هەڵمەتی بردە سەر ولأتی میسر، ساڵی ٥٢٥پ.ز توانی داگیری بکات.

ساڵی ٥٢٢پ.ز لە ولأتی فارس (باردیا) ی برای قەمبیز شۆڕشی بەرپاکردو قەمبیز ناچار میسری بەجێ هێشت و بەرەو ولأتی فارس گەڕایەوە، بەلأم لەپیلانێکدا دارای یەکەم(داریوشی یەکەم) توانی قەمبیز لەناوبەرێت و فەرمانڕەوایی باردیاش زۆری نەخایاند.

دارای یەکەم (داریوشی یەکەم) ٥٢٢ - ٤٨٦پ.ز:

سەرەتای حوکمی دارای یەکەم(داریوشی یەکەم) بەهەڵگەڕانەوە و شۆڕشی ویلایەتەکان دەستی پێکرد بەتایبەتی شۆڕشی میدیا و عیلام و بابل، دارا هێرشی بۆ سەر بابل دەست پێکردو توانی داگیری بکاتەوە و دەستی بەسەردا بگرێتەوە و پاشان شۆڕشەکانی تری میدیاو عیلام و ناوچەکانی تری دامرکاندەوە، دارا ئەم سەرکەوتنانەی لەسەر کێوی بێستون هەڵکەندووە کە دەکەوێتە نزیك شاری کرماشان لە ڕۆژهەلأتی کوردستان. شایانی باسەشۆڕشەکەی میدیا (کوردستان) بەسەرکردایەتی فراورتس بوو.

وێنەی ژمارە (٢٤) فراورتس سەرکردەی شۆرشی میدییەکان

(لە کێوی بێستوون وەرگیراوە)

دارای یەکەم (داریوشی یەکەم) لە ماوەی ٥١٨ ــ ٥١٤پ.ز توانی چەند ڕێکخستنێکی کارگێڕی پەیڕەو بکات، ولاتەکەی دابەش کرد بەسەر (٢٦) ویلایەتدا (هەرێمدا) کە پێیان دەووترا (ساتراب) هەروەها دەزگای تایبەتی ئاسایشی دامەزراند بۆ پاراستنی ولات وەدانانی سیستەمێك بۆ وەرگرتنی باج و ڕێکخستنی ڕێگا و بانە بازرگانییەکان، وە لە ڕووی ئایینیەوە ڕێزی لە خواوەند (ئاهورامزدە) دەگرت کەوای دەزانی سەرکەوتنەکانی لە ڕێگەی ئەم خواوەندەوە بووە لەمەوە دەردەکەوێت دارا پەیڕەوی ئاییینی زەردەشتی کردووە.



وێنەی ژمارە (٢٥) تاقی بوستان (کێوی بێستون)

سەرکەوتنی داریوش بەسەر دوژمنەکانی

شەڕەکانی یۆنانی- ئەخمینی (٤٩٠ — ٤٨٠ پ . ز):

هۆکارەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ داگیرکردنــی وڵاتــی یۆنــان لــە لایــەن ئەخمینیەکان (هەخامەنشیەکان)*ەوە و ڕاپەڕینی یۆنانیـەکان دەسـتی پێکـرد بەتایبەتی شاری (ئەسینا) کە پەیڕەوی ڕاپەڕینەکەی دەکرد. ئەوە بوو چەند شــەڕێکی گــەورە لــە نێـوان هــەردوولادا بــەرپابوو، بــەناوبانگترینیان شــەڕی دەشــتی (مــاراثــۆن) بووســاڵی ٤٨٦ پ.ز کــە بەســەرکەوتنی یۆنانیــەکان و شکستی هەخامەنشیەکان کۆتایی هات.

پاشا ئەحشویرشی یەکەم٤٨٦ ــ ٤٦٥پ.ز:

ئەم شایە ئەرکێکی گەورەی کەوتە ئەستۆ ئـەویش بـەرەنگار بوونـەوەی شۆڕشــی ویلایەتــەکان بــوو. یەکــەم جــار تــوانی شۆڕشــی میــسریەکان دابمرکێنێتەوە ساڵی ٤٨٤ — ٤٨٢ پ.ز بـە توندی لـە شۆڕشـی دانیـشتوانی بــابلی دا وشــارەکەی کــاول کــرد و زەقــوڕە بەناوبانگەکــەی وێـران کـرد.

---

* لە سەردەمی دارای یەکەمدا.

ئەحـشویرشی یەکـەم خـۆی کـۆکردەوە بـۆ جـەنگی یۆنانیـەکان بـەڵام لـەم هەڵمەتەیدا شکستی هێنا بەتایبەتی لەشەڕی (بلاتیە) دا.

پاشا ئەرتحششتای دووەم ٤٠٤ ـ ٣٥٩ پ.ز:

ئەرتحششتای دووەم لەو ڕۆژەوەی کـە دەسـەڵاتی لەپەرسـتگای شـاری (بازرگادە) وەرگرت لەلایەن برا بچووکەکەیەوە کـەناوی کـۆرش بـوو هێرشـی کرایە سەر بەڵام هێرشەکە شکستی هێنـا، لەگـەڵ ئـەوەی بڕیـاری لـێ خـۆش بوونی بۆ دەرکرد بەڵام ئەو سور بوو لەسەر دژایەتیەکەیەوە ئەوە بوو کۆرش جاڕی شۆرشی بە یارمەتی گریگەکان (یۆنانیەکان) دا کە بەهەڵمەتی دەهەزار سـواری یۆنـانی ناسـراوە بەسـەرۆکایەتی (زەینـەفۆن). ئەرتحشـشتا تـوانی بەسەر ئەم شۆڕشەدا سەربکەوێت و کۆرشی برای بکوژێت.

بەم جۆرە لەشکرەکەی زەینەفون دوای تـەواو بـوونی کارەکـەیان سـاڵی ٤٠١ ـ ٤٠٠پ.ز بە کوردستاندا گەڕانەوە بۆ یۆنان،لە ڕێگادا تووشی بەرگری و هەڵمـەتی کـوردان بوونـەوە(کـە زەینـەفون بـە کـاردۆخی نـاوی بـردوون لـە کتێبەکەی ئەناباسیس).

شایانی باسیشە دواپادشای هەخامەنشیەکان داریوشـی سـێیەم بـوو کـە ساڵی ٣٣١پ.ز لە شەڕی گۆگمێلا (ئەربێلا) نزیك هەولێری ئێستا لە بەرامبـەر لەشـکری ئەسـکەندەری مەکـدۆنی شـکا، بـەم جـۆرە دەوڵـەتی هەخامەنـشی ڕووخا و تەواوی ئەنادۆل وشام و میـسر و کورسـتان و عێـراق و ئێـران بوونـە بەشـێك لـە ئیمپراتۆریەتەکـەی ئەسـکەندەری مەکـدۆنی، هەرچەندەناوچـەی میدیا (کورستان) دوای شکانی داریوش سەربەخۆیی خۆی بۆ ماوەیەك لە ژێر سەرکردایەت (ئەتروبات = ئەترو‌باتکان) ڕاگەیاند. ساڵی ٣٢٣پ.ز ئەسکەندەر لە شاری بابل دەمرێ و ئەنجامەکەی ئەوەبوو ئیمپراتۆریەتەکەی ئەسکەندەر

لــه نێــوان ســەرکردە ســەربازییەکانی خــۆی دابەشــکراو، ئــەنادۆڵ وشــام و کوردســتان وعێــراق وئێــران بــەر (ســلۆقس) کــەوتن وئــیتر ئــەم ســەردەمە بەسەردەمی (سلۆقی) ناودەبرێت، میسریش بـەر (بـەتلیمۆس) کـەوت و ئـیتر ئەم سەردەمە بە سەردەمی (بەتاڵیسە) ناودەبرێت.

راهێنان

١- فارسەکانی کە لە ناوچەی (پارس)دا جێ نشین بـوون, ماوەیـەکی زۆر مل کەچی:

گریکەکان , میدیەکان , حیثیەکان : بوون

٢- لە مێژووی دێرین ((شـەڕ)) کردنـی سـیمای سـەرۆکی پەیوەنـدی نێـو دەوڵەتی بوو....

ئایا ئێستا سیمای سەرۆکی سەرەکی ئەم پەیوەندیە نێو دەوڵتیە چییە؟

تەوەرێك بۆ گفتوگۆ.

بەشی دووەم

ئێران لەسەردەمی فورثیەکان (ئەشکانیەکان)

لە دەوروبەری ساڵی ٢٥٠ ـ ٢٤٧پ.ز دا و لەنێوان ئەو هۆزانەی کە لە وڵاتی (بارثوا) (خوراسان)ی ئێستا نیشتەجێ بوون، دووبرای سەرکردە دەرکەوتن بەناوی (تیریداتس) و (ئەرشاك) کە توانیان لەشەڕێکی خوێناویدا کە (ئەرشاك)ی تێدا کوژرا سەرکەوتن بەدەست بێنن دژی (سلۆقیەکان) لە هەرێمی (پارثوا)، پاشای ئەشکانیەکان توانی هەرێمی خۆراسان و چەند هەرێمێکی دەوروبەری دەریاچەی قەزوین داگیربکات، لەبەرفراوان و گەورەیی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی دوو پایتەختیان بۆخۆیان دروستکرد یەکەمیان (ئەکباتانا) (هەمەدان)ی میدیەکان بوو کە پایتەختی هاوینەیان بوو، دووەمیان (تەیسەفون) لەسەر بەشی خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلە، پایتەختی زستانەیان بوو.

پاشا متریداتس یەکەم ١٦٠ - ١٤٠پ.ز:

دەوڵەتی ئەشکانیەکان لە سەردەمی پاشا متریداتس دا زیاتر دەسەڵاتی جێگیر بوو، بەشێوەیەك وڵاتی میدیا و فارس و بابل و هەرێمی ئارامیەکان و ئاشوریەکانی گرتەوە، ئەشکانیەکان لەم سەردەمەدا شاری (تەیسەفون) (تاقی کیسرا= سەلمان پاکی ئیستای نزیك شاری بەغداد) یان دروست کرد، قریداتسی یەکەم کە بە دامەزرێنەری ئیمراتۆریەتی ئەشکانی دادەنرێت نازناوی (پاشای پاشایان)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، و نازناوی (هیلینەکان)یشی لە خۆ نا بۆ ڕازی کردنی یۆنانیەکان.

شەڕی نێوان سلوقیەکان و ئەشکانیەکان:

سلوقیەکان هەمیشە لەهەوڵی ڕزگاربووندا بوون لەژێر دەسەڵاتی ئەشکانیەکان، ئەوە بوو لەسەردەمی پاشای سلوقیەکان (ئەنطیوخسی حەوتەم) دا هەڵمەتێکیان ئامادەکرد بۆ سەر هەرێمەکانی خۆرهەلآت و توانیان لەسێ شەڕدا بەسەر ئەشکانیەکاندا سەربکەون و شاری (ئەکباتانا) داگیر بکەن.

فراهاطس:

کاتێك فراهاطس هاتە سەر تەختی پادشایی ئەشکانیەکان، داوای لە سلوقیەکان کرد پەیمانی ئاشتی ببەستن، بەلآم سلوقیەکان قبوڵیان نەکرد، لەبەر ئەوە فراهاطس هانی دانیشتوانی شارەکانی دا دژی سلوقیەکان شۆرش بکەن، خۆشی بەسوپایەکی بەهێزەوە هێرشی کردە سەر ناوەندی دەسەلآتی (ئەنطیوخس) و توانی لەو شەڕەدا بیکوژێت و ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی بەدیل بگرێت. بەمەش ساڵی ١٢٩پ.ز سلوقیەکان کەوتنە مەترسی لەناوچوون لەخۆرهەلآتەوە مەترسی ئەشکانیەکان و لە خۆرئاواوە ڕۆمانیەکان.

متریداتس دووەم ١٢٣ - ٨٨پ.ز:

دەوڵەتی ئەشکانی لە بەشەکانی خۆرهەلآتدا ڕووبەڕووی هێرشی هۆزەکانی (ساکا) بوونەوە، ئەم هۆزە کۆچەرانە ڕژانە وڵاتی ئێران و لە زنجیرەشەڕێکدا ئەشکانیەکانیان شکاند و شا (فراهاطس) یان کوشت.

ساڵی ١٢٣پ.ز پاشایەکی بەهێز سەری هەڵدا بەناوی متریداتس دووەم کە سەلماندی فەرماندەیەکی بەهێز و مەزنە، توانی هەموو مەترسیەکانی

هۆزەکانی (ساکا) نەهێڵێت و هەموو ویلایەتـەکان بگێڕێتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی خۆی، پاش ئەوە خۆی تەرخان کرد بۆ کـاری ئاشـتی و پەیوەنـدی بازرگـانی لەگەڵ چینیەکان.

شەڕەکانی نێوان ئەشکانیەکان و ڕۆمانیەکان

یەکەم:

کۆنترین پەیوەندی نێـوان ئەشـکانیەکان و ڕۆمانیـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی متریداتس دووەم، کە ساڵی٩٢پ.ز داوای پـەیمان بەسـتنی ئاشـتی لەگەڵـدا کـردن، بـەڵام ڕۆمانیـەکان ڕازی نـەبوون و بەسـەرکردایەتی (سـلا) هێرشیان کردە سەر مەملەکەتی ئەرمەن، متریداتس وەفدێکی نارد بۆ گفـت و گۆی ئاشتی بەڵام (سـلا) بـەوەڕازی نـەبوو، لەبـەر ئـەوە جـەنگ لەنێوانیانـدا بەرپابوو، لەزنجیرەیـەك شـەڕ و پێکدادانـدا ڕۆمانـەکان شـکان و ناچـار داوای پەیمانی ئاشتیان کرد لەسەردەمی فراهاطسی سێیەم ساڵی ٧٦ ــ ٧٠پ.ز .

دووەم:

پاش کوشتنی فراهاطـسی سـێیەم ئـاژاوە بـاڵی کێـشا بەسـەر دەوڵـەتی ئەشـکانیەکاندا بەتایبـەتی لـە نێـوان بنەماڵـەی فـەرمانڕەوادا، ڕۆمانیـەکان بەسـەرکردایەتی (کراسـوس) ئـەم هەلـەیان قۆسـتەوە جـەنگیان دژی ئەشکانیەکان بەرپاکرد، ئەوە بوو ساڵی ٥٧پ.ز شەڕی خوێناوی (حەران) لـە باکوری ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و ڕۆمانیەکان شکان و کراسوسیش کوژرا.

سێیەم:

ڕۆمانیەکان بەسەرکردایەتی (کاسیوس) توانیان (تەیسەفۆن) ی پایتەختی ئەشکانیەکان داگیربکەن، هەروەها هێرشیان بردە سەر شاری (الحضر) و داگیریان کرد. دژوارترین سەردەمی نەهامەتی ئەشکانیەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (کراکلا) دا بوو، ئەم سەرکردەیە بەفێڵ وا خۆی پیشان دا دەیەوێت پەیمانی ئاشتی لەگەڵیاندا مۆر بکات بۆیە دانیشتوانی (طیسفون) دەرگاکانی شاریان خستە سەرپشت و دڵنیابوون، بەڵام کراکلا دڕندانە هێرشی بردنە سەریان و ژمارەیەکی بێ شوماری لە خەڵکی کوشت. بەڵام ئەویش بە سزای خۆی گەیشت و بەنهێنی تیرۆر کرا.

چوارەم:

دوا شەڕی نێوان ڕومانیەکان و ئەشەکانیەکان شەڕی (نوصەیبین) بوو لە باکوری ڕۆژئاوای کوردستان کە ئەنجامەکەی بەمۆرکردنی پەیمانی ئاشتی کۆتای هات، بەو جۆرە جەنگی نێوان هەردوو لا کە نزیکەی دوو سەدەی خایاند جگە لەکاول کاری و وێران کردن هیچ لایەکیان سەرکەوتوو نەبوون.

کۆتایی دەسەلاتی ئەشکانیەکان:

جەنگی دوور و درێژی دووسەدەی نێوان ڕۆمانیەکان و ئەشکانیەکان هۆی سەرەکی لاوازی دەوڵەتی ئەشکانیەکان بوو، بەڵام هەڵگەڕانەوە و شۆڕشی ویلایەت و میرنشینەکانیش زۆر کاریگەربوون، بەتایبەتی شۆڕشی هەرێمی فارس بەسەرکردایەتی ئەردەشێری کوڕی بابك کوڕی ساسان کە توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دەوڵەتی ساسانی دابمەزرێنێت.

بەشی سێیەم

ئێران لە سەردەمی ساسانیەکان

ساسانیەکان بەناوی (ساسان)ی باپیری (ئەردەشێر)ەوە ناونراون کە پیاوێکی زانا و ئاینی بووە لەشاری (ئەستەخر) ی هەرێمی فارس. ئەردەشێر پاش مردنی (بابك)ی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، جەنگی کۆتایی نێوان پاشای ئەشکانیەکان و ئەردەشێردا بەسەرکەوتنی ئەردەشێر کۆتایی هات.

لە ساڵی ٢٢٤ زایینی دا(مەدائن) (تەیسەفون)ی پایتەختی داگیرکرد و لەوێ خۆی بەمیراتگەری ئەشکانیەکان لەقەڵەم دا و فەرمانڕەوایی بنەماڵەیەکی نوێی بەناوی ساسانیەکانەوە ئاشکراکرد و نازناوی (شاهەنشا) ی لەخۆنا. ئەردەشێر لەزنجیرەیەك شەڕ و پێکدادانەدا فەرمانڕەواییەکەی چەسپاند و توانی هەرێمەکانی میدیا و ئەرمینیا و ئەفغانستان وبلوخستان و بابل داگیر بکات.

شاپووری یەکەم ٢٤٢ - ٢٧٢ز:

کاتێك شاپوور هاتە سەر حوکم تووشی شوڕشی ئەرمینیا و(الحضر) بۆوە، شاپوور توانی پاش چوار ساڵ بەسەر ئەم شۆڕشانە دا سەربکەوێت. گەورەترین مەترسی کە شاپوور بیری لێدەکردەوە، مەترسی بیزەنتیەکان بوو.

شاپور پاش ئەوەی بارودۆخی وڵاتەکەی جێگیر بوو، سوپایەکی بەهێزی ئامادەکرد دژی بێزەنتیەکان و بەرەو سوریا ڕەوانەی کرد و زۆریەی شارەکانی داگیرکرد تا گەیشتە (ئەنتاکیا)، بیزەنتیەکان ناچار پەیمانی

ئاشتیان بەمەرجەکانی شاپوور مۆرکرد، پاش چەند ساڵێك جەنگێکی نوێ لەنێوانیاندا ڕووی داو بیزەنتیەکان دیسان تیایدا شکان وحەفتا هەزار دیلیان لێ گیرا، کە ڕەوانەی شاری شاپوور کران و لەوێ بەنداوێکی گەورەیان پێ دروست کردن بە ناوی بەنداوی ئیمپراتۆر لە سەر رووباری کارۆن.

شاپووری دووەم ٣١٠ - ٣٧٩ز:

شاپووری دووەم زۆرترین ماوەی فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست کە نزیکەی حەفتا ساڵی خایاندووە، ئەم شایە لەو ماوە دوور و درێژەدا گەلێك کردەوەی گرنگی بەدەست هێنا:

یەکەم: کارەکانی لەناوەوەی وڵات:

١- کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خانەوادەکان، کە ئەمانە دەسەڵاتی زۆریان هەبووەو سامانێکی زۆریان پەیداکردووە، شاپوور دەسەڵاتی خانەدانەکانی کەم کردەوە و بەهیچ جۆرێك ڕێی پێنەدان دەست لە کاروباری دەوڵەت وەربدەن.

٢- ڕێکخستنەوەی کاروباری کارگێڕی و ئابووری.

دووەم: کارەکانی دەرەوە:

١- شەڕەکانی لەگەڵ هۆزەکانی (هۆن) لەوڵاتی چین وکەدواتر پەیمانی ئاشتی لەگەڵدا بەستن و زۆربەیان هاتنە ژێر ڕکێفیەوە.

٢- ساڵی ٣٥٩ز توانی هێرش بەرێتە سەر قەڵای (ئامەد= دیاربەکر) و لە دەستی بێزەنتیەکانی ڕزگاربکات.

٣- عەرەبەکانی هەرێمی (بەحرەین)ی شکاند.

٤- دوا جـەنگی شـاپوور لەگـەڵ بیزەنتیەکانـدا پـاش بڵاوبوونـەوەی ئـایینی مەسیحی بـوو، کەئـەم ئایینـەبوو بـەئایینی ڕەسمـی بیزەنتیـەکان شـەڕو جەنگی نێوانیان بێ ئەنجام بەپەیمانی ئاشتی کۆتایی هات.

کیسرا ئەنو شیروان

سەردەمی کیسرای یەکەم کە بە ناوی ئەنوشیروان ناسـراوە بەگەشـترین سەردەمەکانی دەوڵەتی ساسانی دادەنرێـت. کیـسرا ئەنوشـیروان لـە مـاوەی دەسـەڵاتیدا تـوانی خزمـەتێکی گـەورە بگەیەنێتـە گـەلی ئێـران لـە هـەموو بوارەکـانی ژیانـدا، ئەمـە جگـە لـەوەی کەسـەڵاتی ساسـانیەکانی گەیانـدە (یەمەن) لە ڕێگای دەریاوە.

چاکسازیەکانی کیسرا ئەنوشیروان

١- لەڕووی کۆمەلآیەتیەوە:

میری ویلایەتەکانی ئاگادار کردەوە کە هیچ کارێك بـەبێ پرسـی مەرکـەز ناکرێـت واتـە مەرکەزیـەتی پـەیڕەو کـرد، دوای پـشێوی کۆمەلآیـەتی چارەسەرکرد کە پـشتگیرانی (مـەزدەك) دروسـتیان کردبـوو، مـاڵ و زەوی و زاری گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانی، و تاوان بارانی بە سزای خۆیان گەیاند.

٢- لەبواری ئابووریدا:

لەم بوارەدا کیسرا فەرمانی دا بەنوێ کردنەوەو ئاوەدان کردنـەوەی ئـەو گوند و ڕێگا و پرد و جۆگایانەی کە خاوەنەکانیان نەیان توانیبـوو پارێزگـاری بکەن بەهۆی ئەو پەشـێویەی لایـەنگیرانی (مـەزدەك) نابوویانـەوە، هـەروەها یاسای باجی سەرلەنوێ بەشێوەی گونجاو دانایەوە.

لە گرنگترین شوێنەوارەکانیشی (تاقی کیسرا) لە (مـەدائین) کەتائێـستا لـە خوار بەغدای ئەمڕۆ ماوە.



وێنەی ژمارە (٢٦) تاقی کیسرا لە مەدائین

هۆکارەکانی ڕووخاندنی دەوڵەتی ساسانی:

١- ململانێی نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەواکان و نەمانی شکومەندی پاشاکان.

٢- ململانێی نێوان ئایینەکان بەتایبەتی نێوان ئایینی زەردەشتی کە ئایینی فەرمی دەوڵەت بوو لەگەڵ ئایینەکانی تری وەک جولەکەو مەسیحی لەلایەکەوە، مەزدەکی و مانەوەی لەلایەکی ترەوە.

٣- دەسەلاتی نەجیب زادەو دەرەبەگەکان کە پەیڕەوی مەرکەزیان نەدەکرد.

٤- زۆری باج لەسەر دانیشتوان بەتایبەتی دوای سەردەمی (ئەنوشیروان) بوو بەهۆی نارەزایی زۆر لەنێوان چینە جیا جیاکاندا.

٥- زنجیرە جەنگەکانیان لەگەڵ زۆربەی نەتەوەکانی دراوسێ وەك بیزەنتیەکان و ئەرمەنیەکان و تورك و عەرەب.

بەندی پێنجەم

مێژووی کۆنی دۆڵی نیل (میسر)

وڵاتی میسر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کیشوەری ئەفریقا، بەسەر دوو دەریای گرنگدا دەڕوانێت یەکەمیان دەریای سپی ناوەڕاست (ڕۆم) لەباکوورەو ئەوی دیکەیان دەریای سور (قەڵزەم) لە خۆرهەڵاتەوە، بەشی باشووری میسر بریتی یە لەوڵاتی سۆدان لە رۆژئاواش وڵاتی لیبیایە و بەم شێوەیەش هەرسێ کیشوەری جیهان (ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا) بەیەک دەگەیەنێت و هەر لە سەردەمانی کۆنەوە ڕێگای سەرەکی ئەم بەیەک گەیاندنە بووە. پاش تێپەڕبوونی ڕووباری نیل بە وڵاتی میسر دا گرنگیەکی تری بەم وڵاتە بەخشیوە، هەروەک گەورە مێژوونووسێکی وەک هێرۆدۆتس دەڵێت: (میسر خواپێداوی نیلە).

چاخەکانی پێش مێژوو:

چاخەکانی پێش مێژوو بەشی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن لەسەر ڕووی زەویدا، لە میسریش بەهاوشێوەی وڵاتانی دیکە لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم مرۆڤ لە ناوچەکەدا دەستپێدەکات کە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە زاین دەگەڕێتەوە تا کاتی داهێنانی نووسینی هێرۆگلیفی لە(٣١٠٠پ.ز)، بەڵام سەبارەت بەو ماوەیە زانیاری کەمە بۆیە بۆ دەسکەوتنی زانیاری، پشت بەشوێنەوارو کەل و پەل و پاشماوەکان دەبەسترێت، لەمانەش بەتایبەتی گڵێنەسازی، مرۆڤ لەم سەردەمدا ژیانێکی سادەو ساکار ژیاوە بەردی بۆ کەل و پەلەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەکارهێناوەو لەکۆتایی سەردەمەکانی تردا بەکارهێناوە.

بە شێوەیەکی گشتی چاخەکانی پێش مێژوو دابەش دەکرێن بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:

یەکەم: چاخی بەردینی کۆن (تا دەوروبەری نزیکەی ٨٠٠٠پ.ز دەگرێتەوە):

لەم چاخەدا سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانیان لەبەرد دروست کردووە، بۆیە پێی دەگوترێت چاخی بەردین، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی دار و ئێسکی ئاژەڵ.

* گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم سەردمە:

١- سەرجەم پێداویستیەکانیان لەبەرد دروست کردووە وەك: چەقۆ، تیر، ......هتد

٢- کۆڵەکەی سەرەکی ژیانیان بریتی بووە لە ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی و کۆکردنەوەی خۆراك.

٣- شوێنێکی تایبەت و دیاری کراویان نەبووە بۆ نیشتەجێ بوون.



شێوەی (٢٧) نەخشەی

دۆڵی نیل (میسر)

دووەم: چاخی بەردینی ناوەڕاست:

سەبارەت بەم چاخە لەمیسر شوێنەوار زۆر کەمەو زانیاریش لەبارەیەوە کەمە تەنها لەناوچەی (حەلوان) نزیك بەقاهیرە نەبێت کە چەند شوێنەوارێکی کەمی تیادا دۆزراوەتەوە، لەم سەردەمەدا ئەو کەلوپەلانەی, کە لە بەرد دروستدەکران لەڕووی قەبارەوە گەورە بوون.

سێیەم: سەردەمی بەردینی نویێ:

لە سەردەمی بەردینی نوێدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوویداوە، کە لە سەردەمەکانی تری پێش خۆیدا نەبووە، هەر بۆیە ئەم سەردەمە بەسەردەمێکی گرنگ دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی دۆزینەوەی کشتوکاڵ لەم سەردەمەدا و هەروەها فێربوونی بەخێو کردنی ئاژەڵ و ماڵیکردنیان و درووستکردنی خانوو بەرەو نیشتەجێبوون و گڵێنە سازی و دروستکردنی جل و بەرگ و هەڵگرتنی چەك بۆ خۆپاراستن لە سیما دیارەکانی ئەم سەردەمەن.

چوارەم: چاخی بەردینی کانزایی:(٣٨٠٠ ــ ٣٢٠٠پ.ن):

ئەم سەردەمە لەهەموو چاخەکانی پێش خۆی پێشکەوتووتربووە کەپێی دەگوترێت سەردەمی پێش شارستانیەت یاخود سەردەمی سەرەتای شارستانیەت، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کانزا لەکەل و پەل و پێداویستیەکاندا لە جیاتی بەرد لەژیانی ڕۆژانەدا.

*** گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم سەردەمەش بریتی بوون لە:**

١- بەکارهێنانی کانزای(مس و برۆنز).

٢- بەکارهێنانی بەرد لەبواری جوانکاریدا وەك ملوانکەو بازن و ...هتد.

٣- فراوان بوونی بواری کشتوکاڵ.

٤- فراوان بوونی قەبارەی لادێکان و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی ڕێك وپێك.

٥- پێــشکەوتنی گڵێنەســازی بەتایبــەتی گڵێنــەی ڕەنگــاو ڕەنــگ، کــە بەشێوازێکی هونەری جوان دروست کرابوون.

٦- لەکۆتایی ئەم سەردەمەدا پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە پەیدابووە.

چاخە مێژوییەکان:

پێش دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەکان وڵاتی میسر بە چەند یەکەیەکی سەربەخۆ یان دەوڵەتۆیەکی بچووک بچووکدا دابەش بوو بوو چ لە باکوور و چ لەباشوور...، هەریەکە لەم دەوڵەتۆکانەش فەرمانڕەواو خواوەندی تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، تا لە سەردەمی شا (مینا) دا توانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت، کە پایتەختی شاری (مەنفیس) بێت و تیایدا نزیکەیی (٣١) بنەماڵە فەرمانڕەوایەتی بکات.

مێژووی چاخە کۆنەکان لەمیسر دابەش دەکرێت بۆ چەند سەردەمێك ئەوانیش:

یەکەم: سەردەمی کۆن:

ئــەم ســەردەمەش بــەپێی مــاوە مێژووییــەکان دابەشــدەکرێت بــۆ چــەند سەردەمێکی دیکــە لەوانــە ســەردەمی ســەرەتای دەســەڵاتی بنەماڵــەکان کــە بنەماڵــەی یەکــەم و دووەم دەگرێتــەوە و لــە ســاڵی(٣١٠٠پ.ز) بەفــەرمان ڕەوایەتی مەلیك (مینا) دەستپێدەکات و شاری(مەنفیس) دەکەنــە پایتــەختی

خۆیان، کەلە هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەم شارەوتراوە (ترازووی زەوی)، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەگەر بارودۆخ لەویَ نائارام بوایە ئەوا ئەبووە نائارامی و پشێوی لەناوچەکانی دیکەشدا، پادشا و مەلیکەکانی ئەم چاخەش چەندین ناو و ناسناویان لەخۆیان ناوە وەك (شای میسری سەروخوار) یان (باکوور و باشوور).

پاش ئەمان سەردەمی هەرەمەکان دێت کە بنەماڵەی سێیەم تا شەشەم دەگرێتەوە، پادشاکانی ئەم سەردەمە چەندین هەرەمی گەورەو بەناوبانگیان درووستکردووە، وەك یەکەم هەرەم، کە لە لایەن (زۆسەر) لەناوچەی (صەقارە) بەشێوەی پلیکەدار درووستکراوە کە لە (٦) چین پێکهاتووە.

وێنەی ژمارە (٢٨) هەرەمی پلیکەدار (چین چین)

هەروەها لەسەردەمی بنەماڵەی چوارەم لەلایەن مەلیك (خۆفۆ) وە پایتەختی گواستەوە بۆ ناوچەی (جیزە) و لەویَ هەرەمێکی تیادا دروستکرد، کە تەلارێکی بەردینی گەورەیەو بناغەیەکی چوارگۆشەیی هەیەو شێوەکەی هەرەمییە و لاکانی سێگۆشەیین، ئەو تاشەبەردانەی هەرەمەکەی لێ درووستکراوە بەشێوەی چوارگۆشەیی داتاشراوەو کێشی هەر بەردێك دوو تەن و نیو دەبێت و درێژی بناغەی چوارگۆشەکەی نزیکەی (٧٥٥) پێیەو

بەرزیەکەی (١٣٩ ــ١٤٠) مەترە، نزیکەی دووملیۆن و سێسەد هـەزار بـەردی تیـادا بـەکارهێنراوە و مـاوەی (٢٠) سـاڵی خایانـدووە و ڕۆژانـە (١٠٠) هـەزار کرێکـار کاریـان تیـادا کـردووە، لەگـەڵ ئـەم هەرەمـەدا ژمارەیـەك ژوور لـە دەوروبەری هەرەمەکەدا هەیە، کەئەمانەش تایبەت بوون بە پیاوانی ئایینی و قوربانی کردن و.......هتد.

هەروەها مەلیك (خەفرەع)، کە نازنـاوی (فیرعـەون)ی لێنـراوە، بـەواتای (ماڵی گەورە یان مەزن)ە، ئـەم مەلیکـەش بەهاوشـێوەی بـاوکی لـە (جیـزە) هـەرەمێکی درووسـتکرد و لەگەڵیـشیدا پەیکـەرێکی درووسـت کـرد، کـە بـە (ئەبوئەلهول) لەئێستادا ناسراوە ئەم پەیکەرە بریتیە لەسەری مرۆڤێك کە بـە لاشەی شێرێکەوەیە، کەئەمەش مەلیك (خەفرەع) دەنوێنێت،

وێنـەی ژمارە (٢٩)

لەگـەڵ ئەمانەشـدا پەرسـتگایەکی گـەورەی دروسـت کـردووە کـە بـە (معبـدالوادي) دەناسـرێت، سـێیەم هـەرەمی مـەزنیش هەرەمەکـەی مـەلیك (مـەنکورەع) بـوو لەتـەك دوو هەرەمەکـەی تـر، هـەروەها هـەر لـەم سەردەمەداچـەند هـەرەمێکی بـچووکتر درووسـتکراون وەك (صـەقارە و ئەبوصـیر و ...هتـد). لـە لایـەنی بیروباوەڕیشەوە لـەم سـەردەمەدا وازیـان لەپەرستنی فیرعـەون هێنـاوە و پەرستنی خواوەنـد (ڕەع) دەسـتپێدەکات،

بۆیە زیاتر گرنگی بەپەرستگاکان دراوە و سەرباری ئەوەی کە درووستکردنی هەرەمەکان لەم قۆناغە مێژووییەدا بەواتای پێشکەوتنی هونەری تەلار سازی و بەرزی ئاستی گوزەران و هێمنی و ئاسایش دەگەیەنێت.

وێنەی ژمارە (٣٠)

سێ هەرەمە گەورەکەی فیرعەون

خۆفو، خەفرع، مەنکورەع

هۆکارەکانی دروستکردنی هەرەمەکان:

١- هۆکارە ئایینیە، کە میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بەزیندووبوونەوەی پاش مردن بووە، وایان داناوە کە مرۆڤ لەدووبەش پێکهاتووە (جەستەو گیان)، گیان کاتێك لەجەستە دەردەچێت جارێکی تر بۆی دەگێڕێتەوەو زیندوو دەبێتەوە و دەچێتە ئاسمان، بۆیە پێویستە شوێنێك هەبێت بۆ پاراستنی جەستە لەتێکچوون و خراپبوون.

٢- میسرییە کۆنەکان چەندین خواوەندیان پەرستووە، لەوانە خواوەندی ڕۆژ، کە پێیان وابووە زەوی و ئاسمان ڕووناك دەکاتەوە، بۆیە چەندین پەیکەریان بۆ دروستکردبوو، هەروەها ڕەمزێکیان بۆ دانابوو، کەئەویش (ڕەع) بوو، خواوەندی دووەم (نیل) بوو، باوەڕیان وابوو, کەژیان لەسەرزەوی درووست دەکات یاخود ئەژێنێتەوە، بۆیە هەرەمیان بۆ دروست کردبوو...

٣- هەروەها بوونی بەرد لە ناوچەی (صوان) لەباشووری میسر و لەناوچەی (جبل المقطم) لە ڕۆژهەلاتی بیابانی (سینا) یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ درووستبوونی هەرەمەکان.

٤- هەروەها بۆ پاراستنی سنووری ولاتەکەیان هەم لەداگیرکردن و هەم بۆ فراوانکردنی سنووری بنەماڵەکەیان لەلایەکی ترەوە.

٥- پێشکەوتنی بواری تەلارسازی ز پەیکەرتاشی لەو سەردەمەدا وەك دەرکەوتنی کەسێکی شارەزاو لێزانی وەك (ئەمنۆحوتب)، کە بەئەندازیاری بواری تەلارسازی دادەنرێت.

٦- دەرکەوتنی یەکەم فیرعەونی بەهێز بەناوی (زۆسەر) لەوسەردەمەدا کە خەڵکی زۆریان خۆش دەویست و هەولًیان دا، کە هەرەمی بۆ دروست بکەن و لێرەوە هەرەم درووستکردن ببێتە نەریتێك کە فیرعەونەکانی پاش خۆی پەیرەوی بکەن.

٧- پەیدابوونی کەل و پەلی کانزایی بەهێزی وا، کەلەبڕینی بەردەکاندا بەکارهێنران.

٨- درووستکردنی ئەم هەرەمانە پێناسەیەك بوو بۆ نیشاندانی یەکێتی سیاسی ولات.

سەردەمی گواستنەوە:

سەردەمی پیاو ماقوڵان و خانەدان و دەرەبەگەکان (ئاژاوەی یەکەم) لەم سەردەمەدا چوار بنەماڵە فەرمانڕەوایەتیان کردووە ئەوانیش بنەماڵەکانی (حەوتەم تا دەیەم)ن گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەم سەردەمە بریتین لە:

١- بەهۆی دەرکەوتنی ئاژاوەو دوبەرەکی وولات توشی دواکەوتن هات لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری.

٢- دەسەڵاتە فەرمانڕەواکانی ناوەند زۆر لاوازبوون ئەمیش بەهۆی بەهێزبوونی فەرمانڕەوای هەرێمەکانەوە.

٣- بوونی شەڕ و ململانێی هەرێمەکان بەمەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتیان.

٤- نەمانی چالاکی ئابووری وەك پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر.

٥- نەبوونی زانیاری لەبارەی مێژووی ئەو بنەماڵانەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەکان باسیان ناکەن.

چاخەکانی ناوەڕاست(هەکسۆسەکان):

سەردەمی بنەماڵەکانی (یانزەیەم و دوانزەیەم) بەسەردەمێکی گرنگ دادەنرێت لەمێژووی کۆنی میسردا، چونکە زیندووبوونەوەی ولات و گەڕانەوەی هێزو توانای بوو بۆ سەردەمانی پێشووی لەم سەردەمەدا لەشاری (طیبە) بنەماڵەیەکی بەهێزی وادەرکەوتن، کەدەسەلاتیان بەسەر هەرێمەکانی دەوروبەریاندا سەپاند و ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەیەکگرتنی ولاتی میسردا، لە سەردەمیاندا ولات لەبواری ڕامیاری و ئابووری و پەیوەندییە

بازرگانیەکاندا لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی، لە ناوەوە گرنگی درا بەکاروباری ئیداری و بەڕێوەبردن و لەبواری سەربازیشدا چەندین هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی دەوروبەر وەك (نۆبە) و دواتریش پایتەختەکەیان گواستەوە بۆ شاری (مەنفیس)، گرنگترین پاشماوەکانی سەردەمی ناوەڕاستیش دوو پەرستگایە، یەکەمیان لە (کەرنەك) بۆ خواوەند (ئامون) درووست کراوە و دووەمیشیان لەشاری (هیلیۆ پۆلیس) بۆ پەرستنی خواوەند (ڕەع).

بەڵام دووبەرەکی نێوان میرانی ئەم بنەماڵەیەو هاتنە سەرکاری چەند شایەکی بێهێزو لاواز، کە نەیاندەتوانی بەڕەنگاری چینی فەرمانڕەوایان و چینی سوپا بکەن، هەروەها مەلیکەکانی ئەم بنەماڵەیە بۆ مانەوەو پاراستنی دەسەڵاتیان پشتیان بە سوپایەکی بەردەوام دەبەست و بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم سوپایە، کاتێك کە دەمایەوە وەك جینێك هەمیشە دەبوونە جێگای مەترسی بۆ دەسەڵاتەکە ئەمەش ڕێگایەکی بۆ هەکسۆسەکان خۆشکرد، کە لە دەوروبەری ساڵی١٧٨٥پ.ز دا هێرش بکەنە سەر ولاتی میسر و داگیری بکەن.

هەکسۆسەکان:

هەکسۆسەکان چەند کۆمەڵەیەکی تێکەڵاو بوون، کە لە گەلێك ڕەگەز پێکهاتبوون و لەولاتی شامدا نیشتەجێ بووبوون بەهۆی لاوازی فەرمانڕەوایەتی لەمیسردا و هەروەها تووشهاتنی ناوچەکانی شام بەوشکە ساڵی لەسەردەمی شانشینی ناوەند دا هێرشیان کردە سەر ناوچەی (دەلتا)

و داگیریانکرد توانیان بۆ ماوەی دوو سەدە فەرمانڕەوایەتی تیادا بکەن و ئەم سەردەمەش بە سەردەمی ئاژاوەی دووەم دادەنرێت و کە تیایدا فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەکانی (سیانزەیەم تا حەڤدەهەم) دەگرێتەوە.

هەکسۆسەکان شاری ئەفاریس (تەنیس) یان دروست کردو کردیانە مەڵبەندی دەسەلاتیان میسریەکان بەردەوام لەگەڵ هەکسۆسەکاندا لەململانێ و کێشمە کێشمدا بوون بۆ رزگاربوون لێیان, بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵیان کەوتنە شەڕەوە کە زیاتر لەماوەی نیو سەدەی خایاند تا ئەو کاتەی لە لایەن فەرمانڕەوایانی میسری سەرووکە لە شاری (طیبە) حوکمیان ئەکرد، توانیان لەسەردەمی مەلیك (ئوحموس) لەساڵی ١٥٨٨پ.ز بەتەواوی کۆتایی بەدەسەلاتیان بهێنن و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کۆنی میسر دەستپێبکات، کە بەسەردەمی شانشینی نوێ یان ئیمپراتۆریەت ناسراوە.

سەردەمی شانشینی نوێ (سەردەمی ئیمپراتۆریەت ١٥٧٣ - ١٠٨٥ پ.ز):

ئەم سەردەمە هەرسێ بنەماڵەی هەژدەو نۆزدە و بیست ئەگرێتەوە، کە (ئوحموسی یەکەم) بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە دائەنرێت، ئەم کەسایەتیە دەستی کردووە بە بەر بەرەکانێکردنی ئەو بارو دۆخە سەختەی، کە هەبووەو گرنگی داوە بەسوپا ئەمەش بۆ ئەوەی هکسۆسەکان بە تەواوەتی لە ولاتی میسر دەربکات، هەموو ئەو ناوچانەی، کە لەسەردەمی پێشوودا لەژێر دەسەلاتی میسردا بوو، گەڕاندیەوە بۆ رباری ئەوسای بەمەش کۆتایی بەشەڕ و ئاژاوەی ناوخۆی ولات هات، دوای ئوحموسی یەکەم زنجیرەیەك لەپادشا هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی و توانیان، کە بنەماڵەیەکی بەر فراوان لەمیسر دابمەزرێنن، سەرباری میسر ناوچەکانی سوریاو فەلەستین و سۆدان و لیبیای ئەمرۆشی گرتەوە....

ئامونحوتبی سێیەم:

لە پادشا بەناوبانگەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکە ئەم کەسایەتییە توانی هێرش بکاتە سەر وڵاتی شام و هەکسۆسەکان بەتەواوەتی لەناوبەرێت و سنووری دەسەڵاتی ناوچەکانی میسر و نوبە تا ڕووباری فورات درێژ بکاتەوە، هەروەها گرنگی داوە بەسوپا و گالیسکەو ئەسپی تیادا بەکارهێناوە، پاشان کەشتی گەلێکی گەورەی دامەزراند و توانی دەسەڵاتی بگەیەنێتە دەریای ناوەڕاست و ناوچەی دورگەکانی دەریای ئیجە.

وێنەی ژمارە (٣١)
ئامونحوتبی سێیەم

ئامونحوتبی چوارەم:

ئەمیش یەکێکە لەمەلیکەکانی تری ئەم سەردەمەو پاش مردنی باوکی لەساڵی (١٣٧٥ ــ ١٣٥٠پ.ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە، ئەم کەسایەتییە بۆ پاراستنی وڵاتی میسر هێرشی کردە سەر وڵاتی نۆبە و نازناوی ئەخناتونی لە خۆی نا کە بە واتای (خۆشەویستی خواوەند ئاتون) دێت، پاشان شۆڕشێکی ئایینی بەرپاکرد، کە تیایایدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەتەنیا خواوەند ئاتون (ڕۆژ) بپەرسترێت لەمیسردا.

وێنەی ژمارە (٣٢) ئەخناتوون لەگەڵ نەفرتیتی ژنی

ئامونحوتبی چوارەم (ئەخناتون) لەگەڵ نێفەرتیتی هاوسەریدا

لەپاش ئەمانە ئـەخناتوون دەسـتی کـرد بەدرووسـت کردنـی پایتـەختێك بـەناوی ئـەخن ئـاتون، کـە ئێستا بـە (تـل العمارنـە) ناسـراوە لەناوەڕاسـتی میسردایە.

ئەو هۆکارانەی بوونە دروستکردنی ئەم پایتەختە:

١- بـۆ ئـەوەی ببێتـە بنکـەی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئـایینی و بـۆ پاراسـتنی دەسەڵاتی خۆی.

٢- شوێنێکی گونجاو لەباری هەبوو ئەمیش بـەهۆی بـوونی ڕووبـاری نیـل لـە ڕۆژهەڵاتیداو هەروەها زنجیرە چیایەکیش لە تەنیشتیەوە، کـەوای ئـەکرد بەئاسانی داگیرنەکرێت.

٣- بۆ ئەوەی شارێکی گونجاو و نوێ بۆ خواوەند ئاتون دابمەزرێنێت، هەروەها لەبەر هەڵستیکردنی پیاوانی ئایینی شاری (طيبة - تیبە) بەدووربێت کەلەبەرامبەر ئایینە نوێیەکەدا ئەیانکرد.

دوای ئەخناتون (توت ئەنخ ئامون) دەسەلاتی وەرگرت و توانی هێمنی و ئاسایش لەولاتدا بەر قەرار بکات، بەلام کەوتە ژێر گوشاری پیاوە ئایینیەکان و ناچاریان کرد کەواز لەپەرستنی ئاتوون بهێنێت، بگەرێتەوە بۆ پەرستنی خواوەند ئامون و ئەخناتون بەجێبهێلێت و بگەرێتەوە بۆ(تیبە) و لەوێ دەستیکرد بەچاککردنەوەی پەرستگای خواوەند ئامون و گرنگی بەپێشکەوتنی شارستانیەت داوە....

لە دوای توت ئەنخ ئامون چەند فەرمانڕەوایەکی دیکە دەسەلاتیان وەرگرتووە و تا ماوەیەك بەردەوام بوون، بەلام سەرەنجام کۆتایی بە دەسەلاتی ئیمراتۆریەت هات ئەمەش بەهۆی بەکرێگیرانی لیبیەکان و نۆبیەکان کە بوونە هۆی لاوازی سوپای میسرو دەرکەوتنی حیسیەکان، کە بەردەوام مەترسی بوون بۆ سەر میسر هەروەها دەرکەوتن و پەرەسەندنی دەسەلاتی پیاوانی ئایینی وەك چینێك، کە زیاتر دەسەلاتی ئیمراتۆریەتیان لاواز کردووە، تەنانەت هەندێك جار دەسەلاتیان هێندە زیادی کردووە بوونەتە هۆی کوشتنی پادشا وەك کوشتنی ڕمسیسی سێیەم.

سەردەمی کۆتایی:

ئەم سەردەمە لە بنەماڵەی بیستِ و یەکەمەوە تا کۆتایی سیستەمی بنەماڵەکان و هاتنی سوپای موسڵمانەکان بۆ میسر دەگرێتەوە.

چالاکی:

گروپێك لە قوتابیان پەخشێکی سەردیوار لە مەڕ ئەهرامەکان دروست دەکەن.

پرسیارەکانی بەندی پێنجەم

پ١/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

١- میسر بۆتە خاڵی بەیەکگەیاندنی هەرسێ کیشوەری جیهانی کۆن .... , ... , ...

٢- میسر بەدەرکەوتنی .... پێی نایە چاخەنوێیەکانەوە.

٣- گرنگترین هەرەمەکانی میسر بریتین لە .... ، .... ، ....

٤- گرنگترین شوێنەوارەکانی شانشینی دووەم بریتی بوون لەدوو پەرستگا یەکەمیان بۆ خواوەند ڕەع لە شاری .... دووەمیان بۆ خواوەند ئامون لە شاری ....

پ٢ / ئەمانە بناسێنە:

١- مینا   ٢- زۆسەر   ٣- توت ئەنخ ئامون

پ٣/ گرنگترین هۆکارەکانی دروستکردنی هەرەمەکانی میسر چین؟ بیانژمێرە.

پ٤/ هەکسۆسەکان کێن؟ باس لە فەرمانڕەوایەتیان لە ولاّتی میسردا بکە.

پ٥/ لەسەر شۆرشە ئایینیەکەی ئەخناتون بدوێ.

بەشی
هاونیشتمانی بوون

بەشی یەکەم

خێزان و ئەرکەکانی

خێزان: بە کۆمەڵە ئادەمیزادێك دەوترێت کە لەماڵێکدا بەیەکەوە دەژین و چەند پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت.

دوو جۆر خێزان هەیە:

خێزانی بچووك: لە ژن و مێردو کوڕو کچەکانیان پێکهاتووە.

خێزانی گەورە: جگە لە دایك و باوك و منداڵەکانیان کەس و کاریشیان لە گەڵیاندا دەژین وەك باپیرەو نەنك و مام و خاڵ و پوری منداڵەکان.

چالاکی:

١- قوتابی ئازیز تۆیش وێنەی خێزانێکی بچووك بە دەفتەری چالاکییەکانتەوە بلکێنە.

٢- وێنەی خێزانێکی گەورە بگرەو بیلکێنە بە دەفتەری چالاکییەکانتەوە.

لە خێزاندا گەورە چاودێری بچووك دەکات و بچووك ڕێز لە گەورە دەگرێت و گیانی خۆش ویستن و یارمەتدان و دڵسۆزی و هۆگرییان لەناودا دەچەسپێت و لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدارن.

بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزان نەخۆش بکەوێت ئەوا کار دەکاتە سەر هەموو خێزانەکەو دڵتەنگیان دەکات و چەند کەسێکیش دەبێ کاروباری خۆیان بەجێ بهێڵن و بەدیارییەوە دابنیشن و خزمەتی بکەن.

خێزان هەرچەندە بچووکیش بێت ئەندامێکە لە خێزانێکی گەورە کە ئەویش کۆمەڵگەی کوردستانە، کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و موڵکی هەمووانە.

ئەندامانی ئەو خێزانە گەورەیە واتا (کۆمەڵگەی کوردستان) کۆمەڵێك پەیوەندی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

ئەو پەیوەندییانەی کە تاکەکانی گەلی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.			
هاوسێیەتی	هاونیشتمانێتی	نەتەوایەتی	مرۆڤایەتی

قوتابی ئازیز جگە لە نەتەوەی کورد ناوی چەند نەتەوەیەکی دیکە بنووسە:

١	٢	٣	٤
عەرەب			

ئەرکەکانی خێزان بەرامبەر بە منداڵ:

خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەبینێت لە پەروەردەکردن و بەخێوکردن و ئاڕاستەکردنی منداڵاندا، دەتوانین ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی خێزان لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون بکەینەوە:

١- منداڵ لە خێزانەوە فێری خوو ڕەوشتی جوان و خوا پەرستی و ڕێنماییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و لەناو خێزاندا زمانی بۆ قسەکردن دەپشکوێت.

٢- خێزان هەڵدەستێت بە گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بە تایبەتی لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا تا ئەو کاتەی دەتوانێت خۆی بژێنێت، منداڵ چەندەها ساڵ لەژێر سایەی سەرپەرشتی و پاراستنی خێزاندا دەژی، خێزان جل و بەرگ و پێداویستییەکانی خۆراك و تەندروستی پێشکەش دەکات.

٣- منداڵ گەلێك کاری جوان لە خێزانەوە فێر دەبێت وەك پاکوخاوێنی لەش و جلو بەرگ و ڕێزگرتنی خەڵك و چۆنیەتی ئاخافتن لەگەڵیاندا و چاندنی تۆوی خۆشەویستی و یارمەتدانی خەڵك و دەستدرێژی نەکردنە

سەر سەرو سامانیان و ڕاستگۆیی و لێبوردن و ڕێزگرتنی بیروباوەڕی کەسانی ترو پاراستنی ژینگەو هەموو ئەو کەلو پەلانەی کە موڵکی گشتین.

٤- خێزان هەڵدەستێ بە دابینکردنی پێداویستی منداڵ لە ژیانییدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسودەیی و دڵنیایی بژی، هەروەها خێزان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا.

٥- منداڵ لە خێزانەوە فێری بنەما ڕێکخراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

چالاکی:

١- قوتابی ئازیز هەندێ خوو ڕەوشتی جوان کە لە کتێبەکەتدا نەنووسرابێ بنووسە کە منداڵ لە خێزانەوە فێری دەبێت.



٢- هەندێك پێداویستی ژیانی منداڵ بنووسە کە خێزانەکەی بۆی دابین دەکات بە مەرجێك ئەو پێداویستییانە لە کتێبەکەتدا نەنووسرابێت.



٣- لەم پیتانەی خوارەوەدا (دوو) وشە دروست بکە کە (دوو) دیاردەی ناپەسەندن پێویستە لەسەر هەمووومان لێیان دوور بکەوینەوە:

ی	د	د
ز	ۆ	ر

-٤

مامۆستای بەڕێز داوا لە قوتابییەکانت بکە چەند دێڕێك دەربارەی ڕێزگرتنی گەورە لەلایەن بچووکەوە بنووسن

-٥

قوتابی ئازیز وێنەی منداڵێك کە دەستی باپیری گرتووەو لە شەقام دەیپەڕێنێتەوە بخەرە ناو دەفتەری چالاکییەکانتەوە

پرسیار

١- ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوەی بۆی دەگونجێت پڕ بکەرەوە:

أ- هەنــدێ خێــزان بــچووکەو پێکهــاتووە لــە .... ، .... ، .... ، ....

ب- گـەورە .... بـچووك دەکـات و بـچووکیش .... لـە گـەورە دەگرێت.

جـ- منداڵ لەناو خێزاندا زمانی بۆ .... دەپشکوێت.

د- منداڵ خوو ڕەوشتی جـوان لـە خێزانـەوە وەردەگرێـت وەك .... ، .... ، ....

٢- ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە:

أ- منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت.

ب- خێزان هەرچەندە بچووکیش بێت ئەندامێکە لە خێزانێکی گەورە.

جـ- خێزان دڵنیایی و ژیانی ئاسوودە بۆ منداڵ دابین دەکات.

٣- بە کورتی و بە بۆچوونی خۆت پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

(خێزان - ڕاستگۆیی - کوردستان - کورد).

--------- --- --	فێرخواز

قوتابی کێیە؟

خوێندکار ئەو مرۆڤەیە خوێندن دەکات بە پیشە بۆ ئەوەی فێری زانست ببێت و لە داهاتوودا کەسێکی سوودبەخش بێت بۆ خێزان و کۆمەڵگاکەی.

ئەرکەکانی قوتابی بەرامبەر بە قوتابخانەکەی

لەبەر ئەوەی قوتابی ئەندامێکە لەناو خێزانی خوێندنگادا و خوێندکارانی خوێندنگایەك لەناو خێزاندا دەبن بە دۆست، پێویستە نێوانیان خۆش بێت و لەگەڵ یەکتردا تەبابن و بەرژەوەندی یەکتریان بوێت و یارمەتی یەکتر بدەن و هاوبەشی لەکاروباردا بکەن و ڕێزی یەکتریان لابێت و ڕێز لە بەڕێوەبەرو مامۆستاو کارمەندانی خوێندنگاکەش بگرن و پارێزگاری لە کەلو پەلی خوێندنگاکەشیان بکەن.

خوێندکار لە خوێندنگادا چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان پێویستە لەسەری جێبەجێیان بکات، ئەو ئەرکانەش بریتین لە:

١- پەیڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی، ئەو یاسایانەی خوێندنگا، کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دایناوە بۆ هەموو خوێندنگاکان تا پشێوی و ئاژاوە ڕوو نەدات و هەرکەس بە ئارەزووی خۆی لەناو خوێندنگادا هەڵسو کەوت نەکات، دەبێت خوێندکاران پابەندی یاسای خوێندنگا بن و لە چوار چێوەی یاساکە دەرنەچن، چونکە ئەو یاساو ڕێسایانە لە بەرژەوەندی ئەوان و پاراستنی مافەکانیان و ڕێکخستنی کاروبارەکانیان دانراوە.

٢- گوێڕایەڵی بوون بۆ ئامۆژگارییەکانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستا و فەرمانبەرەکانی خوێندنگاکە و دەبێت خوێندکار چی بەباش دەزانێت بۆ

بەرژەوەنـدی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنگاکەی جێبەجێی بکات و رێز لە کارمەندان بگرێ و هاوکارییان بکات.

٣- جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندنگا بۆ نموونە:

أ | ئامادەکردنی وانەکانی

ب | جێبەجێکردنی ئەرکیماڵەوە

جـ | ئامادەبوون لەکاتی دەوامدا

د | دانەبڕان لە خوێندنگا بەبێ هۆ

ئەگەر قوتابی ئەو کارانەی سـەرەوە جێبەجێ نـەکات ئـەوا مایـە پووچ دەبێت و ئەو ماندوو بوون و هیلاکـییـەی کـە لـە پێناویـدا کێـشراوە لەلایـەن خێزان و دەوڵەت و خوێندنگاوە بەفیڕۆ دەچێت.

٤- پێویستە خوێندکار خوێندنگاکەی بە ماڵی دووەمی خـۆی بزانێت و پارێزگـاری بکات و پاك ڕایبگرێت و هەمیشە بەشدار بێت لەهەر چالاکـییـەکدا کە ئـەنجام دەدرێـت بـۆ چـاککردنەوەو تـەواوکردنی کـەمو کوڕییـەکانی خوێندنگاکـەی، چونکە خوێندنگا موڵکی هەمووانە.

ئەگەر خوێندکار لەهەر ژوورێك لەم ژوورانەی خوارەوەی خوێندنگاکەی بوو:

پۆل	تاقیگە	کتێبخانە	ژووری هونەری	ژووری وەرزش	ژووری کۆمپیوتەر

دەبێت ئاگاداری کەلـوپەل و کەرەسەکان بێت و واهەست بکات هەرچـی لە خوێندنگادایە موڵکی هەمووانەو بۆ ئەوانەشە کە لە دوای ئـەمان دەبـن بـە خوێندکاری خوێندگاکە، بۆیە نابێت دەسـتکاری ئـەو کـەلو پەلانـە بکـات و تێکیان بدات و بیان شکێنێت.

٥- پاراستنی ئەو پەیوەندییانەی کـە خوێندکارانی خوێندنگایـەك بـە یەکـەوە دەبەستێتەوە لە گیانی تەبایی و خۆشەویستی و برایەتی و متمانە بەیەک کردن و هاوڕێیەتی.

چالاکی:

١- مامۆسـتای بـەڕێز یارمـەتی قوتابیانـت بـدە تـا چـەند ئـەرکێکی دیکـەی خوێندکار بەرامبەر خوێندنگاکەیان بژمێرن.

٢- خوێندکاری ئازیز هەوڵ بدە چەند سوودێکی پەیڕەوکردنی یاسـاو ڕژێمـی خوێندنگاکەت بژمێریت.

٣- قوتـابی خۆشەویـست بەڕێوەبـەرو یاریـدەدەرو مامۆسـتاکانت هەمیـشە ئامۆژکاریتان دەکەن بۆ کاری جوان و سوودبەخش لەو ئامۆژگاریانە وەك:

أ

ب

جـ

٤- خوێندکار دەتوانێت بەشداری بکات لە چاککردنەوەو تەواوکردنی کەموو کورپییەکانی خوێندنگادا وەك:



پرسیار:

١- ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە:

أ- ئەگەر خوێندکارێك پلەی یەکەمی بەدەست هێنا لەهەر پێشبڕکێیەکی نێوان خوێندنگاکاندا ئەوا سەربەرزی تەنها بۆ خۆیەتی.

ب- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی قوتابیانی کوردستان دەکات.

جـ- ئەگەر خوێندنگایەك دوو بەڕێوەبەری هەبێت ئەوا کارەکان بەرێك پێکی بەڕێوە دەچێت.

د- نابێت قوتابی ئەرکی ئەمڕۆ دوابخات بۆ سبەینێ.

٢- بە کورتی سوودی ئەمانەی خوارەوە بنووسە:

أ- تاقیگە.

ب- کتێبخانە.

جـ- بابەتی هونەر.

٣- ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوەی بۆی دەگونجێت پڕ بکەرەوە:

أ- خوێندکار ئەو مرۆڤەیە کە .... دەکات بە پیشە.

ب- خوێندکارانی خوێندنگایەك لەناو خۆیاندا دەبن بە دۆست پێویستە نێوانیان خۆش بێت و .... ، ....

جـ- ئەگەر قوتابی ئەرکەکانی ناو خوێندنگا جێبەجێ نەکات ئەوا ئەو ماندووبوونەی لە پێناویدا کێشراوە لەلایەن .... و .... ، .... بە فیڕۆ دەچێت.

٤- بە کورتی و بە بۆچوونی خۆت ئەمانەی خوارەوە بناسێنە:

(یاریدەدەر - ئەرکی ماڵەوە - کۆمپیوتەر).

قوتابی له خێزاندا

خێـزان بەیەکــەم ژینگــەی کۆمەڵایــەتی دادەنرێــت و خوێنــدکاریش ئەنـدامێکی ئـەو خێزانەیـە، ئـەرکی هـەرە گرنگـی خێزان لـە ژیـان ئەوەیـە منداڵیان ببێت و بە پەروەردەیەکی باش پەروەردەی بکەن.

یەکەم قۆناغی فێربوونی منداڵ لەناو خێزاندایە هەر خێزانیشە جـلـوبـەرگ و خواردن و یاری و پێداویستییە سەرەکییەکانی دیکەی ژیانی بۆ دابین بکات.

چالاکی:

خوێندکاری ئازیز تۆش (٥) لەو پێویستییانەی کە خێزان بۆ خوێندکاری دابین دەکات لە دەفتەری چالاکییەکانتدا بنووسە

منداڵ لەناو خێزانەکەیدا فێری زۆر شت دەبێت و لاساییان دەکاتەوە، هەر لـە ئەنـدامانی دیکـەی لـەخۆی گـەورەتری خێزانەکەیـەوە فێـری رەوشـتـی جوانی وەکو هاوکاری و ڕێزگرتن و خۆشەویستی دەبێت.

منداڵ بەرهەمی خێزانەو ماڵ بەوانەوە جوان و ئاوەدانە و مایەی دڵخۆشی دایك و باوکن، دەبێ زۆر ئاگاداریان بن و رێنمایی باشیان بکەن.

پێویـستە لەسـەر دایـك و بـاوك منـداڵ بخەنـە بـەر خوێنـدن و هـەموو پێداویـستییەکانی بـەردەوام بـوون لـە خوێنـدنی بـۆ ئامـادە بکـەن ، بـۆ دڵـنیـابوون لە ئـاستی خـوێندنی ڕۆڵـەکانیان نـاو بەناو سەردانی خوێندنـگا بکەن، لـە کـۆبوونەوەکانی ئـەنجوومەنی دایکان و بـاوکان و مـامـۆستـایاندا ئامادەبن، منداڵەکانیان بپارێزن لە کاری خراپ و تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی

گەورە دەبن و لەخەم دەرەخسێن چاودێرییان بکەن.

وەك وەفادارییەك بۆ ئـەرك و مانـدووبوونی دایـك و بـاوك دەبێـت خوێنـدكار چاكەیان بداتەوە ئەویش لە رێگەی بە ئەنجام گەیاندنی كۆمەڵێك كاری چاك وەك ئەمانـەی خوارەوە : -	
هەوڵدان بۆ بەختەوەری خێزانەكەی	پاراستنی سیستەمی خێزانەكەی
دەرچوون بە پلەی بەرز لە خوێندنگا	پابەندبوون بە ڕەوشتی جوان
دووركەوتنەوە لە مناڵی چەتون	ڕێزگرتنی دایك و باوك
گوێڕایەڵی ئامۆژگاری دایك و باوك	یارمەتیدانی دایك و باوك

چالاكی:

١- قوتابی ئازیز ئەگەر كچیت یان كوڕیت لـە دەفتـەری چـالاكـییەكانتدا (٥) لـەو كـارە جوانانـە بنووسـە كـە لـە دایـك و باوكتـەوە فێربوویـت و لاسـاییت كردوونەتەوە.

٢- مامۆسـتای بـەڕێز هەنـدێك ڕوون كردنــەوە بـۆ خوێنـدكارەكانت بكـە ، دەربارەی چۆنیەتی سەرەتاكانی دامەزراندنی خێزان.

پرسیار:

١– ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوەی بۆی دەگونجێت پڕ بکەرەوە:

أ– لەو پێویستییانەی خوێندن کە خێزان بۆ قوتابی دابین دەکات وەك .... و ....

ب– خێزان بەیەکەم ژینگەی .... دادەنرێت و .... یش ئەندامێکی ئەو خێزانەیە.

جـ– لە نموونەی کاری چەوت و خراپ کە پێویستە خوێندکار لێی دوورکەوێتەوە وەك .... و ....

د– دایك و باوکی خوێندکار گەلێك ئامۆژگاری ڕۆڵەکەیان دەکەن لەو ئامۆژگارییە چاکانە وەك .... و ....

بەشی دووەم

قوتابی لە قوتابخانەدا

قوتابخانە :

دەزگایەکی زانستی و کۆمەڵایەتی گشتییە خوێندکار تیایدا فێری پەروەردەو زانستە جۆراو جۆرەکان دەبێت.

لە پێشدا خوێندنگا ئەم شێوازە پێشکەوتووەی ئێستای نەبوو، لە سەرەتاوە مرۆڤەکان ژیانێکی زۆر سادەو ساکارییان بووە، بەڵام وردە وردە گەڕان بەدوای پێداویستییەکانی ژیاندا ئیتر پێویستی خوێندن و فێربوون هاتەکایەوە تا وای لێهات کۆمەڵگە بیر لە هێنانەکایەی دامەزراوەیەك بکاتەوە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان تا بتوانن سەرکەوتووبن بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا، ئیتر خوێندنگا بووە پێویستییەکی ژیان و لە سەرەتادا سادەبوو، بریتی بوو لە خانووێک بۆ خوێندنی منداڵی پاشاکان و چینە دەسەڵاتدارەکان و پاشان بۆ ڕۆڵەی چینەکانی تری کۆمەڵگا .

لەو کەسایەتییە کوردە ناودارانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە کردنەوەی خوێندنگاو هاندانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ فێربوون و خوێندن وەك:

میری سۆران

ئیبراهیم پاشای بابان

بەدرخان پاشا

حەپسە خانی نەقیب

ئەمین زەکی بەگ

خانزادی سۆران

مەلا گەورەی کۆیە

قەدەم خێر

نەجمەدین مەلا

چالاکی:

١- قوتابی ئازیز وێنەی خوێندنگایەك بلكێنە بە دەفتەری چالاكییەكانتەوە.

٢- ئەگەر وێنەی هەندێك لەو کەسایەتییانەی سەرەوەت دەست کەوت بیخەرە ناو دەفتەری چالاكییەكانتەوە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا لە هەموو گوندو شارو شارۆچكەكاندا ژمارەیەكی زۆر خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی كراوەتەوە، ڕۆڵەی هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگای كوردەوای تیایدا دەخوێنن و مامۆستای لێهاتوو وكارامەیان بۆ دابین كراوەو پێداویستییە سەرەكییەكانی خوێندنیش بۆ ئەو خوێندنگایانە ئامادە كراوە، وەك:

پۆلی خوێندن	تەختەی	تاقیگە	کتێب

چالاكی:

قوتابی خۆشەویست دەتۆش ناوی هەندێکی تر لە پێداویستییەکانی خوێندن لە دەفتەری چالاکییەکانتدا بنووسە.

خوێندکار ئەندامێکی خێزانی خوێندنگایە و پێویستە هەمیشە وابیر بکاتەوە کە خوێندنگا ماڵی دووەمیەتی.

خێزانی قوتابخانە پێك هاتووە لە:



مامۆستاکان لەجیێ دایك و باوکن و زۆر دڵسۆزی خوێندکارن، وەك رۆڵەی خۆیان سەیری دەکەن و مامەڵە و ڕەفتاری سوود بەخشییان لەگەڵدا دەکەن، هەموو توانایەکیان دەخەنە گەڕ تا بە جوانترین شێوە پەروەردەیان بکەن و بە تازەترین ڕێگا فێری زانستیان بکەن، هەر کاتێك مامۆستا ببینێت خوێندکارەکانی لە وانەکانیاندا سەرکەوتوون ئەوا زۆر دڵخۆش دەبن و هەموو ئەرک و ماندووبونێکی خۆیان لەبیر دەچێتەوە.

ئەو قوتابیانە کە مامۆستاکان زۆریان خۆش دەوێن

١.	خوێندکاری سەرکەوتوو لە وانەکان و هەموو چالاکی و بۆنەکانی خوێندنگادا کە سەری خوێندنگا و خێزان و هاوڕێکانی بەرزبکاتەوە.
٢.	ئەو قوتابیەی کە هەموو ئەرکەکانی سەرشانی بەبێ کەم و کوڕی جێبەجێ دەکات و ئەرکی ئەمڕۆ ناخاتە سبەینێ.
٣.	ئەو خوێندکارەی پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی خوێندنگایەو هیچ سەرپێچییەک ناکات.
٤.	ئەو خوێندکارەی کەل وپەلی خوێندنگا دەپارێزێت و بە ئاگادارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.
٥.	ئەوانەی پاك و خاوێننی و پاك و خاوێنی پۆل و گۆڕەپان و هەموو شوێنەکانی خوێندنگا دەپارێزن.
٦.	ئەوانەی کە بەڕێزن و ڕێز لە هەموو ئەندامانی خێزانی خوێندنگا دەگرن.
٧.	قوتابی ڕاستگۆ، دەستپاک ، دڵسۆزو خاوەن ڕەوشتی جوان .
٨.	ئەو خوێندکارانەی کە هەرگیز بەبێ هۆ لە خوێندنگا دوا ناکەون، خۆیان نادزنەوەو لاسار نین و شەڕ بە هاوڕێکانیان نافرۆشن و دەستکاری کەلوپەلی هاوڕێکانیان ناکەن.

چالاكی:

١- مامۆستای بەڕێز تکایە هەندێك لە زیانەکانی دواکەوتن و خۆدزینەوەی خوێندکار لە خوێندنگا بۆ خوێندکارەکانت باس بکە.

٢- قوتابی ئازیز ڕاپۆرتێك بنووسە بۆ مامۆستاکەت دەربارەی گرنگی ڕاگرتنی پاك و خاوێنی خوێندنگا.

٣- قوتابی خۆشەویست تۆش هەندێك سیفەتی باشی ئەو خوێندکارانەی کە مامۆستاکان خۆشیان دەوێن لە دەفتەری چالاکییەکانتدا بنووسە.

پەیوەندی نێوان قوتابیان

قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکەو خوێندکاران بەشی زۆری کاتی خۆیان لەوێ بەسەردەبەن، جا بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگە بچووکە ئاوات و ئامانجەکانی بهێنێتە دی دەبێت گیانی تەبایی و هاوکاری و خۆشەویستی و گوفتاری جوان و متمانە بەیەک کردن لە نێوانیاندا جێگیر بێت.

گرنگترین پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکارانی خوێندنگایەك

پەیوەندی ڕۆشنبیری

پەیوەندی هاوڕێیەتی

پەیوەندی هاونیشتمانێتی

وا لە خوارەوە باس لە هەریەکە لەو پەیوەندیانە دەکەین:

١- پەیوەندی ڕۆشنبیری:

قوتابیانی قوتابخانە بە تایبەتی خوێندکارانی پۆلێك ئاستی ڕۆشنبیرییان لە یەکەوە نزیکە.

هۆ: بۆچی خوێندکارانی پۆلێك ئاستی ڕۆشنبیرییان لەیەکەوە نزیکە؟

وەڵام: چونکە.

أ	لەیەك سەرچاوەوە ڕۆشنبیری وەردەگرن
ب	یەك جۆر وانە دەخوێنن
جـ	یەك ئامانج پاڵیان پێوە دەنێ ئەویش فێربوون و زانینە

گفـتوگـۆی نێوان خوێندکارانی یەك پۆل لـە بـارەی زانـین و فێربوونـەوە بەرەو پێشکەوتن و گەشـەکردن و سـەرکەوتنیان دەبـات و ئـەو گفـتوگۆو وەڵام دانـەوەی پرسـیارانە تـەبایی و خۆشەویـستی و ڕێزگـرتن لـە نێـوان خوێندکارەکانـدا زیـاد دەکـات، هـەر خوێنـدکارێك توانـای بـەهرەو ڕادەی لێهاتوویی و ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەی بۆ دەردەکەوێت.

بەم جۆرە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان خوێندکارەکاندا دروست دەبێت و لەوانەیە ئەم پەیوەندییە دوای دەرچوونی خوێندکارەکان لـە خوێنـدنگاش هەر بەردەوام بێت و ببێتە جوانترین یادگاری ژیان.

هەندێ جار خوێندنکارێك لەناو هاوڕێکانـیدا دەبێت بە نمونەی ڕەوشـت و کـرداری جـوان و گوێڕایـەڵی مامۆسـتاکانی دەبێـت و ڕێزیـان لێ دەگرێـت و لەوانەکانیدا پلەی بەرز بەدەست دەهێنێت، خوێندکارەکانی دیکە چـاوی لێ دەکەن، جا هەر خوێندکارێك بیەوێت وەك ئەو هاوڕێیەی بێت هەوڵ دەدات لـێی نزیك ببێتەوەو وەك ئەو ڕەفتار بکات.

٢- پەیوەندی هاوڕێیەتی:

قوتابیان برای یەکن، هەموویان بە تێکڕایی دژی دوژمنی هەمووان کە نەزانینە تێ دەکۆشن، بە شێوەی گرووپی بچووك بچووك بەیەکەوە دەخوێنن و ئەرکەکانی ماڵەوە جێبەجێ دەکەن و لە پێناوی وەدەستهێنانی زانیاری و زانستدا یارمەتی یەك دەدەن و هاوکاری لەگەڵ یەکدا دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو هاوکارییە دروست ببێت دەبێت پەیوەندی نێوان خوێندکاران لەسەر بناغەی خۆشەویستی و تەبایی بنیات نرابێت.

پێویستە لەسەر خوێندکار بیروڕاو کردارو ڕەفتارەکانی لەلایەن هاوڕێکانییەوە پەسەند بێت، دڵخۆشی دەکات بەڵام بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ڕەفتاری ناپەسەند بوو نیگەران و دڵتەنگ دەبێت ئەگەر ئاوڕیان لێ نەدایەوەو گاڵتەیان پێ کرد.

بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی نێوان قوتابیان بەردەوام و بەهێز بێت پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن
١ چاوپۆشیکردن لە هەڵەو چەوتییە سادەکانی یەکتر. ٢ ڕێز لە کاری یەکتر بگرن. ٣ گیانی لێبوردنیان تیادا بێت. ٤ بە خۆشی یەکتر شادمان بن و هاوبەشی ناخۆشی یەکتربن. ٥ بڵاونەکردنەوەی هەواڵی درۆو پڕوپاگەندەی دژ بە یەکتر. ٦ ناوو ناتۆرەی ناشیرین لە یەکتر نەنان و سووکایەتی نەکردن بەیەکتر. ٧ دەبێت جێی متمانەی یەکتر بن و باوەڕیان بەیەك هەبێت و بۆ قازانجی هەمووان ڕەفتار بکەن. ٨ دەبێت قوتابی بە یەکسانی و بەیەك پێوەر سەودا لەگەڵ برادەرەکانیدا بکات و ڕاست و لەڕوو بێت و لە پاشەملە باسی هاوڕێکانی نەکات. ٩ دوورکەوتنەوە لە شەڕانگێزی و لەیەکتر تووڕە نەبن و بە خراپە باسی یەکتر نەکەن. ١٠ ڕەخنەی ڕووخێنەر لەیەك نەگرن، زۆر بە هێمنی خراپەو کەم و کوڕییەکانی یەکتر بخەنە ڕوو و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێن.

چالاكی:

١- مامۆستای بەڕێز قوتابیانی پۆلەكە دابەش بكە بۆ (٦) گروپ یان كەمتر، پرسیارێكیان ئاڕاستە بكە دەربارەی ئەوەی ئایا تا چ ڕادەیەك ئەوان چاو لە خوێندكاری زیرەك و خاوەن ڕەوشتی جوان دەكەن، دوایی هەوڵ بدە وەڵامەكانی هەر (٦) گروپەكە هەڵبسەنگێنیت.

٢- خوێندكاری خۆشەویست لە دەفتەری چالاكییەكانتدا چەند دێڕێك دەربارەی پەیوەندی بەهێزی نێوان تۆو هاوڕێكانت بنووسە.

٣- قوتابی ئازیز (٣) خاڵ دەربارەی كاركردنی خوێندكاران بۆ قوتابخانە.

أ- ....

ب- ....

جـ- ....

٤- ئەگەر خوێندكارێكی هاوڕێت هەڵەیەكی كرد بە كام شێوە لەم شێوانەی خوارەوە تێی دەگەیەنیت كە هەڵەیە، نیشانەی (✓) لەناو چوار گۆشە ڕاستەكەدا دابنێ:

أ- لێی تووڕە دەبم. ☐

ب- بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرم. ☐

جـ- بە هێمنی تێی دەگەیەنم كە هەڵەیە. ☐

٣- پەیوەندی هاونیشتمانێتی:

نیشتمان ئەو پارچە زەوییە سنوردارەیە کە کۆمەڵە خەڵکێك لەسەری دەژین و چەند پەیوەندییەك بە یەکیانەوە دەبەستێت.

ئێمەو هەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لەسەر خاکی ئەم وڵاتە خۆشەویستەمان کە کوردستانە دەژین، ئەو وڵاتەی باو و باپیرانمان بە ئارەقی ناوچەوان و خوێنی گەشیان ئاویان داوەو بە گیانی خۆیان بەرگرییان لێ کردووە.

ئەم خاکە هەموو ئەو شتانەی تیایەتی لە:



ماڵی هەموو هاونیشتمانییانەو هەموویان پێکەوە لەشایی و شیوەندا هاوبەشن و شانازی بەو دەستکەوتانەوە دەکەن کە باپیرانمان پێشکەشیان کردووین.

خوێندکارانی کورد بە گشتی ڕۆڵەی نیشتمانێکن و لە پێناوی پاراستن و بەرزکردنەوەی شان و شکۆی نەتەوەکەیاندا کۆشش دەکەن و چالاکی دەنوێنن، کەواتە هەستێك هەیە خوێندکارانی نەتەوەیەك بەیەکەوە دەبەستێت، ئەویش هەستی نەتەوایەتی و هاونیشتمانێتییە.

پرسیار:

١– بە کورتی و بە بۆچوونی خۆت پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

(نیشتمان – فێرخواز – حەپسەخانی نەقیب – لێبووردن)

٢– وەڵامی ڕاست لەناو کەوانەکاندا هەڵبژێرە:

قۆناغی خوێندنی ناوەندی (٢، ٣، ٤) ساڵە.

٣– لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناوی دوو کەسایەتی کورد بدۆزەرەوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەو پێشبردنی خوێندن لە کوردستاندا:

ه	م	م	ر	خ	ا
م	ق	ر	ێ	ع	ه
ف	ر	ن	ی	د	س
ن	ی	ۆ	ا	س	ش

٤– ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەدەستەواژەیەکی دەگونجێت پڕ بکەرەوە:

١- لەو کانزایانەی کە لە ژێر خاکی کوردستاندا هەیە .... و ....

٢- لە دەشتە بە پیتەکانی کوردستان ....

٣- لە سەرەتادا خوێندنگا بە سادەیی لە .... دابوو.

٤- ماڵی یەکەمی قوتابی .... ە بەڵام ماڵی دووەمی ....

٥- لە ئەندامانی خێزانی خوێندنگا .... و .... و............ .

٦ـ خوێندكار دەتوانێت بەشداری لە پاك و خاوێنی خوێندنگادا بكات لەرێی .... و ....

٧- ئەركی ئەمرۆ مەخەرە ....

٨- خوێندنگا كۆمەڵگەیەكی بچووكە و قوتابیان لەوێ بەشی زۆر .... یان بەسەر دەبەن.

فێرخواز و کۆمەڵگە

کۆمەڵگە: بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێك کە لەسەر پارچە زەوییەکی دیاری کراو نیشتەجێ بوون و چەند پەیوەندییەك بەیەکیانەوە دەبەستێت.

خێـزان بەیەکـەم ژینگـەی کۆمەڵایـەتی دەژمێردرێـت، هـەر کۆمەڵگەیـەك لـە چەندین هۆزو بەرەپێکهاتووە، ئەوانیش لە چەند خێزانێك پێکهاتوون.

هـەر کۆمەڵگەیـەك چـەند بنەمایـەك لـە کۆمەڵگـەکانی تـری جیادەکاتـەوەو بەم جۆرە جیهان لە چەند کۆمەڵگەیەک پێکدێت کە لە یەکتری جیاوازن و هەندێك لەیەکـچوونیش لە نێوان کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەیە.

ئەم کۆمەڵگایانەی ئێستا لە جیهاندا هەن (بە کۆمەڵگەی کوردەواریشەوە) بـە چـەند قۆنـاغێکی یـەك لـە دوای یەکـدا تێپـەڕیون تـا گەیـشتوونەتە ئـەم قۆناغەی ئێستایان.

لەبەر ئەوەی قوتابی ئەندامی خێزانێکەو خـۆی و خێزانەکەیـشی سـەر بـە کۆمەڵگایـەکن کـە تیایـدا لـە دایـك بـوون و ژیـاون و لـەخێرو خۆشـی و بەروبوومیان خواردووە و لە ناخۆشیشدا هاوبەشی ئەو کۆمەڵگایە بوون، بۆیە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەدا چەند پەیوەندییەك بە یەکیانەوە دەبەستێت.

قوتابی و خوێندکار وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە چەند ئەرکێکی لەسەر شـانە بەرامبەر کۆمەڵگەکەی پێویستە جێبەجێی بکات، ئەو ئەرکانەش بریتین لە:

١- هەوڵ و کۆشش بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی زانیاری و دەرچوون بە پلەی بەرز، چونکە خوێندکار لە داهاتوودا بەشداری دەکات لە بنیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان کە ئاستی زانیاری مەرجێکی گرنگە بۆ ئەو بەشداری کردنە.

٢- خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە، چونکە سەروەری گەل و نیشتمان سەروەری خوێندکاریشە، پێویستە قوتابی بەشداری بکات لە تیمەکانی فریاکەوتن و تیمارکردن....هتد لەکاتی پێویستدا.

٣- هاوکاریکردنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەلاچۆکردنی دیاردە دزێوو ناشارستانییەکان و هەموو جۆرەکانی تری تاوان.

٤- بەشداریکردن لە پاراستنی هێمنی و ئاسایش و جێبەجێکردنی یاساکان و پاراستنی تەندروستی و پاك و خاوێنی بە بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی پاککردنەوەی گەڕەك و شەقام و کۆڵانەکاندا.

٥- هاندانی خەڵك بۆ بەفیڕۆنەدانی سامانی نیشتمانی بە تایبەتی ئاوو کارەبا، چونکە بەدەست هێنانیان کارێکی ئاسان نییە.

٦- ڕێزگرتنی پیر و پەککەوتە و کەم ئەندامەکان، چونکە ئەوانیش برامانن و ڕۆڵەی ئەم گەلەن، ڕێز گرتنیان وەفادارییە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە هەیان بووەو دەیان بێت لە بەرەو پێشبردن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

٧- بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی ناشتنی نەمام و نەبڕینی دارو درەخت و پارێزگاری کردنی، چونکە سوودی هەمە جۆری هەیە.

٨- پاراستنی هەموو دەستکەوتەکانی کۆمەڵگە وەك گلۆپ و وایەری کارەبا و تەلەفون و کەلوپەلی یاریگاو مەلەوانگەو سەیرانگەو شوێنە گشتییەکان و هەموو ئەو شتانەی تریش کە موڵکی هەموانە.

چالاكی:

١- مامۆستای بەڕێز داوا لە قوتابییەكانت بكە بابەتێك لە دەفتەری چالاكییەكانیاندا بنووسن دەربارەی (خوێندكار لە داهاتوودا بەشداری دەكات لە بنیاتنانی كۆمەڵگادا).

٢- خوێندكاری ئازیز وێنەی ئوتومبێلێكی ئاگر كوژاندنەوە پەیدا بكەو بیلكێنە بە دەفتەری چالاكییەكانتەوە.

٣- لە دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە قەڵاچۆی تاوان دەكەن وەك:

أ ب

٤- بۆ بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان خوێندنگاو دام و دەزگاكانی دەوڵەت، مامۆستا دەتوانێت داوا لە بەڕێوەبەر بكات كە میوانداری ئەفسەرێكی هاتووچۆ یان ئەفسەرێكی بەرگری مەدەنی بكات بۆ خوێندنگا، یان خوێندكارەكان ببات بۆ سەردانی دەزگای ئاگر كوژاندنەوە یان سەردانی دەزگایەكی شارەوانی.

پەیوەندی نێوان خوێندنگەو کۆمەڵگە

خوێندنگە ئەو دەمە دەتوانێت پێش بکەوێت و ئەرکی سەرشانی خۆی زۆر بە باشی جێبەجێی بکات کە پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا هەبێت کە خوێندنگەی تێدایە و پێویستە کۆمەڵگەش دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ خوێندنگەکە درێژ بکات و هاوکارییان بکات بۆ باشتر بەرێوەچوونی پرۆسەی خوێندنی رۆڵەکانیان.

زۆر لە کۆمەڵگەکان هەوڵ دەدەن کە پەیوەندی بەتین لە نێوان خوێندنگەو دایکان و باوکاندا هەبێت لە پێناو پەروەردەکردن و پێگەیاندنی خوێندکارەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

ئایا باشترین هۆکارو شێواز بۆ هێنانەدی هاوکاری لەنێوان کەس و کاری خوێندکاران و خوێندنگادا چییە؟

وەڵام/ بەستنی کۆبوونەوە یان کۆڕی لە نێوان مامۆستایان و بەخێوکەری خوێندکاران.

ئەم کۆبووەنەوەیە بۆ چ مەبەستێك ئەنجام دەدرێ؟

وەڵام/ ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١	بۆ زانینی پلەی پێشکەوتنی خوێندکاران.
٢	زانینی ئارەزووی خوێندکارەکان و سنووری تواناکانیان.
٣	ئاگاداربوون لە گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی خوێندکاران لە ماڵەوە و لە خوێندنگادا.

خوێندنگە وماڵەوە تەواوکەری یەکترن و خوێندنگا بە ئاسانی دەتوانێت پەیوەندی بە بەخێوکەری قوتابییەوە بکات ، بە پێچەوانەوەشەوە بەخێوکەری خوێندکارەکە دەتوانێت سەردانی خوێندنگا بکات ، هەواڵی ڕۆڵەکەی بپرسێت و چاوی بە بەڕێوەبەرو ڕابەری پۆل و مامۆستاکانی وانەکان بکەوێت.

ئەم کۆڕو کۆبوونەوانە هەموو ساڵێك لەگەڵ دەست پێکردنی خوێندندا دەست پێ دەکات و مانگی جارێك یان بەپێی پێویست کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی دایکان و باوکان و مامۆستایان یان لە ناو دەستەی مامۆستایان یان لەناو کەس و کاری خوێندکارەکاندا هەڵدەبژێررێت، لەسەرەتای ساڵدا خەڵکەکە بانگ دەکرێن بۆ خوێندنگا بۆ کۆبوونەوەو باس کردنی ئەو پلانەی کە ئەو ساڵە لەسەری دەڕۆن.

شایانی باسە لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی دایکان و باوکان و مامۆستایاندا گەلێك کاری بەنرخ و پرۆژەی بەکەڵك دێتە بەرهەم.

ئەو کارانەی ئەنجومەنی دایکان و باوکان و مامۆستایان جێبەجێی دەکات

١ـ لەسەرەتای ساڵی خوێندنی نوێدا دایك و باوکی خوێندکاران لە پرۆگرامی خوێندنگا ئاگادار دەکرێن تاوەکو وێنەیەکی ڕوونی خوێندنگاکەیان لەبەرچاو دابێت.

٢ ـ لە داهێنانی چالاکی نوێ بۆ خوێندنگا سوود لە تواناکانی باوکان و دایکان وەردەگیرێت.

٣ ـ هاوکاری کردن بۆ دەستنیشان کردنی کێشەکانی خوێندکاران و دانانی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان.

٤ ـ دابینکردنی هەندێ پێویستی خوێندنگا بێ ئەوەی لە بودجەدا پارەی بۆ تەرخان کرابێت وەك چاککردنی کورسی شکاو و بۆیەکردن و تەواوکردنی کەم و کورییەکان و پێویستییە جۆراوجۆرەکان.

٥ ـ سوود وەرگرتنی بەخێوکەری خوێندکار بە گوێگرتن لە وتاری بەڕێوەبەری خوێندنگاو مامۆستایان و خوێندکاران و کۆڕەکان ئاگاداری پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان دەبن.

٦ ـ هاوکاری کردن لە نێوانیان بۆ زاڵبوون بەسەر دیاردەی راکردن لە خوێندنگا و بە ئاگابوون و لە ڕەوشتی خوێندکاران و دڵنیابوون لە خۆیان و لە لەش ساغییان.

یاساو ڕێساکانی قوتابخانه

بریتییه له کۆمه‌ڵێك یاساو ڕێسا و ڕێنمایی په‌روه‌رده‌یی به مه‌به‌ستی ڕێکخستنی پرۆسه‌ی په‌روه‌رده‌یی. ئه‌و یاساو ڕێسایانه بۆ به‌هێزکردنی په‌یوه‌ندی نێوان خێزانی خوێندنگا دانراون، ئه‌م یاساو ڕێسایانه له‌لایه‌ن که‌سانی شاره‌زای په‌روه‌رده‌ییه‌وه ده‌رکراون، پێویسته له‌سه‌ر هه‌موو ئه‌ندامانی خێزانی خوێندنگا که په‌یڕه‌وی بکه‌ن و زۆر به وردی جێبه‌جێی بکه‌ن.

ئه‌و ڕێنماییانه شیاوی گۆڕانکارییه به‌پێی به‌ره‌و پێش چوونی زانست و به‌پێی فه‌لسه‌فه‌ی په‌روه‌رده‌ی وڵات که هه‌ڵقوڵاوی باروdۆخی کۆمه‌ڵایه‌تی خوێندکارانه‌و به گشتی له خزمه‌تی ئه‌واندایه تا به شێوه‌یه‌کی مۆدێرن سوودمه‌ند په‌روه‌رده بکرێن.

هه‌روه‌ها ئه‌و ڕێنماییانه له چوار چێوه‌ی چه‌ند یاساو ڕێسایه‌کی ڕێک و پێکدا داڕێژراوه‌و په‌یوه‌ندیداره به بواره‌کانی:

ده‌وامکردن	تۆماره جۆراجۆره‌کانی خوێندنگا	بڕوانامه

تاقیکردنه‌وه‌کان

ئەرك و كارەكان لە خوێندنگادا بە گوێرەی یاساو ڕێساكان دابـەش بـووە بەسەر:

بەڕێوەبەر	مامۆستاكان	كارگوزارەكان	خوێندكارەكان

بۆ ئەوەی هەریەكێ لەو ئەندامانە ئەرك و مافەكانی خۆی بزانێت ئەوا دەبێ پابەندی ئەو ڕێساو یاساو ڕێنماییانە بێت، بەڵام ئەگەر پشتگوێیان بخات تووشی لێپێچینەوەو بەرپرسیارێتی دەبێت.

بۆ ئـەوەی ئـەو ڕێساو یاسایانە لە ونبوون و لەناوچوون بپارێزین ئەوا دەزگا پەروەردەییە بەرپرسەكان هاتوون هەموویان كۆكردۆتەوە لە دوو تۆیی چەند كتێب و نامیلكەیەكدا چاپكراوەو دابەشیان كردووە بەسەر خوێندنگاكاندا.